عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

# پرسیارکردن لە تاریکی

## " لە هیچ دنیایەکەوە رەوانە نەکراوم"

هەولێر 2018

www.dengekan.com

لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری نما  زنجیرە (   )

ناوی کتێب: پرسیارکردن لە تاریکی " لە هیچ دنیایەک رەوانە نەکراوم"

بابەت: ناسنامەی ئەدەبی

نوسینی: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

تایپ: نوسەر

چاپی یەکەم: 2018

تابلۆی بەرگ: ئەنتۆنیۆ تاپێش

دیزاینی بەرگ: سەرکەوت وەلی

تیراژ: 500 دانە

چاپخانەی: شەهاب

**نرخ: 4000 دینار**

لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (84) ساڵی (2018)ی پێدراوە

## ناوەڕۆک


-پێشەکی........................................ 5
- نیگای هونەر........................................ 6
- چاوی شۆڕش........................................ 14
- نەخشی منداڵی........................................ 23
- خەیاڵی کتێب........................................ 29
- شۆڕشی نوێ، ئەدەبی بەرگری........................................ 39
- پرسیارکردن لە ڕۆمان و ڕۆمانی کوردی............. 47
- نیگای من و هەشتاکانی ئەدەبی کوردی.............. 57
- لە خوێندنەوەوە بۆ خوێندنەوە ..................... 67
- من و یەکێتی نوسەران.............................77
- من و ئازاد سوبحی وەک شاعیر........................ 91
- گۆڤاری سەراب سەراب.............................. 97
- نوسەر لە چەند دێرێکدا.............................. 106

# پرسیارکردن لە تاریکی

## " لە هیچ دنیایەکەوە رەوانە نەکراوم"

ناتوانین هەرگیز لە زمانێك زێتر بە کار بهێنین.

"دریدا"

ناتوانین هەر تەنها زمانێك بە کار بهێنین.

"عەبد ئەلکەبیر ئەلخەتیبی"

## پێشەکی

**رامبۆ: وەك دەزانین خۆشەویستی دەبێ لە نوێوە دابهێنرێتەوە.**

**قەسیدەی بەشێك لە دۆزەخ.**

**خوێنەری خۆشەویست ئەو دەقەی بەردەستتان یادەوەری نییە، چونکە گێڕانەوەی ژیانی کەسی نییە، وەك چەمکی یادەوەری داوای دەکات. ژیاننامە نییە، وەك ئەوەی لەسەر راستبێژی وەستا بێت، بەڵکو زمانێکی دیکەیە بەرانبەر زمانو لەگەڵ زماندا! نەك بەو مانایەی کە کاری چارەسەرکردنی یەکیەتی زمان بکات، بەڵکو بەو مانایەی کە زمان دەیەوێت.**

**بە هەر زمانێك کە (من) دەخەینە نێو رستەوە، یان یادی (من) دەکەینەوە، یان زمانی (من) ئاشکرا دەکەین... راستەوخۆ "من بیر دەکەمەوە"ی دیکارت ئامادەیی هەیەو (من) دەبێتەوە سێنتەری بیرکردنەوە. ئەو دەقە بە نیازە (من)ی دیکارتیو (من)ی گرامەرو (من)ی ئەدەبی بخاتە سەر خودی خۆی، یان سەر ئێمە... بیرکردنەوەیەك هەیە پێیوایە کۆی ئەو (من)انە لە رووە (سۆسیۆ- رۆشنبیری)یەکەی با جیاوازیش بن، هەر هاوشێوەن، چونکە کۆی ئەو (من)انە بە هەمان واقیعو دەروونو دیاردەوە بەندن، ئەگەرچی رێگای زمانیان هەمان رێگاش نەبێت... بە دیوەکەی دیکەش دریدا لە (ل 44) کتێبی (احادیه الاخر اللغویه) دەڵێت: هەر چۆنێ بێ گەڕان بە دوای چییەتیمان لە نێو زماندا، وەك مەسەلەی گەڕانەوەی بێکۆتایی سەیر دەکرێت.**

**بە کورتی دەمەوێ بڵێم (من) لەو دەقەدا بابەت نییە، بەڵکو دەکەوێتە نێو ئەزموونی زمانو ئەزموونی (سۆسیۆ- رۆشنبیری)یەوە، لەوێوە پەیوەندی بە جەوهەری (من) لە لەگەڵ زمانو زمانی ئەدەبییەوە دەبەستێت.**

**عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا**

**هەولێر** 2015/11/5

# نیگای هونەر

یەکێك گوتبووی ئەوەی زۆربەی وەرزەکان پانتۆڵێکی کاوبۆی شینو کراسێکی سپی و کلاٚشێکی سپی لە پێ دەکا، هەمیشە کتێبێکی بە دەستەوەیەو خـەیاڵی لێرە نییە، ئەوە موتەڵیبە؟! دەزانم سەرم لە نێو کتێبان دەجولێتەوە، بـەلاٚم وەك (ئەرستۆ)ی گەورە خوێنەری دنیا نا، خـەیالٚم بـەدوای گرتنـی گەردەلوولەوەیـە، بـەلاٚم (ریلکـە) نـیم! ئـەوە فیگـۆری ژیـانی رووتـی منـە بـە کەمـەکێك دەستکارییەوە، مرۆڤێك کە نەیتوانی خۆی بکوژێ، نەیتوانی ولاٚت جێبهێڵێـت، مرۆڤێك لە ناخەوە دژی دامەزراوی سیاسیو پیرۆزی ئیمانی داخراوو لەگەڵ شتە پەراوێزو بچوکەکاندا دێتەوە... هەموو ئەوانە بە تێپەڕینی رۆژگـار بـە هەنـدێ دەستکارییەوە بوون بە شیعر، شیعر پرسیار لە تاریکی دەکات، لە مـاڵی بـاران لەگەڵ با دەخەوێ... ئەوە منم دەنگەکان بە برێك لە دەستکارییەوە هاوسـەنگ دەکەم، ئەوە منم زەمەنێکە لە تەماشاکردنی ئاو دێمەوەو کتێبی دەریا لە (سان جۆن پێرس) دەخوازم.

لەسەرەتای حەفتاکان ماڵمان لە هەولێر گەڕەکی (کوران) سەرەتای جادەی ئەلبان لە قەسران جێگیربوو، چوار ماڵی بە تەنیشت یەكو بە یەك شێوە دیزاین کراو، خانووی کرێکارانی کارگەی ئەلبان... دیسان ئەوە سەرەتا نییە، بەڵکو سەرەتای شۆڕشی ئەیلول بوو، بە هۆی بۆمبارانی تەییارە سیخۆییەکانی رژێمی بەعسی ئەوسای عیراق بۆ سەر پێشمەرگەو دێیە سنورییەکانی حاجی ئۆمەرانو ئازادیو خەللان... دایکم و منی تازە لە دایکبوو لەگەڵ خەڵكو خوای ئەو ناوچەیە دوور لە باوکم کە ساڵی 1962 پێشمەرگە بوو، دەربەدەری ولاّتی ئێران دەبین. من لە ئێران بە (محەمەد) ناونوس کراوم، دیسان ئەوە یەکەمو دوا تامچێشتنی غەریبی نییە، بەلاّم دایکم خووی بە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەو ئەو ناونوسکردنە گرتبوو. بەر لە شۆڕش ماڵە باوانی دایکم کەوتبوونە گوندی خەللانی شێخ عەللائەدین... دەزانم تامی غەریبیو تامی کەبابی هەولێر بە ئاسانی هەستی چێژ وەرگرتنی مرۆڤ بەرنادات، بەلاّم هەر یەکەو وەك خۆی! منو دایکم دوای ئەوەی لە ئاوارەیی گەڕاینەوە، دوای ئەوەی باوکم چەکی داناو لە هۆتێلی (شیرین) -کە دەکەوێتە سەر قاوەخانەی (مەچکۆ)ی ئێستا- دەست بە کار دەبێت، ئیتر لە هەولێر لە گەرەکی (تەعجیل) نیشتەجێ دەبین... لە گەڕەکی تەعجیل بۆ تەیراوە بۆ جمهوریو بۆ حەساری عیزەدین ئاغاو بۆ خانوویەکی یەك ژووری کە سەر بە ماڵی (مونعیم محەمەد عەلی ئەفەندی) بوو، لە تەنیشت حەساری عیزەدین ئاغاو بەرانبەر ئاشی ئەحمەد جەلەبیو دواتریش بۆ گەرەکی کوران... ئێمە لە سەرەتای شەستەکان لە هەولێر نیشتەجێ بووین. دارشتنی ئەو هەواڵەم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە.

هێشتا سۆفییەکان گەڕەکی زانیاری و هەولێرییان جێنەهێشتبوو، من لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی وەرگیرام، بەر لەوەی ساڵ بە نیوە بێ، لەبەر دەرزلێدان بێ ئەوەی کەس هەستم پێبکات خۆمو خەیاڵی منداڵانەی سەرم، بە تەنیا لە پۆل

هاتینه دەرەوە، خۆمو ئەو جانتایەی دایکم بـۆی دروسـت کردبـووم بـەرەو مـاڵ بووینەوە، دایکم لێی پرسیم کە بۆ وا زوو گەڕامەوە؟ حیکایەتێکی دوورو درێـژم لە مێشکمدا ئامادە کردبوو، کەچی بە یەك رستە گوتم: لەبەر دەرزی لێدان.

دوای ئـەنفال تـازە بـە بریـاری لێبـوردنی دوو سـایدی (367)و (737) 1988/9/8 پەیوەست بە لێخۆشبوون لە پێشـمەرگەو سـەربازانی هـەڵاتوو و پاشـکەوتوو...وەك پاشـکەوتووی سـەربازی دوای دڵ لـە دڵـدانو ململانێـی دەروونیو نیگەرانییەکی زۆر لەگەڵ (سەردار سـنجاوی) خۆمـان رادەسـتکردەوە کە رەوانەی سەربازگای کەرکوك کرام، لەوێ لە نێو ئەو هەموو سـەربازانەی کـە نۆرەیان بۆ خوێنبەخشینی شەڕی عیراقو ئیران گرتبوو، رامکرد، کەس پرسـیاری ئەو خۆدزینەوەیەی لێنـەکردم، زۆرانـی وەکـو مـن لەوانـەش (رێـدار ئـەنوەر)و (دلشاد خدر)و (حـاکم شـێرزاد).. خۆیـان لـەو خوێنبەخشـینە دزیبـۆوەو ئـیتر لەدووری خوێنبەخشەکان بەرە بەرە تێکەڵی قسان بووینو خوێنبەخشینمان لەبیر چۆوەو کەوتینە نێو باسی ئەدەبو هونەرەوە.

ئەدەبو هونەر وەك یادەوەری سـەرەتاو کۆتـایی نییـە، فینـۆس خواوەنـدی هونەرو جوانیو ئەپۆلۆ خواوەندی شیعر دەکەوێتە ناخی مرۆڤایەتییـەوە، نـاخی تەمومژاوی، رۆناكو تاریکیی سەدەکانو ئومێدو نائومێدیو سەرکەوتنو دۆڕانە لە بنەهاتووەکان...

لە باسی وێنەکێشانو گوناهەکانی وێنەکێشان هەمیشە لە ماڵەوە داپـیرەم-دایکی باوکم- کە خەڵکی مهابادی رۆژهـەڵات بـوو، دەیگـوت رۆڵـە لـە رۆژی دوایی دەبێ رۆح بە بەر ئەو وێنانە بهێنی، بڕوایەکی رەهای بەو قسەیە هـەبوو، خودا لەسەر ئەو روخسارە دەستکردانە سـزای خـۆی دەبێـت! ئـەو بیرکردنـەوەو دنیابینییە لەوێوە هاتووە کە تەنها خودا خالقە و هـەموو کارەکـان تـەنها ئـەو دەتوانێ خاوەنییان بێت!! بیر لەوە بکەرەوە رەنگە خودا دەستو پەنجەی رەنگینی (ئـەزمیل فیـدیاس) پەیکەرتاشـی گریکـی، یـان (جـەواد سـلیم)و (شـاکر

ئالسەعید)و (محمەد عارف)و...خۆش بێت، بەلاّم منی دەستو پـێ سـپی چـۆن دەبەخشێ؟! منی منداڵ بێ پەروا کاغـەزی سـپیم بـە رەنـگو نیگارەکـانم پـڕ دەکردەوەو لە بری یاری مندالاّنـە لـە قـوڕی دەسـتکردو خـودا کـرد پەیکـەرم دەنەخشاند، ساڵی 1974 لە پـۆلی چـوارەمی سـەرەتایی پـێش ئـەوەی نـاوی قوتابخانەکەمان لە بابەتاهیری هەمەدانییەوە ببێتە بابەتاهیری سەرەتایی کـوڕان، بەهرەی وێنەکێشانم لە پێشانگای قوتابخانەکان لە قوتابخانەی (ئـیبن مسـتەوفی) نیشاندا! مامۆستا (صدیق رەواندوزی) یەکەم کەس بوو، کە ئـەو بەهرەیـەی لـە مندا دۆزییەوە، ئەگەرچی ئەو مامۆستای وێنەکێشـان نـەبوو، بـەلاّم بـەو بـالاّ درێژو بەو سیسەیەوە مەیلێکی زۆری بۆ ئەو هونەرە هەبوو، لـە رێگـای وێنـەوە وانەکانی دەختە مێشکی قوتابیانییەوە. مـاڵی مامۆسـتا صـدیق رەوانـدوزی دەکەوتە گەڕەکی زانیاری‌و ئەوبەری قوتابخانەکەمان‌و ئەوبەری شەسـت مـەتری، کەچی ماڵی مامۆستا (قەرەنی ئەسوەد) راستەوخۆ لە پشت قوتابخانەکەمانـەوە بوو، مامۆستا صدیق رەواندوزی کوڕێکی بە ناوی دلێر هەبوو سـاڵێك لـە پـێش ئێمەوە بوو... من هەر لە پۆلی سێیەمی سـەرەتاییەوە هەفتانـە ئـەو وێنانـەی دەمکێشان لە رێگای مامۆستا صدیقەوە بە تابلۆی ئاگادارییەوە هەڵدەواسـران‌و وێرای ئەو وێنانەی من دەمکێشان وێنەکانی (دلێـر صـدیق)و (فەیسـەڵ سـەید عوسمان)... هەڵدەواسران.

ئەوەی فێری ئەلف و بێی کوردی کردم هەر خەتخۆشی مامۆستا جەبار یاسـین نـەبوو، بـەڵکو سـەلیقەی بەدواداچـوون و دڵسـۆزی ئـەو بـوو بـۆ جوانووسـی‌و رازاندنەوەی پیتەکان، هەر پیتەی بە رەنگێ دەنەخشـاند، پیتـەکان بـە منـدالاّن پێدەکەنین، سنوری نێوان خەیاڵی مندالاّنەی ئێمەو چیرۆکی پیتـەکانی مامۆسـتا جەبار یاسین رۆژ بە رۆژ لە گەشە دابوو، هەموو پیتێکی بە ژیان دەچوواند، هەر کە ئەو شتە زیندووانەمان لە دەرەوەی قوتابخانە دەبینی پیتەکانمان بیر دەهاتەوە،

بـیری منـداڵی ئێمـه لـه نێـوان پیتـەکانی مامۆسـتا جـەبارو پیتـەکانی ژیـان دەدرەوشایەوە، لە نێوان پیتە سپییەکانی مامۆستا جـەبارو کـۆترە سـپییەکانی (ئەحمەد)ی هاوڕێم لە شەقەی باڵمـان دەدا، هـەرگیز (ی)ای مـراوی‌و (ن)وونـی مەنجەڵی چێشتم بیر ناچێتەوە، هەرگیز ماڵە قوڕینەکەی ئەحمەدی هاوڕێ‌و کۆترە خەمگینەکانیم لە بیر ناچنەوە، مامۆستا جەبار تەمەنێکی بەسەر برد، ئەحمەدی هاوڕێم هەر تەنها ساڵێك لە پۆلی یەکەم‌و لە هاوینی ساڵی دووەم بـە نەخۆشـی کۆچی دوایی کرد، ئەو کۆترە سپییەم هـەرگیز بـیر ناچـێتەوە، وەك چـۆن هـەتا ئێستاش خشتەی لێکدانم بیر نەچۆتەوە، ئەو وانەیـە مامۆسـتایەکی خنجیلانـەو وریاو چاپووك پێیدەگوتین ناوی مامۆستا (عەبـدولقادر) بـوو، مـاڵی مامۆسـتا عەبدولقادر هەر بە ڕیزی قوتابخانەکەمان‌و لە تەنیشـت مـاڵی مامۆسـتا جـەبار بوو، مامۆستا عەبـدولقادر ئەوەنـدە سـوور بـوو لەسـەر دەرخکردنـی خشـتەی لێکدان، بڕوا ناکەم منداڵێك هەبێ‌و لای ئەو مامۆسـتایە خوێنـدبێتی خشـتەی لێکدانی بیر چـووبێتەوە، مامۆسـتا عەبـدولقادر بـە خـۆی‌و دارە قووتیلەکـەی ئەوەندە بە پەلە جارانی لێدەپرسینەوە نەماندەزانی چۆن لـە نێـوان پرسـیارێك و پرسیارێکی دیکە دەمی دەگاتەوە یەك، وەك چۆن بە پەلە دەیپرسی بـە پەلـەش دارەکەی دەستی لێدەوەشاندین، گرنگ نەبوو بەر کوێمان دەکەوێت! ئـەو لێدانـە ئەگەرچی بۆ ئێمە بە تایبەتی زستانان بە ئازار بوو، بەلاّم دەرچوونیش لەو دارانە چێژێکی زۆری پێدەبەخشین.

لە سنور بەدەر چێژم لە وانەی هونەری وێنەکێشـان دەبینـی، ئەگـەر کـۆترە سەرکێشەکانی مامۆستا قەرەنی لە حەوشـەی قوتابخانـە هەڵبنیشـتبان‌و وانـەی نیگارمان هەبایە، ئەوە مامۆستای وانە بیری بۆ وێنەکێشانی کۆتر دەچـوو، یـان وێنەی ئەو پشیلانەی خۆیان لە کۆترەکان دادەنوسـاند، زۆرجـاریش وێنـەی ئـەو دارو گوڵ‌و مەرکانانەمان دەکێشـا، کـە لـە حەوشـەکە دەکەوتـە بـەر سـێبەری چاومان. بەلاّم نە وێنەی کۆترەکانی ئێمـەی منـداڵ لـە کـۆتری (زاجـل)ی نێـو

حیکایەتی جوگرافیاو مێژووی مامۆستا قـەرەنی دەچـوو، نـە پشـیلەکانمان لـە پشیلەی (شیرازی) دەکرد...وێنەکێشان لە مـاڵو لـە قوتابخانـە بەشـێکی زۆری خەیاڵو ژیانی من بوو، مامۆسـتای وانـەی نیگارکێشـانمان (نەشـئەت سـەفار) پیاوێکی هێمنو بێدەنگ بـوو...زۆر لـە مامۆسـتایانی دیکـەش بایـەخیان بـە وێنەکێشانو چالاکی قوتابخانەکان دەدا، لەوانەش مامۆستای ئینگلیزی (عـەزیز بەرخول) زۆرجار منی بۆ ژووری مامۆستایان بانگ دەکرد تـا وێنـە بـە رەنگـی زەیتی بکێشـم، مامۆسـتا عـەزیز هـەموو جارێـك كـە لـە وانـەی ئینگلیـزی لە(جەباری کوڕی مەلا هەمزە) تووڕبایە پێی دەگوت خەڵك گووی لە نێو مانگ کرد، تۆ تازە دەڵێی ئەی مانگ منو تۆ هەردوو هاودەردین...جـەبار دەیگـوت من شاعیرم..بەدران حەبیب میرانو جەبار هەمزەو محێـدین...بـێ ئـەوەی شـەرم بکەن، لە کاتی ریزبوونی قوتابیانی قوتابخانە دەچوونە ناوەڕاستی گۆڕەپانو دوای هەڵکردنی ئالاّی نیشتمانی رۆژی پێنجشەممان لەبەر دەمی مامۆستا و بەڕێوەبەر وەك (تاهیر تۆفیق) دەستیان بادەداو شیعری داری ئازادی بە خـوێن ئـاو نـەدرێ قەت بەر ناگرێ و ئەی وەتەن مەفتوونی تۆمو... دەخوێندەوە. مامۆستا عـەزیز بەرخول پیاوێکی تێکسمڕاوی سوور و سپی بوو، یەکێك بوو لە نەیارانی رژێمـی ئەوسای بەعسو کاتێك کودەتایەکەی (محەمەد عایش) ئاشکرا بوو، ئـەو ولاّتـی جێهێشتو بۆ ئەمریکا هەلاّت. ئاداری 1974 سـاڵی بـەرخودانو هەڵچـوونو هەلاّیسانی تووڕەییو خەباتی کوردایـەتی بـوو، سـاڵی بـوێرییو چاونەترسـیو جەسووری، ساڵی یاخیبوونو بـەرەو چـیابوونەوەو کۆڵنـەدان... مـن لـە پـۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم، کە شـۆڕش گـڕی گـرت، لـە زۆربـەی مـالاّن بڕینـی زیندانی حەرەس قەومیو چوونە چیای پۆلیسانو یـاخیبوونی گـەنجان... چـرپەو باسی زۆری بەدوای خۆیدا دەهێنا. لەو مامۆستایانەی کە شۆڕشیان بـە گـەرمی وەرگرتبوو مامۆستا قەرەنیو مامۆستا (ئەحمـەد)و مامۆسـتا (زرار)ی کـوردی

بوون...بزر بوونو هەندێ لە قوتابیان دەیانگوت چووینە سەرێ، بەلاّم ماوەیەك ونبوونو گەڕانەوە...ئەوسا بەڕێوەبەری قوتابخانەمان (ناصح داود ئەیوب)، هەتا بڵێی لەسەرەخۆو هێمن بوو، مامۆستا عەبدولقادری بیرکاری جێگری بوو. فەراشی قوتابخانەکەمان ناوی (عەباس ئەبو شوارب) بوو، بەخۆیی بە قەلاّفەتی تووند تۆڵو بە پایسکیلە حەدبا شینەکەی یەکەم کەس بوو دەرگای قوتابخانە بکاتەوەو دوا کەسیش بوو لە داخستنی. مام عەباس پیاوێکی قسە خۆش و لەبەر دلاّن بوو. بەشێکی زۆرمان کە زوو بۆ قوتابخانە دەهاتین لەخۆشەویستیمان بۆ وانەکان نەبوو، بەڵکو دەمانویست لەگەڵ یارمەتیدانی مام عەباس گوێمان لە قسە خۆشەکانیشی بێت. مام عەباس بە (خەلیل یابە)و جەباری مەلا هەمزەی دەگوت بۆ ئەوەی پرچتان وەك قژی (کامەران حەمە ساڵح)و (ئارام ئیسحاق)..نەرم بێو بتوانن بەئاسانی دایبهێنن، پێویستە شەوانە دۆشاوی لێبدەنو بەیانی کە هەڵسان بەئاو بیشۆنو ئینجا تەماشاکەن لە قژی عەبدولحەلیم حافز جوانتر دادێت..ئەوسا زەمەن زەمەنی فەرید ئەترەش و عەبدولحەلیم حافز و ئوم کلسومو فاتن حەمامەو سەمیرە تۆفیق بوو، زەمەنی محەمەد گۆرانو نەسرین شێروانیو عائشە شانو محەمەد عارفو عیسا بەرواریو تاهیر تۆفیق..بوو، زەمەنی عەدنان قەیسیو جۆنلیزو شێرۆ خەلیلو نەجات تۆریی..زەمەنی فیلمی هیندیو میسریو کاوبۆیی..زەمەن زەمەنی فرسانو پێشمەرگەو مەلا مستەفای بارزانی بوو. هەمیشە شتێك هەبوو دلاّنی خۆش دەکرد و هەندێ لە باوكو دایکانی تا رادەیەکی زۆر شاد دەکرد ئەویش دەنگی کوردستانی عیراقو تۆپە تەییارە شکێنەکانی شۆڕشو پێشمەرگەو چیرۆکەکانی ئێزگەی تارانو دەنگی زولاڵی کاوێس ئاغا...بەلاّم ئەوەی کە زۆرێك لە دلاّنی پەست دەکرد، گیرانو راوەدوونانی کوردو فرمێسکی دایکانو هەناسە حەسرەتیەکانی داریوش بوو، پێشمەرگەو داریوش ئەگەر بە ریشیش

نەگەیشتبانەوە یەك، ئەوە بە خەم و حەسرەتەکانیان بە یەك دەچوون، حەسرەت روخساری زۆربەی منداڵانیشی لێڵ کردبوو.

شۆڕش ماڵی زۆرانی کاول کرد، زۆرانی دووچاری گرتن‌و چەرمەسەری‌و ئازارو راوەدوونان کرد، زۆرێك لە منداڵانی بێ باوك‌و خوشکانی بێ برا کرد، شۆڕش قوربانی زۆری لەدوای خۆی جێهێشت، بڕوا ناکەم هیچ ماڵە کوردێك هەبێ‌و قوربانی پێشکەش شۆڕش نەکردبێ، شۆڕش زۆر رەمزی دروست کرد، زۆر رەمزی تێکشکاند، زۆر بێ تاوانی کردە تاوانبار، زۆر تاوانباری کردە شۆڕشگێر، چیرۆکی زۆری هێنا ئاراوە، خەیاڵی زۆری هەڵفڕاند... شۆڕش هەرەسی هێنا!

شۆڕش هەر تەنها بە شوێن گۆڕینی دەسەڵاتەوە نییە، بەڵکو پرۆژەی جۆراوجۆری مرۆیی لە خۆدا هەڵگرتووە، شۆڕش لەسەر پاشکۆیەتی رۆنانرێ، بەڵکو دەبێت لە دۆخێکی شۆڕشگێڕانەدا بژی، شۆڕش‌و هەڵچوون لێرەدا لێکجیا دەبنەوە، بەڵام هەتا ئێستاش کەس بیری لەو هەموو شکستە مێژووییانە نەکردۆتەوە، کەس نەهات شۆڕش‌و پاشکۆیەتی بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کەس نەهات راپەرین‌و هەڵچوون لێکجیا بکاتەوە، هیچ شۆڕشێك لە دنیادا نابینی هێزی کۆنەپەرست و هێزی بێگانە رابەرایەتی بکات و سەرکەوتن بۆ گەل بە دەست بهێنێت... شۆڕش هەرەسی هێنا!

## چاوی شۆڕش

ئەرستۆی فەیلەسوف لە کۆنتێکستی شۆڕشی سیاسی دوو فۆرم دەستنیشان دەکات، یەکەمیان شۆڕشێك کە تەواوی دەستور دەگۆڕێت، دووەمیان دەستکاریکردنو راستکردنەوەی ئەو دەستورەی کە هەیە. ئەو دوو فۆرمە لە بوارە جیاوازەکانی فیکرو مەعریفەدا گۆڕانکاری زۆری بە خۆیەوە بینیوە... دوای جەنگی دووەمی جیهانی زۆرێك لە شۆڕشەکان ئامانجی خۆیان لە گۆڕینی سیستمی حوکمڕانیو لەسەربەخۆییدا دەبینییەوە، مارکسییەکان چەمکی شۆڕشی پرۆلیتارییان برەو پێدا، شۆڕشی ماوتیستی تۆنگ 1949، شۆڕشی کوردی 1974 بە دروشمی کوردستان یان نەمان... شۆڕشی گەلانی فڕەنسای 1789 و شۆڕشی بۆلشێفیك 1917، شۆڕشی ئەوروپای رۆژهەلاتی 1989 شۆڕشی پرتقالی ئۆکرانیا لە 2004 ...

نابێ بیر لە تێکدانی دنیاو شۆڕشو یاخیبوون بکەینەوە، بەلاّم ئەوەی ئەمڕۆ بۆ شۆڕشمان دەگەڕێنێتەوە، شتە بچوکەکانە نەك حیکایەتە گەورەکان، جیاوازییە نەك پەیوەستبوون...مرۆڤبوونە، مرۆڤبوون زێتر بە شۆڕشمان دەبەستێتەوە، زێتر

له پرسی چەوسانەوەو ئـازادی...مرۆڤـی شۆڕشـگێر بـەرگری لـە دادپـەروەری دەکـات، شـۆڕش پێویسـتی بـە بـەرگری نییـە؟! نادادپـەروەری دیـارە، بـەڵام دادپەروەری تەمومژاوییە، وەك چۆن تاریکی ئەو کاتە ئامادەیـە، کـە رۆنـاکی نائامادەیە! دادپەروەریش جگە لە ونبوونی نادادپەروەری شـتێکی دیکـە نییـە! شۆڕش دیارە وەك ئەوەی هەیە، شۆڕشیش ئەو کاتە بوونی هەیە کە مرۆڤبوون و دواتر ئازادی و خودی دادپەروەری... لە لێوی مەرگ نزیکترن، نـەك لـە دەمـی ژیانو گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ژیان! کەواتە مرۆڤی رۆژهـەڵاتی مەحکومـە بەوەی لە نێو شۆڕشدا بژیت، هەمیشە شۆڕشیش لە رۆژهەڵات ئەوەیە کە هەیە، هەمیشە شۆڕش لە رۆژهەڵات جۆرێکە لە یاخیبوون، چونکە بەشێکە لە واقیـع، ئەو قسەیەم پەیوەستە بە کۆمەڵگای تۆتالیتارییـەوە، پەیوەنـدی بـە حیکایەتـە گەورەکانی وەك ئیسـلامیزمو مارکسـیزمو ناسـیونالیزمدایە، ئـەگینا شـێوازی تێگەیشتن و ماناکـانی یـاخیبوونو شـۆڕشو شۆڕشـگێری بـە پێـی مەعریفـەو زەمەنەکان دەگۆڕێـت، نموونـەی دادپـەروەریو نادادپـەروەری، نموونـەی شـەو و رۆژ...ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بە بێ گۆڕانو جیاوازی یان دابڕان، هیچ کـات لەوەی هەیە تێناگەین، بەو مانایەش بەشێکی گەورەی جیاوازی لەسەر پەیوەندی ئامادەو نائامادە دروست دەبێت، لەسەر بە رەمزکردن دەگۆڕێت، جیاوازی بە بێ ئەویدیکە بوونی نییە، ئەویدیکـەش لـە تاکبوونەوەیـە، تـاکبوونیش لێـرە، لـە ئێستادایە!

سەدەی بیستەم سەدەی شـۆڕش و یاخیبوونـە گـەورەکان، سـەدەی شـۆڕشو یاخیبوونە جۆراوجۆرەکان، سەدەی هیتلـەرو سـتالین، سـەدەی شۆڕشـی روسـیاو چینو فێتنام، سەدەی شۆڕشی کاندێنسکی لە شێوەکاری و چـاپلن لـە سـینەماو فرۆید لە شیکردنەوەی دەروونیو ئاینشتاین لە فیزیاو کافکا لـە رۆمـان...مـن قسە لە تۆڵەی خوداییو دەستێوەردانی مرۆڤ بۆ سروشتو شەڕی نێوان ئـەخلاقو

زانستو جڵەوکردنی زێدەڕۆیی گەشەی دانیشتووانی گـۆی زەوی و شــەڕی نێــوان چاکسازی و گۆڕانی ریشەیی ناکەم... تۆ لە وێنــەکانی مارکســیزم هــەر تــەنها کۆمەڵێك دیکتاتۆری وەك (ستالین) مەخە پێش چاوی خـۆت! مارکســیزم وەکـو بیرکردنەوەو دنیابینیو وەك پێویستی کار کردن شــتێکەو وەکـو پێشــبینیکردنی سیاسی شتێکی دیکە... ئەگەر لە ئیسلامیزم سەیری بنــەماکانی توونددوتیــژیی بکەین، دەبێ بۆ بەزەییو سۆزی ئیسلامیبوونی دایکمــانو خـۆ دزینــەوەیان لــە زەبری دوارۆژو ترسی نادیار، تەفسیرێکی گونجـاو بدۆزینــەوە؟! ئــەویش ئەوەیــە ترس بێ باوەڕی دەخاتە سەر باوەڕێك! گەنجەکان لە پێناو ئومێدەکانیان دەژیــنو پیرەکان بۆ بڕواکانیان...ترسی نادیار ونمان دەکات، تاریکیو نادیــاری، نــەبوونی دڵنیــایی لێدەبێتــەوە، ئــەوە تاریکییــە هەســتکردن بــە تــرس دەبزوێنێــت... ناسیونالیزمو نیشتمانپەرستی لەبــەر خــاتری (هیتلــەر)و (ئــەتاتورك)و (ســەدام حوسێن) نییە، دەکەوێتە دواوە... بەڵکو لەبەر ئەو دیوارەیە کە بە دەوری خۆیدا دروستی دەکاتو لە ئەویدیکەی جیاواز خۆی جیا دەکاتەوە! هەر لەبــەر ئەوەیــە (کریشنا مۆرتی) پێیوایە رۆحــە تــەریکخوازەکان تــەنها لەگــەڵ نیشــتمانەکەی خۆیان یەکسان دێنەوەو هەمیشە ئەویدیکەی جیاواز دەخەنە دەروەی خۆیانــەوە، مرۆڤی ناسیونالیزم و نیشتمانپەرست هــەرگیز ناتوانێــت برایــەتی گــەلان بــەدی بهێنێت، ئەو رۆحانــە هەمیشــە مەســتی دەســەلاتو پــەڕگیریین، ناســیونالیزمو نیشتمانپەرست لە نێودژییدا دەژین...من نامەوێ گشتگیرانە بیر بکەمەوەو یەك رووی حیکایەتە گەورەکانو تیژەکــانی بخوێنمــەوە، مەبەســتم نییــە فۆرمــەکانی شۆڕشی کلاسیك و شۆڕشگێری گشتگیرو رۆحــە پــەڕگیرەکان لــە دوکانــە کۆنــە دارزاوەکــانی رابــردوو بهێنمــە دەرەوەو دووبــارە وەك کالاێــەکی نــوێ لــە سوپەرمارکێتەکان پێتان بفرۆشمەوە! بەلاّم ژیان وایە، حەقیقــەت ئــەو چرکەســاتە کار دەکات، کە ئێمە لە نێو سیستمی رەمزییەداین...ئەوەی هــەموان دەیــزانین ئەوەیە کــە هەمیشــە ســامانی شــۆڕشو ســووتەمەنی شــۆڕش خۆیــە (self)!

هەمیشە رۆحە پەڕگیرەکان تەریکخوازن و ئەویدیکەی جیاواز رەتدەکەنەوە... مەبەستم نییە جوتیارو کرێکار لە فۆرمی شۆڕشی کۆمۆنیستی تەرجەمەی سەر میللەتو گەل، لە فۆرمی شۆڕشی کوردی یان یاخیبوونی کوردی بکەم، نەك لە بەر ئەوەی گونجاو نییە، پرسیار ئەوەیە مایەی تێگەیشتنە یان نا؟! ئایا ویستی برایەتیو ئازادیم هەیە یان نا، ئایا بەرانبەر کردەکانم بەرپرسیارم یان نا؟! مەبەستم ئەوەیە کە شۆڕش تەنها یەکجار روونادات، فیکری شۆڕشگێری هەر دەمێنێ، شۆڕش بەردەوام گۆڕینی ئەگەرەکانی ژیانە بۆ هێزی زیندوو... بەشێکی زۆری شۆڕشە کلاسیکەکان لە لادێوە سەریان دەرهێناوە، بەلاَم (لینین) و (بلیخانۆف)...چینی جوتیاریان بە وردەبۆرژوا دادەناو بەرنامەی کشتوکاڵییان بە پێشکەوتنی بۆرژوا دەزانی.. بەشێکی گەورەی سوتەمەنی شۆڕشی کوردی خۆ بوو، نەك میللەت، بەلاَم بەو مانایە نییە، کە میللەت خۆی نییە؟!

قسەی بە ناوبانگی (کارل مارکس) ئەوە بوو: "بیرکردنەوە کاتێ دەبێتە هێزێکی مەتریالی بەرفرەوان کە جەماوەری خۆی هەبێت." ئەو قسەیە بەشێکی گەورەی پەیوەندی گشتگیرانەی نێوان رۆشنبیر و جەماوەر نیشان دەداتو بە دیوەکەی دیکەش جەخت لە فیکری تۆتالیتێر دەکاتەوە... شۆڕش هەرەسی هێنا! ئەگەرچی رستەیەکی ئیشکالییە، بەلاَم بەشێکی ئەو قسەیە لەوێوە دێت، کە زۆرجاران شۆڕش بە گەیشتنە دەسەلاَت و فۆرم وەرگرتن، وزە ناوەکییەکانی خۆی دەدۆڕێنێ، هەمیشە جەماوەر بەلاڕێدا دەبردرێت، چەمکی شۆڕش لەو فۆڕمەدا چەند لە ساتەوەختی هەڵگیرسانی دوور بکەوێتەوە، ئەوەندە کاڵ دەبێتەوە، شۆڕش لەو فۆڕمەدا ئەوەندە کاڵ بۆتەوە، هەتا وەك رزگاربوونیش لە ستەمکاری کەمترین قسە لەگەڵ خۆی نابا؟! چەمکی پابەندبوون (ئیلتیزام) وەك چەمکێکی سیاسی، مارکس لە رووی چینو توێژی کۆمەلاَیەتییەوە بڕوای پێهەبوو، لە بەرانبەر چەمکی (هەڵبژاردنی ئازاد)ی فەلسەفەی لیبرال کاڵ

بۆتەوە... ئەوەی ماوەتەوە لە بارەی چەمکی پابەندبوون کەمەکێك لە قسەکانی سارتەرو راپەڕینی 1968ی فرەنسایە، لە بارەی ئـازادیو چەوسـانەوەو سـتەمو کۆمەڵێك مەسەلەی دیکەی مرۆییەوە... شۆڕشی سیاسی لـە رۆژهەڵاتـدا هـەر ئەوەیە کە هەیە، لە یەك کایەوە سەر دەردێنێت، زۆری لە بنەو زۆریشی لە پـاڵ دەکرێ... ئەوەی دوایـی قسـەی ئـەو شۆڕشـگێرانەیە کـە کەمـەکێك بـە چـاو کراوەییەوە لە شۆڕشـییان دەڕوانـی! بـە دیوەکـەی دیکـەش بەشـێکی گـەورەی ئیشکالیەتی دەستەواژەی (شۆڕش ئەوەیە کە هەیە) خۆی لەسەر کۆتایی هـاتنی سەردەمی رابردوو هەڵچنیووە! لەسەر بەردەوامی ئەگەرەکان دەژی، ئەمڕۆ قسـە لە ژیانێکی دیکەی نەبیستراو و کەشف کـراو دەکـرێ، کـە لـە پێشـبینیکردنی داهاتوو دەردەکەوێت، لە پێش چاو گرتنی داهاتوو هونەرێکی نوێیـە، سیسـتەمو پانتاییەکی نوێی زمان پێشنیار دەکات... شۆڕش لە نێو کتێبەکانی رۆژهەڵاتدا دەمێنێتەوە، چاوی شۆڕش لە رۆژهەڵاتدا پـێش خـۆی نـابینێ، شـۆڕش لەسـەر زمانان هەرەسی هێنا!

(رێکەوتنی جەزائیر) لە 1975/3/6 لە نێـوان (سـەدام حوسـێن)و شـای ئێران (محەمەد رەزا پەهلەوی) و بـە ئامـادەبوونی سـەرۆکی جـەزائیر (هـەواری بۆمیدیان)و شای ئۆردنی (حوسێن ئـیبن تـەلاڵ )و وەزیـری ئـەمریکی (هینـری کیسەنجەر) شۆڕشی کوردیی، کوردستان یان نەمانیان دووچاری نسکۆ کرد، لـەو رێکەوتنەدا سەدام حوسێن بۆ هەرەسپێهێنانی شۆڕشی کوردی دەستی لە چەندین کلیۆمەتری خاکی سنوری کوردستانی عێـراق بـۆ شـای ئێـران هێنـاو وازی لـە بەشێکی گەورەی (خەلیجی عەرەبی) هێنا... پـاش 6ی ئـاداری 1975 دوای ئەوەی هـەموو رێگاکـان داخـران، شۆڕشـی کـوردی هەرەسـی هێنـا!! فیکـری یـاخیبوون، خـەیاڵی شۆڕشـگێری هـەر مـاوە، مـن قوتـابی پـۆلی پێنجـەمی سەرەتایی بووم، شۆڕشی کوردی هەرەسی هێنـا، بـەر لـەوەی شـۆڕش هـەرەس بهێنێ، شەوانە بە دەنگ بۆ دایكو باوكو داپیرو باپیرم چیرۆکی رۆسـتەمی زاڵـم

دەخوێندەوە، گوێمان لە چیرۆکی بێژەن‌و مەنیژەی رادیۆی تاران دەگرت، ئێواران باوکم لەسەر سەوزایی فریزی بن دارە مێوی حەوشەکەمان حەسیرێکی رادەخست‌و کاسێتی دەنگی حەسەن حەیران و کاوێس ئاغاو محەمەد عارفی بەرز دەکردەوە، بەو هەموو خشە خشەوە گوێمان لە رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق دەگرت...

بەر لەوەی شۆڕش هەرەس بهێنێ، ئێوارەی زستانێکی درەنگ سێ لە کرێکارانی کارگەی شیر لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە راپێچکران، منی بێ خەبەر لە رێگای قوتابخانە دەهاتمەوە و بە دڵێکی خۆش بەسەر ئەو گردانەدا هەڵبەزو دابەزم بوو، کە دەمێك بوو لە گەڕەکی کوران کورەچییەکان بۆ کورەکانیان خۆڵیان لێهەڵئەدەکەندو کۆمەڵێك کەندو کۆسپ و گردی بەجێماوبوون، لە دوورەوە بینیم سێ پیکەبی رەش لە پێش ئەو چوار خانووە وەستا بوون، کە پێیاندەگوتن قەسران، هەرکە گەیشتمە بەر دەرگای ماڵی خۆمان، وەك جاران نەموێرا لە دەرگاوە جانتاکەم پەلاری ژوورەوە بکەم، نەمتوانی بچمە ناندین‌و پارچەیەك نانی تیری کەمەکێك تەڕ بکەم‌و شەکری بەسەردا بکەم و بە دزی دایکم بە لەزەتەوە بیقرتێنم... ماڵ شێواو دیار بوو، ژنانی دەرو دراوسێ لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان سەیری ئەو چوار ماڵەیان دەکرد، من بە هەر دوو چاوم بینینم دوو کەس باوکمیان بە بەرگی کارەوە لە ماڵ دەردەهێناو نەنکم بە گریانەوە بە دوایانەوە بوو، یەکێك بە خەم ساردییەوە پێیگوتین: هیچ نییە پێنج دەقیقە لە دائیرە کارمان پێیەتی‌و بە خۆمان دەیهێنینەوە.

ساڵ بە ساڵ کتێبە رەش‌و سپییەکانی قوتابخانە دەگۆڕان، شۆڕش لە نێوان شەوو رۆژێکدا هەرەسی هێنا! مامۆژنم بە خۆی و کوڕێکی نزیك لە تەمەنی من‌و کچێکی کە سێ مانگ دوای شەهید بوونی مامم لە دایك ببوو، بە خەم و کەسەرەوە لە گوندی (گرتك)ەوە گواستیانەوە ماڵی ئێمە لە گەڕەکی کوران...

مامم لە ساڵی 1974 لە گەرمەی شۆڕش لە چیای (کۆڕەك) بە تۆپی بەعسییان پێکرا، ئەو تۆپانەی لە چیای (سپیلك)ەوە جێگیر کرابوون‌و دەیانگرتنە پێشمەرگە... مامۆژنم ژنێکی تا بڵێی کاراو چالاك بوو، دایکێك بوو لەگەڵ ئێش‌و خەمی منداڵەکانی مایەوە، من لە دڵەوە مامۆژنم خۆشویست... پێش ئەوەی چاوی شۆڕش بڵێسە بدات، هاوین بوو من‌و باوکم بۆ سەردانی ماڵی مامم چووین بۆ گوندی گرتك، هەر گەیشتین مامۆژنم هێلکەو رۆنی بۆ چێ کردین، ئەو تامەم قەت لە یاد ناچێتەوە، ئەو ژنێکی قسە خۆش‌و بێ هاوتا بوو... زراری کوڕی مامم کوڕێکی باریکەلەی تا رادەیەك سەر سەخت بوو، بە یەکەوە تۆپێنمان لێخۆش هاتبوو، من بە دوو ساڵ لەو گەورەتر بووم. ئەو بە سێ ساڵ لە شۆڕشی ئەیلول بچوکتر بوو.

گومان و دڵ لە دڵدانم لێنابێتەوە! شۆڕش لە نێو دڵان هەرەسی هێنا، لەبەر ئەوە نا کە خەڵك کوشتن، پیرۆزیی تێدا نییە؟! پرسیار ئەوەیە شەمەندەفەری شۆڕشی کوردی بەو هەموو گەورەیی و بچوکییەی خۆی چی کرد؟! دەشێ لە پانتایی سیستمی زماندا ساتەوەختی شۆڕش‌و ساتەوەختی داهێنان بە یەك بگەنەوە، بەڵام دوارۆژی یەکەم دیار نییەو دوارۆژی دووەم دیار... شۆڕش دەمێنێتەوە، بەڵام داهێنان بەرهەم دەهێنرێتەوە! شەمەندەفەری شۆڕشی کوردی لە دەرەوەی پانتایی زماندا بە مانا ئاسۆییەکەی مرۆڤی دەمارگیرو یاخی‌و بێئۆقرەی دروست کرد، نەك مرۆڤی بیرکەرەوەو سوودگەرا، ئەوە دیارترین خاڵی شۆڕشی کوردییە... دەشێ مرۆڤی بێئۆقرەو مرۆڤی شۆڕشگێر، مرۆڤی یاخی‌و مرۆڤی بێئۆقرە لە ساتەوەختی داهێنان‌و یاخیبوون‌و شۆڕشدا بەیەك بگەنەوە، بەڵام مرۆڤی دەمارگیرو مرۆڤی سوودگەرا چۆن بە یەك دەگەن؟! دەمارگیری جگە لە توندوتیژی‌و تەرکیخوازی‌و قبوڵنەکردنی ئەویدیکەو سنوردانان بۆ ژیان هیچی دی بەرهەم ناهێنێ، مرۆڤی بێئۆقرە دەشێ لە رووی سایکۆلۆجییەوە نەخۆش بێت، مرۆڤی یاخی بە مانا سایکۆلۆجییەکەی دژی دەسەڵاتێکە کە پێی

رازی نییه، بەلاّم بەرانبەر دەسەلاّتێك كە پێی رازییە لاری نییە، بەو مانایەش سیاسییە رادیكالیەكان زۆربەیان مرۆڤی یاخیین! مرۆڤی شۆڕشگێر ئازادەو پابەند نییە، هەنگاو بەرەو تەجاوزكردنی دەسەلاّت دەنێ، بەلاّم مرۆڤی بێئۆقرە تەجاوزی نەخۆشی ناكات، شۆڕشگێر دەیەوێ سەربەخۆیی حەقیقی بە دەست بهێنێ‌و تێنووی دەستبەسەراگرتن نییە، مرۆڤی بێئۆقرە لە جۆرەكانی توندوتیژی نابێتەوە...

شەمەندەفەری شۆڕشی كوردی هەموو جۆرە توندوتیژییەكی بە سەر ژیانـدا سەپاند! شەمەندەفەری شۆڕشی كوردی بە بەتالّی دێ‌و بە بەتالّی دەڕوا! ئەگەرچی شۆڕش لە نێو كتێبان بە مانا ستوونییەكەی مرۆڤی داهێنەر هەلّدەنێ... بەلاّم ئەو پانتاییە رەمزییەی مرۆڤی داهێنەری لێوە لە دایك دەبێت، هەلّگری ئاستێكی رۆشنبیریی‌و مەعریفیی بەرفرەوانە، بەرانبەر ئەوەش سەركەوتنی شۆڕش بە كاركردن لەسەر مرۆڤ و بە پڕۆژەی پێشوەختەو ئاگاییو رۆشنبیریی‌و مەعریفییەوە بەندە. بەلاّم شكستە یەك لە دوا یەكەكانی شۆڕشی كوردی رەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێ، كە شۆڕشی كوردی بەر لەوەی قسە لە مرۆڤبوون بكات، بیر لە چەوسانەوە دەكاتەوە، بەر لەوەی بۆ بەها مرۆڤییەكان بگەڕێتەوە، دەكەوێتە ئاو و هەوای بەهاری دوای شۆڕش، بەر لەوەی قسە لە واقیع بكات، بە خەیالّدا دەڕوات...

شۆڕشی كوردی بەر لە وادەی خۆی هاتۆتە دنیاوە! هەتا ئێستاش ئیگۆی شۆڕشی كوردی قۆناغی ئاوێنەیی بە مانا (لاكان)ییەكەی یان -بۆچوونی یەكپارچەیی لە بارەی خودەوە- تەواو نەكردووە! من قسان لە تێپەڕاندنی سیستم ناكەم، قسان لە تێپەڕاندنی ئیگۆ ناكەم، بە چاوی شۆڕش من قسان لە شۆڕش ناكەم، خوێندنەوەی من بۆ چەمكی شۆڕشی كوردی، قسەكردنە لە پەیوەندییەكی خەیالّی! منداڵ لە (قۆناغی ئاوێنەیی) گومان لەو وێنەیەی خۆی

دەكات، كە لە ئاوێنەكەدا دەیبینیێ... خوێندنەوەی مـن بـۆ چـەمكی شۆڕشـی كوردی، قسەكردنە لە وێنەی ئەو (مار)ەی كە كلكی خـۆی دەخواتـەوە، دنیـای شۆڕشی كوردی خۆخواردنەوەیـەكی بـەردەوام و كلكایەتییـە، شۆڕشـی كـوردی هێشتا سنوری نێوان عەین و عەقڵی روون نییە... خوێندنەوەی من بۆ چـەمكی شۆڕشی كوردی، قسەكردنە لە (راسكۆلینیكۆف)ی كاراكتەری رۆمانی (تـاوان و سزا) كە ناتوانیێ بـاری تـاوان هـەڵگریێو بـە دوای سـزادا دەگـەڕیێ... شۆڕشـی سیاسـی لـە رۆژهەلاّتـدا دەبـیێ بـە دوای سـزادا بگـەڕێت؟! ئـەو چـەمكە دایستۆڤسكییە لای (كافكا) تەواو پێچەوانەیە، چـونكە لـە رۆمـانی كۆشـكدا (ك)ی پاڵەوانی كافكا هۆی سزاكەی نازانێت، بۆ ئەوەی ئـارام بێتـەوە بـە دوای تاواندا دەگەڕێت، لە كافكاگەراییدا سزا بەدوای تاواندا دەگەڕێت... دەتوانین لـە نێوان گەڕان بە دوای (سزا)و گەڕان بە دوای (تاوان)دا شۆڕشی سیاسی گشتگیری رۆژهـەلاّتی بخوێنینـەوە! مـن دەڵـێم شۆڕشـی كـوردی خەسـڵەتی جۆرەكـانی توندوتیژی و دەمارگیری و بێئۆقرەیی بە میرات بۆ تاكی كـوردی جێهێشـتووە، ئەوە یەكێكە لە دەرئەنجامە دیارەكـانی شۆڕشـی كـوردی، تـۆ (حـەیرانیێ) وەك زیندانییە سیاسییەكانی بەر دەستی بەعس لە كارەبا بدە، باوكم لە بەر دەسـتی بەعسییان لە كارەبـا درا... تـاكی نائـارامو دەمـارگیری كـوردی تـاوان ئـەنجام دەدات، سزاش قبوڵ ناكات، بە دیوەكەی دیكە ملكەچی سزا دەبیێ، بـیێ ئـەوەی تاوانبار بێت؟!

شۆڕش سنوردار ناكریێ، چاوی شـۆڕش لـە نێـو كتێبـان دەبرسـكێتەوە، تـۆ تەماشـای شۆڕشـی دیـاریكراوی كـوردی مەكـە؟! مێـژووی گـەلێك بـۆ چـەند رووداوێك كورت ناكرێتەوە، شتەكان لەوە ئاڵۆزترن كە بیریان لێدەكەینەوە... بـە گشتی سەیری ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەڵێن شۆڕشی سیاسی بكە، دەبینی نە تاوانبـار سزای خۆی وەردەگریێ، نە سزادراو هیچ تاوانێكی كردووە، سەیری ئەوەی ئـەمڕۆ

پێیدەڵێن (چاوی) شۆڕشی سیاسی بکەو لــەو هــەموو دەمــارگیریو هەڵچــوونو توندوتیژییەی پانتاییەکانی ژیانی دوای شۆڕش بڕوانە؟!

## نەخشی منداڵی

دەڵێن بیری منداڵی تیژە، (زانـین)ی قۆنـاغی منـداڵی وەکـو نەخشـی سـەر بەردە، بەشێك لەو بەهرەیە بەر منیش دەکەوێت، چونکە زۆر شـتان دەگێڕمـەوە دایکم سەری سورِ دەمێنیّ! هەموو ئەوانـەی پەیوەنـدی بـە قۆنـاغی منـداڵیو چـالاکی میمیـۆریو گەشـەکردنییەوە هەیـە... جگـە لـە بیرخسـتنەوەی زانیارییەکان، هەندێك لە منداڵاُن توانای یادکردنەوەی دەنگیان لەلا بـە هێـزەو هەندێکی دیکە وێنـەو بیـنین! بەبیرهاتنـەوە لـە دوو سـاڵی یەکـەمی تەمـەنی منداڵدا کۆپیکردنی شتەکانەو تێگەیشتنی لەگەڵدا نییە، دواتر درککـردن دێتـە ئاراوە، بۆیە فێرکردنی منداڵ لە رێگای شـتە بەرجەسـتەکانەوە باشـتر دەچـێتە مێشکەوە! گەشەپێدانی بیرهێنانەوە هەر تەنها شارەزایی زیاد ناکات، بەڵکو لـە رووی عەقڵییەوە توانای وەرگرتنیش بە هێز دەکات.

دەزانم لە قسەکردندا پێش هەموو شـتێك تـاکێتی خـۆم لـە دەسـت دەدەم، چونکە (من) دەبێتە راناوێکی رێزمانیو دەچێتە رستەوە. ماوەیەکی زۆر لەگەڵ خۆم بووم، ئەو هەموو ماوەیـە بـۆم دەرکـەوت لەگـەڵ خۆبـوون لـە بیابـانێکی وشکوبرینگ، کە ئێمە پێی دەڵێن ولاّت، شتێکی ئەستەمە، لە رێگـای لەگـەڵ خۆبوون ناتوانین خۆمان بدۆزینەوە، لێرە لەو ولاّتە وێرانەیەدا دەبیّ پارچە پارچـە

بیت... یەکێك پێمدەڵێت چای دەخۆیتەوە؟ بۆشاییەکانم لە ڕێگـای ئەویدیکـەی وشەوە پڕ کردەوە، وشە دەکەمە کێلی قەبری ئەو منەی کە نەکرا بیپارێزم! ئـەو قسەیە بەرەو یەکێك لە رستە بە ناوبانگەکانی (لاکـان) دەبێتـەوە، کـە دەڵێـت (ئارەزووی مرۆڤ ئارەزووی ئەوانیدیکەیە) ئەو رستەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کـە کاتێـك مـن دەبێتـە رانـاوی ڕێزمـانی هـەر تـاکێتی مـن نـاکوژێ، بـەڵکو ئارەزووەکانیشی لە دەست دەدات. نازانم دەڵێم چای دەخۆمـەوە یـان نـا! بـەڵام حەقیقەتی من لە دەرەوەی منەوەیە! بۆیە بە رستەیەك بە دایکم دەڵـێم: کاتێـك لەسەر دیوار بەربوومەوەو ناوەڕاستی لووتم لە بەردێك چەقی و شکا، ئازاری لـە خوێن لەبەر رۆیشتنەکەی زۆرتر بوو... ئەو دەڵێ هەر بە جلی خوێناوییەوە تـۆم بۆ لای (ئەحمەد تەبیب) برد، هەر یەکجار بۆی تەداوی کـردیو بـۆ خـۆت چـاك بوویتەوە! ماڵی ئەحمەد تەبیب لە نزیـك ئـەو ماڵانـە بـوو، کـە لـە وێسـتگەی شەمەندەفەر بە دارو درەخت داپۆشرابوون، پاشان دایکـم دەڵـێ ئـەوە تـۆ چـۆن هەموو ئەو شتانەت لە بیر ماوە، خۆ ئـەو کـات هێشـتا پێـنج سـاڵانت تـەواو نەکردبوو؟ من دەڵێم ئەوە دووەمجارم بـوو مـاڵی ئەحمـەد تـەبیب ببیـنم، جـاری یەکەمم بە هۆی دومەڵی بن گوێچکەی چەپمەوە لەگەڵ باوکم منتـان بـردە لایو ئەویش هەر بە یەکجار تەداوی چاك بوومەوە. دایکم لەسەرەخۆ دەڵـێ ئـەوەیان من بۆم گێڕایتەوە، نیشانەکەشی بە بن گوێچکەی چەپتەوە ماوە.

بۆ هەموو دەردێ دەستی ئەحمەد تەبیب بە شـیفای عاجـل دادەنـرا، دەڵـێن ناوبانگی تەبیبی ئەو لە شەسـتەکانو سـەرەتای حەفتاکانـدا تـەواوی هـەولێری گرتبۆوە، هەمیشە ماڵی ئەوان نەخۆش و زامداری جۆراو جۆر رووی تێـدەکردن، لەبەر ئـەوەی ئێمـە زۆر لـەوان دوور نـەبووین، بۆیـە وەك دراوسـێ مامەڵـەیان لەگەڵدا دەکردین... دوای ئەوەی باوکم لە ڕێگای ماڵی (مونعیم محەمەد عـەلی ئەفەندی) کە یەکێك بوو لە دەوڵەمەندەکانی شاری هەولێر و تێکەڵاوییان لەگەڵ

ماڵی (مستەفا حوزێری) هەبوو، لـە کارگـەی شـیری هـەولێر وەك کرێکـار بـە شـێوەیەکی فـەرمی دامـەزرا، ماڵمـان بـۆ گـەڕەکی کـوران، بـۆ ئـەو خـانووە گوازرایەوە کە میری بۆ کرێکارانی کارگە دروستی کردبوو، دوای چەند ساڵێك لە پشت ئەو چوار خـانووەی کارگـەی شـیر، واتـە لـە شـوێنی باخچـەی وێنجـەی مانگاکانی کارگەی شیری پێشانو شـوێنی دەزگـای ئاسایشـی گشـتی ئێسـتا، میری ریزێك خانووی بۆ کاربەدەستانی هێزی ئەمنیو کارمەندانی خۆی دروسـت کرد، دووەم خانوو بەلای شەست مەتریو روو لە کۆگای تووتن بەر گۆرانبێژی بە توانا (فواد ئەحمـەد تـەبیب) کـەوت، راسـتە ئـەوجارە دراوسـێیەتیمان نـزیکتر کەوتبۆوە، بەڵام ئەحمەد تەبیبو شەستەکان ئاواببوو، حەفتاکان بوو، بۆیە چـیتر ئەو ماڵە تەبیبی ماڵی ئێمە نەبوون.

خۆشترین رۆژەکانی منداڵی من ئەو کاتانە بوو، کە لەگەڵ نەنکم دەچـووینە ئەوبەری ماڵەوەو لە خوار قەبرستانو ئاشـی ئەحمـەد جەلـەبی بـاپیرم بیسـتانی گوندۆرەو ئاروو و تەماتەو بامیە ... چێکردبوو، زۆرجاران من بەشـی خـۆم لـە نێو جەمەدانییەك دەکردو دەمهێنایە ماڵەوە، بەڵام هەمیشە بـیرم لای هـەلاتن بوو، بەر لەوەی لە (جۆگەی میری) بپەڕمەوە و (هـەیاس) رێگـام پێبگرێـت... هەیاس ئەگەرچی شێتێکی بە هێز و ترسێنەرو بە ناوبانگی شاری هـەولێر بـوو، بەڵام پیاوێکی کەم وێنـە بـوو، بـۆ مـاڵی ئێمـە وەك پـەرژین وابـوو، هـەیاس حیکایەتی زۆرە، من ئەگەر لە دووری ماڵەوە هەیاسم دیتبایە، هەمیشە بیرم لە مەسافەیەك بۆ راکردن دەکردەوە، بەڵام لە نزیك ماڵەوە وەك ناسیاوێك نانو ئاوم بۆ دەبرد. شوێنی زۆربەی کاتەکانی ئەوسای هەیاس بن دیوارە بەرزەکانی ئاشـی ئەحمەد جەلەبی بوو، کە ئێستا ماڵی چەند لێپرسراوێکی باڵای پارتیو یـەکێتی شـوێنیان گرتۆتـەوە..ئەوسـاو ئێسـتای هـەولێر بـە شیشـی هـەیاسو شـیشو کۆنکریتی پارتیو یەکێتی کۆنترۆڵکراوە! شیشی یەکەمیان بـۆ بـەرگریکردن لـە خۆ بوو، دووەمیان بۆ ئارایشکردنی خۆ... هەیاس رۆیشـتو حیکایـەتی هێـزی

لەگەڵ خۆی بۆ گۆڕستان برد، بەلاّم پارتیو یەکێتی رۆژ بە رۆژ لاواز دەبنو هێزی جەماوەر لە دەستت دەدەن، بۆ بەرگریکردن لە مردن کۆنەپەرستیو پەڕگیری برەو پێدەدەن!

شتەکان وەك چۆن هەن، ئەوە نین، یان مەرج نییە وابن... ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا لە شەش پۆینت سێی دنیا تێپەڕ ناکات، بەلاّم ئەو بانگەشەیەی کە بۆ مافی مرۆڤ دەیکات هەموو دنیای لەخۆگرتووە، بیر لەوە ناکاتەوە کە لە سەدە پەنجای سامانی هەموو دنیا لە ئەمریکایە، بیر لەو جیاوازییە گەورەیە ناکاتەوە لە نێوان ژمارەی دانیشتوانی دنیا و خۆی.... ئەو قسەیەم لەوێوە دێت، کە ناکۆکی سیاسی هەموو شتێکی بەخۆوە گرێ داوەو هەموو شتێکی بە رەمزکردوە. دەزانم هەموو ناکۆکییەك بەرئەنجامی ناهاوسەنگی هێزە، ئەی خۆگونجانی خەڵکی مانای چییە؟ خۆگونجانی خەڵکی پەیوەستبوونێکی درۆزنانەیە! ئەو قسەیەم گشتگیر و هەندێ رەقە، بەلاّم خەڵکی بە بێ ئاگایی بوون باوەڕ بە ئایدیۆلۆژیا دەهێنن، بەر لەوەی بیر لە راستییەکان بکەنەوە... خەڵکی هەمیشە بە کارێك هەڵدەستن کە حەزی لێناکەن، چونکە دەیانەوێت لە واقیع دوور بکەونەوە، ئەوە ئایدیۆلۆژیایە! ئایدیۆلۆژیا مانا بە هەموو شتێك دەبەخشێت بە تیرۆر و کۆنەپەرستیش... ئەوەی خەڵکی بێ ئاگا رێست دەکاتەوە ئایدیۆلۆژیایە، ئەوەی ماندوویان دەکات ئایدیۆلۆژیایە، ئەگەرچی ئایدیۆلۆژیا وەك ئەوەی هەیە، درۆزنانەش بێت.

وەك دەزانین ئاگایی درۆزنانە لای (مارکس)و (ئەنگڵس)ی هاوڕێی فۆرمی زاڵی ئایدیۆلۆژیایە، چونکە (ئەوان نازانن چی دەکەن، بەلاّم هەر دەشیکەن) ئەوەی نایزانن و دەیکەن، ئایدیۆلۆژیایە. ئەو پێناسە مارکسییە لای (پیتەر سلۆتەردایك) تەواو ئاوەژوو دەبێتەوە، چونکە ئەو بە پێچەوانەی مارکس دەڵێ (ئەوان دەزانن چ دەکەن، بەلاّم هەر دەشیکەن)... ئەو قسەیەی سلۆتەردایك

جەخت لەوە دەکاتەوە کە فۆرمی زاڵی ئایدیۆلۆژیا ئاگایی درۆزنانە نییە، بەڵکو گومانبردنە، بە مانایەکی دیکـە نیـودژی بـوونی ئاگـایی درۆزنانەیـە لـە رووی مـەعریفی‌و رۆحییـەوە. ئایـدیۆلۆژیا هەمیشـە کـار لـە پێنـاو ئاراسـتەکردنی غەریزەو ئاراستە دەروونیەکانی تاك دەکـات! ئایـدیۆلۆژیا ئـەو راسـتییەیە کـە تێگەیشتنمان بەرانبەر واقیع بە لارێدا دەبـات، کەواتـە راسـتە خـەڵك دەزانـن ئایدیۆلۆژیا هەمیشە فێڵییان لێـدەکات‌و بـە کاریـان دەهێنێـت، بـەلاَم وێـڕای ئـەوەش وازی لێنـاهێنن. سـلۆتەردایك ئـەوە بـە زمانحـاڵی مرۆڤـی گومانبـەر دادەنێت، بوونەوەری گومانبەر بەرهەمی بیرکردنـەوەی دیکـارتی نییـە، بـەڵکو بەرهەمی ناکۆکیەکانی ئایدیۆلۆژیای سیاسییە! ئەوەی دووەمیان لەسەر بڕوابوون دەوەستێ، نـەوەك بیرکردنـەوەو راسـتییەکان. بوونـەوەری گومانبـەر هەمیشـە پێیوایە لە بەر ئەوەی دەوڵەمەندو دزەکـان پارێزگـاری لـە یاسـا دەکـەن، ئـیتر رووبەرووبوونەوەی دەسەلاَت هیچ سوودێکی نییە؟!

من بە درێـژایی ژیـانم هەوڵمـداوە وەك مرۆڤێکـی بـێ زیـان دەربکـەوم... موتەلیب بە منداڵی زۆر جوان و لەبەر دلاَن بوو، پێنج سالاَنی تەواو نـەکردبوو، کوڕێکی خرپن‌و رۆح سووك بوو، ژنانی حەساری عیـزەدین ئاغـای دراوسـێ بـۆ ئەوەی نیگەرانمان بکەن زۆرجاران لێیان دەشـاردینەوە، دڵمـان دەکەوتـە لـەرزە، ئەوەندە لە خۆمان دەردەچـووین وەك شـێتانمان لێـدەهات، کـە دەیـانزانی ئـیتر کارمان تەواوە، یەکێك خۆی وا نیشان دەدا زۆر ماندووە، دەستی تۆی دەگـرت و دەیگوت دۆزیمەوە! ئەوە قسەی نەنکم بوو و جاروباریش دایکـم بـۆی دەگرتـەوەو دەیگوت هەموو دەرو دراوسێ لە رۆحی خۆیان خۆشتریان دەویست، هەمیشە لـە باوەشیان بووی و دەیانشاردییەوە. بە دایکم دەڵـێم ژنێـك هـەبوو نـاوی (زاریێ) بوو، زێتر لە باوەشی ئەو بووم نەك هـی تـۆ، دایکـم دەڵـێ زاریێ نـەبوو، ئـەوە کچەکەی بوو (سێوێ)ی خوشکی (محەمەد)... کە ماڵی (مونعیم محەمەد عـەلی ئەفەندی) لە قەسرەکەی خۆیان ژوورێکیان پێدا بوون‌و لە بەر هەژاری‌و بێکەسـی

لەخۆیان گرتبوون... دایکم دەڵێ تۆ لەگەڵ زارێی خێزانی (حەسەن پۆلیس) لێتتێکچووە، کە نەخۆش کەوتی تۆم بردە ماڵی ئەوان و یەکەمجار لە ژیانتدا ئەو دەرزی لێدایت، ئەوە ئەو کاتە بوو، کە هاتینە گەڕەکی کوران، زاریێ دایکی شێرزاد حەسەنی چیرۆکنوس ماڵییان لە بەرانبەر ماڵی مەلا هەمزەی شیوعی بوو. لە بەرانبەر ماڵی ئێمەو لە شوێنی کوورەکانی کوران (فازیل)ی برا گەورەی هەیاسیش خانووی دروست کرد.

دڵداری شاعیر لە یادەوەرییەکانیدا باسی (گوندی تیمار)ی نزیک هەولێر - سەر رێگای مەخمور- و دەمودووی ئەو مەلا هەمزەیە دەکات‌و دەڵێ لە نێو جوتیارانی گوندی تیمار کە باس دەهاتە سەر ئاغا و ستەمکاری پیاوێک زۆر خوێندەوارانە قسەی رێك و بەجێی دەکرد، ناوی مەلا هەمزە بوو، من هەمیشە هانی ئەوانەم دەدا، بۆ ئەوەی دژی ستەم و زوڵمی ئاغاکان بوەستن، هەمیشە لە دەورم کۆ دەبوونەوە و گوێیان لە قسەکانم دەگرت و پەسەندییان دەکرد، ئەگەرچی من جاروبار دەچوومە گوندی تیمار بەڵام ببوومە خۆشەویستی جوتیار و رەنجدەرانی ئەو ناوە. خۆشەویستی پاڵە و رەنجدەران... بۆ دڵداری شاعیرو خۆشەویستی دەرودراوسێ بۆ منی منداڵ کاریگەری تایبەتی خۆیان هەبوو، دڵداریان بەرەو شیعری جوان‌و بەرز برد، منیش بەرەو دڵناسکی‌و سۆز... دڵدارو سروودی ئەی رەقیب دوو دیوی یەك دراون، من‌و دڵناسکیش... ئەی رەقیب بۆ بەرگریکردن لە نەتەوە قەڵغان بوو بەڕووی دوژمنان، دڵناسکی منیش بوو بە نەخۆشی و رووبەرووی پزیشکانی کردمەوە، ئەوانە کەمن، کە بۆ ئەی رەقیب هەڵناستنە سەر پێ، ئەو پزیشکانەش نەزانن کە دەیانەوێ دڵی من بە داوو دەرمان چاك بکەنەوە! دڵدار کەوتە سەردەمێ کە ئەی رەقیب لەبری ئەوەی وەك جوانکاری شیعریی سەیر بکرێت، وەك دژ بوونەوە پێناسەی دەکرێ، منیش

کەوتمە دنیایەك کە دڵ بەرگەی ئازارەکانی ناگرێ، نە دڵدار لە شـیعر دەبێتـەوە، نە منیش بەرگەی نەخۆشی دڵ دەگرم!

## خەیاڵی کتێب

**من هەر تەنها منێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو ئەو منە کلتوورییە بەرفرەوانەیە، کە هەموو داتاکانی زمان و ئایین و ئەدەبی لەخۆدا هەڵگرتووە.**

کتێب ئازادی تاك دەچەسپێنێو دەسەلاٌت رەتدەکاتەوە. یەکەمیان هەر تەنها پەیوەندی بەوەوە نییە کتێب تەنیامان دەکات، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دەرگاو پەنجەرەکانی مێشکمان بەسەر ئەویدیکەدا دەکاتەوە. دووەمیان مەبەست دەسەلاٌتی رەهایە، بەلاٌم لەگەڵ ئەوەشدا کتێب بەشێوە کراوەکەی وزەیەکمان پێدەبەخشێت کە بە مەعریفەی جیاوازەوە بەندە، هەمیشە لە نێوان وزەی مەعریفیو تەنیاییدا دیکتاتۆرییەت هەرەس دێنێ! لە پانتایی مەعریفەدا ژیان بە رەنگە جیاوازەکانی دەجولێتەوە، لە تەنیاییدا دەسەلاٌت بێ کەس دەمێنێتەوە...دنیای کتێبو خەیاڵی خوێندنەوە، دنیای رامانو هەڵوێست و بیرکردنەوەیە. هەمیشە ژیان بابەتێکە مرۆڤ بەر لەوەی مامەڵەی لە تەکدا بکاتو هاوژیانی بکات، دەبێ بیخوێنێتەوە، دەبێ تێیبگات.

له دنیادا، کتێبی یەکەم خوێنەری یەکەمی نوسراوە، چاو وشەکانی سەر لاپەڕە کۆ دەکاتەوە، گوێ دەنگەکانیان بە یەك دەگەیەنێتو لووت بۆنی کاغەزو مەرەکەبو بەرگ، پەنجە نەرمیو زبڕی لاپەڕەکان هەست پێدەکاتو هەندێجاریش تام. خوێندنەوە بە شێوە کراوەکەی هەولێکە بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ، بۆ بە مرۆڤکردنی دنیا، هەولێکە بۆ سەوزکردنی سروشت لە پێناو ژینگەیەکی پاکتر بۆ مرۆڤ... خوێندنەوە هەر پەیوەندییەکی جەستەیی نییە، بەڵکو پێشوازیکردنی مانایە... یەکەم کتێب کە خوێندوومەتەوە کتێبی (دزو قازی)یە، ئەو کات هەولێر کتێبخانەی زۆری تێدا نەبوو، بەلاّم من هەولێرم بێ کتێبخانە نەدیووە، کتێبی دز و قازیم چۆن دەسکەوت؟ نازانم. دەزانم هاوین بوو، تازە لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بۆ پۆلی چوارەم دەچووم، لەگەڵ باوکم بۆ ماڵی (پلکە ئایشێ)ی (وەستا عەزیز) کە دەکاتە خوشکی مامۆژنم لە گەرەکی تەیراوە دەچووین، لە ڕێگا یەکەم کتێب باوکم لە کتێبخانەی (گەردی)ی بۆی کڕیم، ئەویش چیرۆکی سێ پیاوی کورد بوون، کە بۆ کارێك سەفەری بەغداد دەکەنو شەوێ لە (هوتێلی هەولێر) نزیك هەڕاجخانە دادەبەزنو کێچو ئەسپێ بەخێرهاتنیان دەکەنو شەو تا بەیانی خزمەت بەو سێ کوردە غەریبە دەکەن. ئەو کات هەر تەنها وەستا عەزیزی مەلا غەفور چەپ نەبوو، شیوعیی بوون جوگرافیایەکی گەورەی فەراهەم کردبوو... کێچو ئەسپێش شوێنی زۆریان لەسەر جەستەی مرۆڤی هەژار بەر دەکەوت! وەستا عەزیز برازای (مەلا عوسمان) بوو، مەلا عوسمان بن عامی باوکم... باوکم هەموو جارێ قسەیەکی مەلا عوسمانی زۆر دووبارە دەکردەوە کە دەیگوت: ئای عەزیزی شیوعی چۆن ماڵی منی وێران کرد، مەلا عوسمان باوکی (حەمید عوسمان) ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی پیاوێکی لە قسان دەوڵەمەندو لە پەیکەر گەورەو بە کار بوو، عەزیز بە شاگردی دوکانەکەی دادەنێ و ئەویش دەست لە پارەی دوکانی بەقاڵییەکەی ناپارێزێتو تەخشان پەخشانی دەکات.

کوده‌تای ره‌شی شوبات، کوده‌تای به‌عسییه‌کان له‌ 1963/2/8 حوکمی جه‌نه‌راڵ (عه‌بدولکه‌ریم قاسم)ی کۆتایی پێهێنا، له‌ هه‌مان رۆژدا جه‌نه‌راڵی له‌ سێداره‌داو ژیانی له‌ ناو برد، له‌ 1963/2/14 کوده‌تاچییه‌کانی به‌عس جه‌نه‌راڵ (عه‌بدولسه‌لام عارف) وه‌ك سه‌رۆکی نوێی کۆماری عیراق دامه‌زراند.. به‌ کۆتایی هاتنی حوکمی قاسمی باری شیوعییه‌کان زێتر به‌ره‌و لێژی بۆوه‌ و حیزبی شیوعی قوتابخانه‌ی رۆشنبیریی وه‌ك دوکانه‌که‌ی مه‌لا عوسمان په‌رت‌و بلاۆ بۆوه‌... کوده‌تاچییه‌کانی به‌عس بۆ چاره‌سه‌رکردنی باری تێکچووی ولاَت‌و مه‌سه‌له‌ی کورد به‌یاننامه‌ی 9ی ئادارییان له‌ هه‌مان ساڵ ده‌رکرد و به‌ شێوه‌یه‌کی کاتی شه‌ڕییان له‌گه‌ڵ شۆڕشگێڕانی کورد به‌ سه‌رۆکایه‌تی (مه‌لا مسته‌فا بارزانی) راگرت، ئه‌و هودنه‌یه‌ ئه‌وه‌نده‌ی دیکه‌ باری کۆمۆنیسته‌کان و رۆشنبیریی ناله‌بار کردو به‌عسییه‌کان دووباره‌ ده‌ستیان به‌ راوه‌دوونانیان کرد و سه‌رکرده‌کاتنیانی زیندانی کردن...

حه‌مید عوسمان ساڵی 1949 وه‌ك یه‌کێك له‌سه‌رکرده‌کانی لیژنه‌ی ناوه‌ندی حیزبی شیوعی عیراقی له‌ (نوگره‌ سه‌لمان) له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێك کادیری پێشکه‌وتوو (سالم عوبێد نوعمان‌و نافع یونس‌و ئیبراهام شائول و زه‌کی خه‌یری...) زیندانی ده‌کرێن، دوای ئه‌وه‌ی شیوعییه‌کانی زیندانی نوگره‌ سه‌لمان مانگرتن له‌ خواردن راده‌گه‌یه‌نن‌و داوا ده‌که‌ن له‌و بیابانه‌ بۆ زیندانی سیاسی بیانگوازنه‌وه‌... پاش بیست‌و یه‌ك رۆژ له‌ مانگرتن، حکومه‌تی ئه‌وسا رازی ده‌بێ‌و هه‌ندێکیان ره‌وانه‌ی زیندانی به‌غداو هه‌ندێکی دیکه‌ ره‌وانه‌ی زیندانی (کوت) ده‌کرێن، حه‌مید عوسمان به‌ر زیندانی کوت ده‌که‌وێت، ساڵی 1951 به‌ هاوکاری کۆمه‌ڵی زیندانیان له‌ رێگای هه‌ڵکۆڵینی رێڕه‌وێك له‌ نێو ژووری زیندانه‌وه‌ رێگایه‌ك بۆ هه‌لاَتن ده‌که‌نه‌وه‌و به‌ ئاگاداری حیزب ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ زیندانییه‌ شیوعییانه‌ که‌ حه‌مید عوسمان رابه‌رایه‌تی ده‌کردن، پێکه‌وه‌ له‌ زیندانی کوت راده‌که‌ن، به‌لاَم

لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لە کوت ناتوانێ ئۆتۆمبیلییان بۆ دابین بکات، بە پێ بەرەو بەغداد دەڕۆن و جگە لە حەمید عوسمان زۆربەیان دەکەونەوە ژێر دەستی پۆلیس... باوکم ئەو حیکایەتەی زۆر دەگێڕایەوە و دەیگوت مەلا عوسمان کەس نەما بۆ بەردانی حەمید خۆی نەخاتە ماڵیانەوە، کەچی حکومەت زێتر شیوعییەکانی لە زیندان دەنا، حیکایەتەکەی باوکم ئەوە بوو، کاتێك حەمید عوسمان لە زیندانی (نوگرە سەلمان) زیندانی کرابوو...مەلا عوسمانو خێزانە گەورەکەی عەیشێ بۆ زیندانی نوگرە سەلمان بۆ سەردانی دەچنو داوای چاوپێکەوتنی دەکەن... لێپرسراوانی زیندان پێیان دەڵێین ئێوە لە هەولێرەوە هاتوون چی ئەون؟ مەلا عوسمان دەڵێ من باوکی ئەوم... کاتێك هەواڵ بە حەمید دەگەیەننو دەڵێن باوکتو دایکت لە هەولێرەوە بۆ بینینت هاتوون، ئەو پێیان دەڵێ هەموو خەڵکی عیراق باوكو دایكو کەسو کاری منن! قسەی شیوعییان هەمیشە ناوکئامێزو لە هەمانکاتدا توونده، لە ئاستێکی بەرز دایەو خەڵك تێیدەگات، راستەوخۆو ناراستەوخۆیە، قسەی شیوعییان متەسلو مونفەسیلە...لێپرساوەکە قسەی شیوعییان بە مەلا عوسمانو خێزانەکەی دەگەیەنێت، ئیتر ئەوان جگە لە دڵشکانو گەڕانەوەیان بۆ هەولێر هیچی دییان بە دەستەوە نامێنێ... ماڵی ئێمە زۆر سەردانی ماڵی مەلا عوسمانمان دەکرد، بەڵام ئەو جارە بە تایبەتی دوای گەڕانەوەیان لە بەغداد هەموومان بە سەردانی چووین بۆ لایان... کە گەڕاینەوە ماڵی خۆمان، دایکم بە خەمەوە بە باوکمی گوتبوو: عەیشێ زۆر بەو قسەیەی کوڕەکەی زۆر بە قسەی شیوعییان تێکچووەو هەمیشە لەبەر خۆیەوە قسان دەکات، عەیشێ بەو دڵشکانەوە سەری نایەوە، مەلا عوسمان ئەو دڵشکانەو قسەی شیوعییانی وەك بەخشش بۆ گەڕایەوە! چونکە ئەو سەردانییە زۆری بەسەردا تێنەپەڕی حەمید عوسمانو چەند هاوڕێیەکی زیندانیان بڕیو رایانکرد.

کتێبو گۆڤارو رۆژنامەی زۆرم لە ماڵی مەلا عوسمان بەر چاو کەوتن، کتێبو رۆژنامەو گۆڤاری رەنگاوڕەنگم لە ماڵی کاك مونعیمو جونەیدی برای بینی، کاك مونعیم دوو خوشکی هەبوو یەکێیان (سوهەیلە)و خوشکێکی هەبوو ناوی (رۆژیدە) بوو، سوهەیلە فەرمانبەر بوو، رۆژیدە لە زانکۆ دەیخوێند و بەردەوام کتێبی بە دەستەوە بوو، کتێبێکی وەك سیپارە هەمیشە لە نێوان کتێبان سەری دەردەهێناو رۆژانی زۆری پێچوو تا ناوەکەیم بۆ خوێندرایەوەو ئێستاش ناوەکەیم بیر ماوە، کتێبی (الرسالە)ی ئەبو عەللای مەعەڕی، ئەو کتێبە زۆر لەبەر دەستان دەبینرا، جگە لە گۆڤارە رەنگاورەنگەکان...

ئەو کاتەی کە باوکم کتێبی ئەمیر ئەرسەلانی بۆ خوێندنەوە بۆ وەرگرتبووم من دەمزانی بستی یەکەمی نامە، دوعا و سەلامە، دەمتوانی نامە بنوسمو نامەکانم دەخوێندەوە، ئەو کات زەرفو کاغەزی نامە برەوی هەبوو، چێژو خۆشی زۆری دەگەیاند. من نامەم بۆ (خاڵم حەمەد) دەنوسی دوای دوعاو سەلام دەست ماچ کردنی داپیرم دایکی دایکمو خاڵۆو خاڵۆژنم دەمنوسی چاوی (هەدیە) ماچ دەکەم، هەدیەی کچی خاڵم لە تەمەنی مندا بوو و لە گوندی (خەللان) لە قوتابخانە دەیخوێندو نامەی بۆ ئێمە دەنوسیو من دەمخوێندەوە هەر دەبێ ئەویش نامەکانی منی خوێندبێتەوە.

ئێواران کتێبی رۆستەم و زۆرابم بۆ دایك و باوکم و باپیر و داپیرم دەخوێندەوە، لە باسی گورزی رۆستەمی زاڵ خەیاڵمان بۆ پاڵەوانێکی کوردی بە شاڵو شەپیلك دەچوو. ئەوانو لە هەمووان زێتر نەنکم ئەوەندەی رۆستەمی زاڵییان خۆش دەویست نیو ئەوەندە ئیمامی عەلییان خۆش نەدەویست، ئیمامی عەلی وەك پووش بە گورزەکەی رۆستەمی زاڵەوە دەنوسا، بێ ئەوەی زاڵ ئاوڕی لێبداتەوە دەڵێ ئای لە دەشتی مازندەران چەند بە پووشو پەڵاشە خۆ گورزەکەم لە دوامنیایە.

دەشتی هەولێر بەو هەموو پیتو بەرەکەتەی بەو هەموو پووشو پەڵاشــەوە، چۆڵاییەکەیو بن دارەکانی غاباتی کــوران بــۆ خوێندنــەوەکانی ئێمــەی قوتــابی چێژی خۆی هەبوو، من زۆربەی کتێبە ئەدەبییەکانی چاپخانەی گیوی موکریانی: نالی، کوردی، سالم، وەفایی، مەحوی، صافی، ئەدەب، ئەدیب، حەمدی، ئەحمەد موختار بەگی جاف، تاهیر بەگی جاف،... خوێندبۆوە. بەڵام هەرگیز فــڕی فــڕی قەل فڕی و ترش و شیرینو حیکایەتی مەلای مەشهورو ... نەخوێندەوە. زۆر لە شیعرەکانی نالیم لەبەر بوو، ئــەوەی زۆرتــر شــیعری کلاســیزمی کــوردی لــەلام خۆشەویســت کــرد، دەنگــە پڕەکــەی (شــوکروڵڵای بابــان) بــوو.. (ســەدو دە) چوارینەی خەییام بە تەرجەمەی (شێخ ســەلام)م لەبــەر بــوو، هەمیشــە حــاجی قادری کۆییو مەلای گەورە لە خەیاڵو خوێندنەوەی من بێ بەش نەبوون... لــە بن قەڵای هەولێر ریزێك دوکــان درێــژ ببــۆوە تــا چــاپخانەی گیــوی موکریــانی تێدەپەڕاند، کاتێك ئەو ریزە دوکانە تێکــدرانو چــاپخانەی گیــوی بــۆ تەنیشــت پارێزگاری ئەوسا گواسترایەوەو شوورەیان بۆ قــەڵا دروســت کــرد، شــورەیان بــۆ ئەدەبی کۆنی کوردی و کلاسیزمیش دروست کرد... ئەو شــورەیە هــەر شــێوەی هەولێرو قەڵای نەگۆڕی، شێوەی ئەدەبو هونەری چاپکردنیشی بــەربلاوتر کــرد، ئەو شورەیە هەر تەنها کاریگەری بە ســەر نیگــاو کلتــوری مرۆڤــی هەولێرییــدا نەبوو، بەڵکو کاریگەری بە سەر ئەدەبو هونەریش دروست کرد... ئیتر زەمەنی گیوی موکریانی بەرە بەرە ئاوا بوو و دالی کلتوری نوێو ئەدەبی نــوێو روانگــە "حوسێن عارف، شێرکۆ بێکەس، کاکە مەمی بۆتانی، جــەلالی مــیرزا کــەریم، جــەمال شــاربازێڕی" هاتــە ئــاراوە، چــیدی چــاپکراوەکانی گیــوی موکریــانی تێنوویەتی خوێنەرانی ئەدەبی نەدەشکاند، رۆژنامــەی هاوکــاری وەك مینبــەری روانگە و گۆڤاری بەیانو کتێبی چاپکراوی بەغداو سلێمانی زێتر خۆیان لــە دڵو دەروون نزیك دەکردەوە.

هێندەم نەمابوو هونەری وێنەکێشان لەگـەڵ رۆحـم تێکـەڵ ببێـت، خـەیاڵی کتێب کەوتە نێوانمانەوە! کتێب بوو لـە هونـەری وێنەکێشـانی دوور خسـتمەوەو تەنیای کردم، هەر لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم، ماڵەوەم بە کۆمـەڵێك کتێبـی ئەدەبی رازاندبۆوە، هێشتا هەر لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم دایکم بۆ نانخواردن ناچاری دەکردم دەست لە خوێندنەوە هەڵگرم، باوکم دەیگوت کوڕەکەم دەبێ بـە پارێزەر. من زوو دەستم بە خوێندنەوە کرد، خەیاڵی نێو کتێبانم لە ژیانی دەرەوە پێباشـتر بـوو، سـەرم لـە نێـو کتێبـان دەردەهێنـاو دەچـوومەوە نێـو خـەیاڵی کتێبانەوە.

(ئـەلبیرتۆ مانگۆیـل) خـاوەن کتێبـی (مێـژووی خوێندنـەوە) دەڵێـت، "تەماشاکردنی نوسەر وەك خوێنەر، یان خوێنەر وەك نوسـەر، یـان نوسـەر وەك مرۆڤ، یان مرۆڤ وەك نوسەر، یـان دەق وەك جیهـان- هـەموو ئەوانـە جگـە لـە خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانی کردەی خوێندنەوە هیچی دیکـە نییـە" لـە گـەڕەکی کوران (مولود ئیبراهیم حەسەن)و (شێرزاد حەسەن)و (نازم دڵبەند)... بـە هـۆی (نەسرەدین داخدار)ی شاعیرو دراوسێ‌و (نەجات عـەزیز)ی برایـەوە لـە دوورەوە دەناسی، تەمەنی نەجات عەزیز لە من نزیـك بـوو و دراوسـێ‌و هـاوڕێی یـەکتر بووین، ئەو لەبەر ئەوەی براکـەی نەسـرەدین داخـدار شـیعرێکی لـە رۆژنامـەی هاوکاری بڵاو کردبۆوە خـۆی بـە شـاعیر دادەنـاو گۆرانییـەکی فـواد ئەحمـەدی نوسیبۆوەو بە شیعری خۆی دەزانی... هەر لە رێگای نەجات عەزیزەوە ونبـوونی دەفتەرێکی شیعریی نازم دڵبەندمان بیستو خەمان بۆ دەخوارد! ئێمـە لـە چـاو نەسرەدین داخدارو شێرزاد حەسەنو نازم دڵبەنـدو مـەولود ئیـبراهیم... منـداڵ بووین، ئەوان هەرگیز ئاوڕییان لە ئێمە نەدەدایەوە... ئەگەرچی دراوسێ بـووین، بەلاّم نەسرەدینی شاعیرم لە دەرەوە نەدەبینی، شێرزاد حەسەنو مەولود ئیبراهیم لە گـەڕەکی کـوران نـەدەبینی؟! لـە رێگـای نـەجاتی بـرای نەسـرەدین ژمـارە

زەردەکانی رۆژنامەی هاوکاریمان دەدیت و هەندێجار نەجات بۆ خوێندنەوە دەیدایینێ بۆ ماڵەوەی بەرین. (فرمێسك و زام)و (بتی شکاو)ی عەبدوڵلا پەشێو (تریفەی هەڵبەست)ی شێرکۆ بێکەس و (تاریك و روون)ی هێمن... دواتر رۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەدم بۆ خوێندنەوە لە نەجات وەرگرت، لە یەکەم لاپەڕە لە سووچێکدا بە قەڵەمی مەرەکەبی (شیڤەر) لێیان نوسرابوو لە کتێبەکانی داخدار، ئەوە زۆر سەرنجی راکێشام منیش ناوی خۆم خستە سەر هەموو کتێبەکانم، من و نەجات و مامند محەمەد قادرو فەرهاد محەمەد قادر کتێبمان لە یەکتر وەردەگرت، بەلاّم کتێبێك کە من هەرگیز نەمدەویست لێم دوور بێتەوە دیوانی نالی بوو، خۆشەویستی نالی وای لێکردم هەر کتێبێك ناوی ئەو بهێنێ، یان لە بارەی ئەوەوە بێ هەوڵدەم بیخوێنمەوە، دواتریش یەکێك بووم لەوانەی دوای مشتومڕەکەی حەمەی مەلا کەریم و مارف خەزنەدارو مەسعود محەمەدو... کەوتم. ئەو کات گوێمان لە خۆمان گەورەتر دەبوو، دەیانگوت رۆمانی (دایك)ی مەکسیم گۆرکی ژیانی گۆڕیم، یان (چارەنوسی ئادەمیزاد)ی میخائیل شۆلۆخۆف... بابەت و هێزی داڕشتنی ئەدەبی رووسی جێگای سەرسامی بوو، بەلاّم دەتوانم بڵێم من سەرسامی ئەدەبی مولتەزیم نەبووم، بەشێکی زۆری شیعرەکانی (گۆران)م خۆشدەویست، بەلاّم (ئاگر و ژیلە)و (گولاڵە سوورە)ی کامەران موکری و قانع و مەدهۆش و دلزارو پیرباڵ مەحمودو هێدی و پەرۆش... زۆر سەرنجیان رانەدەکێشام! حەوت جاران دەستم بە خوێندنەوەی ژانی گەل کرد، کەچی لە چەند لاپەڕەکانی سەرەتاوە وەڕس دەبووم و دامدەنایەوە تا بۆ جاری هەشتەم توانیم بیخوێنمەوە، ئەوە بوو وای کرد نەجات عەزیز لە کتێبخانەکەی داخدار بێ بەشم بکات... ئیتر گەورە بووین و بیرکردنەوەمان بەرفرەوان و تێگەیشتن لە کتێب ئاوەدانتر، ساڵی 1976 دوای ئەوەی لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵ دەرچووم، لە قوتابخانەی ناوەندی زانیاری وەرگیرام، لەوێ مامۆستا (محەمەد خەتاب) دووبارە خەیاڵی

وێنەکێشـانی بوژاندمـەوە، هونەرمەنـد محەمـەد خـەتاب زۆربـەی وێنـە رەش‌و سپییەکانی ستۆدیۆکانی وێنەگری هەولێری رەنگ کردبوو، ئەو دەیگـوت دەبـێ بەهرەی وێنەکێشان پەرەپێبدەیت ئەگینا دەمـرێ، بـەلاّم هەمیشـە بـۆ کتێـب‌و خـەیاڵی خوێندنـەوە دەرفـەت لەبـەر دەسـتەو دەتـوانی بـە ئـارەزووی خـۆت بخوێنیتەوەو کتێب هەڵبژێریت.

به تێپەڕینی رۆژەکان خەیاڵ دەبێ بە وشە، وشە بەرەو بێـدەنگی‌و بێـدەنگی یەکەیەکی بەرفرەوانی مانـا دروسـت دەکـات، مانـا لەبـەر دەم تازەکردنـەوەی بەردەوامدایە، دەزانم تەنها خەیاڵ دەرەقەتی شیعر دێ، خـۆم و خـەیاڵ، خـۆم و خۆم به بێدەنگی بووین به شاعیر، بۆیە بە ئەرکی خۆمم دەزانی بە بێدەنگی هەر کۆمەڵە شیعرێ چاپ بکرێت بیخوێنمەوە! لەتیف هەڵمەت‌و ئەنوەر قادر جـاف‌و شێرکۆ بێکەس و جەلالی میرزا کەریم و هێمن‌و ئەحمەد هەردی‌و رەفیـق سـابیرو عەبدوڵلاّ پەشێوو سەلاّح شوان‌و ئەبوبەکر خۆشـناوو حەمـەی حەمـە بـاقی‌و... هەموو وشەیەك کە حوسێن عارف دەینوسی لای مـن جێگـای ڕامـان بـوو، تـا گەیشتە رۆمـان! رۆمـانی دایکـم خوێنـدەوە بـە تەرجەمـە جوانەکـەی کـەریمی حوسامی، بەلاّم چارەنوسی ئادەمیزاد بە تەرجەمەی ئاورەحمانی حاجی مارف بۆ من خۆش‌و رەوانتر بوو، کورتە چیرۆکی (تەرم)ی سەلاّح عومەر فـەزای فانتـازی لەلام دروست کردبوو... هیچ کاتێك نەمهێشتووە چـیرۆکەکانی محەمـەد فـەریق حەسەن‌و شێرزاد حەسەن‌و دکتۆر کاوس قـەفتان‌و کاکـە مـەمی بۆتـانی‌و رەوف بێگەردو لەتیف حامیدو ئـەحلام مەنسـورو شـیرین.ك و..بەسـەرمدا تێپـەڕن و مشتومڕی روانگەو رەخنەکانی فوئاد مەجید میسری‌و فوئاد قەرەداغی‌و فازیلی مەلا مەحمودو بەکر حوسێن... خەیاڵی ئەدەبییان کردمەوە. هـەر لـە کۆمەڵـە چیرۆکی (تەنیایی)ەوە هەتا ئێستا دەتوانم بڵـێم شـێرزاد حەسـەن دەخوێنمـەوە، دەستەواژەی (دەتوانم بڵێم) بۆیە دەنوسم چونکە بە بـڕوای مـن شـێرزاد حەسـەن

وەك پێویست نەیتوانیوە هەنگاو بنێت! شێرزاد حەسەن فێری کردین بۆ نـاوەوەی خۆمان بگەڕێینەوە... حوسێن عارف فێـری هونـەری نوسـینی کورتـە چـیرۆکی کردین، بە چیرۆکی (چای شیرین) فەزای چیرۆکی هونەری کوردی گەشە پێدا.

من رۆژ بە رۆژ بەسەر وشەدا دەکرامەوە، وشە لە خەون‌و بیرکردنەوەم دەڕژا، خەیاڵ جوانی پێدەبەخشی، شوێنی جوانی لەبەر خەیاڵ سـپی دەچـۆوە، خـەونی سپی بەسەر سپیدا دەکرایەوە... وشە دنیـای خەونـەکانی منـی جـوان کـرد... فرۆکە، برایانی رایت دایانهێناوە، من وەك فرۆکە بـە دوای کتێبـەوە بـووم، بـە دوای مشتومڕی ئایدیالیزم‌و ماتریالیزم، بە دوای هەموو ئەو کتێبە ئەدەبییانەی دەکەوتنە بەر چاوان، بە دوای دالی کلتوری نوێ‌و کتێبـی نـوێ کـە هێشـتا لـە چاپخانە نەهاتبوونە کتێبخانەکان... ئەو کات بۆ ئەوەی نوسخەیەك لـەو کتێبـە ئەدەبیانەی حـەزمان لێـی بـوو دەسـتمان بکـەوێت، دەبایـە نـاوی خۆمـان لـە کتێبخانەی (تەئمیم) تۆمار بکەین، هـەموو پێنجشـەمووان لەبـەر کتێبخانـەی تەمیم بۆ رۆژنامەی هاوکاری دەوەستاین تا لەگەڵ خۆمانی بەرینـەوە، هـەر لـە نێو پاسدا بەر لەوەی بگەینەوە مـاڵ زۆربـەی بابەتـەکانمان دەخوێنـدەوە، پاسـی گەڕەکەکان بۆ خوێندنەوە وەك کتێبخانەی گشتی وابوو. بۆ من هەولێر و کتێـب دوو رووی یەك دراون، دەزانم ئەوەندەی لە نێو خەیاڵ و خەونی کتێبـانم لـە نێـو ماڵ و خێزان نیم، کتێبخانەی کۆسرەت و گەردی و حەیدەری و سۆلاڤ و دەزگـای چاپ... کتێبخانەی تەمیم رووگەمان بوو.

# شۆڕشی نویٚ، ئەدەبی بەرگری

ساڵێك بە سەر هەرەسی 1975 تێنەپەڕی هەنگاوی یەکەمی شۆڕش‌و کۆمەڵێك ڕێکخراوو بزاڤی سیاسی بە بیری مارکسی لینینی‌و ماویی‌و سۆشیال دیموکرات‌و بیری ناسیونالی لە چیاکانی کوردستانی باشور سەریان هەڵدایەوە. لە دنیادا بزاڤی رادیکاڵی بە شێوەیەکی بنەڕەتی بڕوای بە گۆڕانی شۆڕشگێرانەیەو بڕوای بە سازش نییە! مرۆڤی رادیکاڵ مرۆڤێکی چەپە، چەپ بە پێچەوانەی کۆنەپارێزو کۆنەخوازو کۆنزەرڤاتیزم‌و راستڕەو بیر دەکاتەوە، چەپ‌و چەپبوون نواندنی هاوهەستی‌و هاوسۆزییە بۆ ئەویدیکە... ئەی بۆ کورد؟! من نامەوێ قسە لە هەرەس‌و شۆڕشی نوێ بکەم؟! نەك لەبەر ئەوەی پرسیارێکی جیدی کایەی فیکری سیاسی کوردی نییە، نەك لەبەر ئەوەی فیکری سیاسی کوردی شکست لە دوا شکستی نەهێناوە، نەك لەبەر ئەوەی پرنسیبەکانی شۆڕشی نوێی کوردی لەسەر خۆدۆزینەوەو دراسەکردنی قەیرانەکانی‌و تەتەڵەکردنی هەلومەرجەکانی‌و پرسیارە نوێیەکانی دروست بووە... بەڵکو لەبەر ئەوەی

کوردی هیچ یەکێك لەو رەخنانە بە هەند وەرناگرێت؟! ئەوەش بە بڕوای من بەشێکی پەیوەندی بە پاشخانی فیکری سیاسیو پاشخانی کلتورییەوە هەیە!

پاشخانی رۆشنبیرییو فیکری بۆ بەڕێوەبردنو رێکخستنو رەخنەگرتنو رێزگرتنی جیاوازییەکان گرنگی خۆی هەیە... بەلاّم لە کوردستان جگە لەوەی رەخنە روویەکی ناشیرینو نێگەتیفی هەیە، فیکری سیاسی کراوەش بوونی نییە... من نامەوێ بەراوردی نێوان رۆژهەلاّتو رۆژئاوا بکەم، دنیای رۆژئاوا پڕە لە رووبەروو بوونەوە، لە فەزایەکی ئاوادا بۆچوونی جیاواز و تیۆری سیاسی جیاواز دێتە ئاراوە، هێزی سیاسی چەپو راست چالاکی دەنوێنن، بەلّکو دەمەوێ بلّێم راستو چەپی کوردی یەکتر کوژی بووە، رەخنەگرتن بەردەباز نەبووە، فرەوانکردنی دنیابینی نەبووە، بەلّکو رەشکردنەوە بووە، یەکتر قبولّ نەکردن بووە، نەك لەبەر ئەوەی وشەی چەپ لەفەرهەنگی سیاسیو فیکری کوردی نامۆیە، هەموو ئەو دوژمنایەتیو شێواویو دووبەرەکیو نەسازانە لەبەر ئەوەیە کە هەر یەکە لەلایەن خۆیەوە باوەڕ بەراستی دەزانێت! ئەگینا شۆڕشی کوردی زاراوەکانی هەمیشە لە دەرەوە خواستووە،باوەڕ لە بارەی راستییەوە دەکرێ حاشای لێبکرێت.

وشەی چەپ وەك زاراوەیەکی سیاسی لە بنەڕەتدا بۆ شۆڕشی فرەنسی 1789 دەگەڕێتەوە، کاتێك رادیکالّە گۆڕانخوازەکان لە پەرلەمان لەلای چەپی مێزەکەی سەرۆکی ئەنجومەنەوە دادەنیشتنو راستڕەوەکانیش لە لای راستەوە. لە هەموو دنیادا ئەو گۆڕانکارییانەی لە دنیابینی جیاوازەوە دێنە ناوەوە، فەزایەکی دیکە بە ئەدەبو هونەر دەبەخشن. فەزای شۆڕش فەزایەکە رەخنەو بەرگریکردن رەهەندەکانی دیاری دەکات. ئەی بۆ کورد ؟!

قوتابخانەی سەرەتایی خۆش بوو، وەك پەپولە بۆ قوتابخانە دەچووین و بە بالّە فڕێ دەهاتینەوە، لەو چوار خانووەی کە دەکەوتە خوار کارگەی شیری هەولێرو گەڕەکی کورانەوە کۆمەلّێك مندالّ بە یەکەوە بەرەو قوتابخانە دەچوونو

دەهاتنەوە، منی تەنیای لێدەرچێت، منی تاقانەی ماڵ، مناڵێکی بێدەنگ‌و پاك‌و خاوێن، هەمیشە ئەو ڕێگایانەی دەگرتە بەر، کە چۆل بوو و بۆ بە کۆمەڵبوون نەدەشیان، بە سەر ئەو گردو چاڵانە هاتوچۆی دەکرد، کە کورەچییەکان لە دوای خۆیان جێیانهێشبوو! ئەوە بوو مەیلی تەنیایی بەرەو رازی نەبوون، بەرەو دوودڵی‌و گومان، بەرەو چەپبوونی بردم... دوودڵی‌و گومان لەگەڵ من لە دایکبوون، ئەوان دوو ڕووی منن، من بە بێ ئەوان هەڵناکەم، وەك چۆن لەگەڵ پابەستبوون هەڵم نەکرد! باوکم ماوەیەك دوای لە دایکبوونی من لە ساڵی 1963 چەکی پێشمەرگایەتی دانا، لە شار چەکی کاری کردە شان، بەڵام مەیلی (پارتی) بوونی دانەنا، بە تایبەتی لە 1970-1974 وەك کادیرێکی چالاکی نێو شار، کاری ڕێکخراوەیی رادەپەڕاند... من هەرگیز بڕوام بە پابەستبوون و بە کۆمەڵبوون نەبووە، هەرگیز نەچوومەتە نێو هیچ حیزب‌و ڕێکخراوێکی سیاسی‌و گوتارێکی زاڵی کۆمەڵگاوە، ئەو قسەیە لە دڵەوە دەکەم، بەڵام ئەو نوکتە (لاکان)ییە بە ناوبانگەم هەرگیز بیر ناچێتەوە، لە بارەی ئەو نەخۆشە دەروونییەی، کە پێیوایە بۆتە گەنمەشامی، دوای ماوەیەك مانەوەی لە نەخۆشخانەو چارەسەرکردنی، بۆ ماڵەوە رەوانە دەکرێتەوە، کەچی زۆر نابات، دەگەڕێتەوە لای پزیشکەکەی‌و هاوار دەکات، کە هەر ئێستا مریشکێك هاتووەتە سەر ڕێگاکەی‌و ویستویەتی بیخوات، پزیشکەکە کە لێی بێزار بووە، هاوار دەکات کە تۆ مرۆڤی نەك گەنمەشامی، ئەویش دێتە وەڵام‌و دەڵێت: بەڵێ منیش ئەوە دەزانم، بەڵام ئاخۆ مریشکەکەش ئەوە دەزانێت؟ سلاڤۆ ژیژەك خاوەن کتێبی (نوکتەکانی ژیژەك) بە خوازتنی چەمکی کاڵا لە (کارل مارکس) ئەو نوکتەیە لێکدەداتەوەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوەی گرنگە رازیکردنی خود نییە، بەڵکو رازیبوونی کاڵایە -مریشك- ئەوەی گرنگە گۆڕینی

مامەڵەکردنمان نییە لەگەڵ کالا، بەڵکو خودی کالایە کە چۆن لەگەڵ ئێمە دێتەوە.

من دەڵێم ئەوەم کە هەم، لە هیچ دنیایەکەوە رەوانە نەکراوم .. قسەی پۆلیسی ئایدیۆلۆژیی هەرچی بێت، ئەوان سەربەستن چۆن بیر دەکەنەوە، من هەمیشە رێزم بۆ بیروڕای جیاوازی ئەویدیکە هەیە، نەیاری کەس نیم، من ئەوەم کە هەم و چێژی لێدەبینم، بێ ئەوەی کەس پێمبڵێت چێژ وەربگرە؟! ئێمە مرۆڤین کالا نین، وەك مامۆستای یەکەم ئەرستۆ دەڵێت بوونەوەرێکی کۆمەلایەتین، بە تەنیا ناژین، پەیوەندی کۆمەلایەتی بە یەکمان دەبەستێتەوە نەك بازاڕ، بەلام گرفتی ئەویدیکەی سیاسیی لێرەوە دەستپێدەکات لە بەیەك بەستنەوەی بازاڕی ئایدیۆلۆژیا... گرفتی ئەویدیکەی سیاسیی ئەوەیە دەیەوێت وەك ئەوان بیر بکەینەوەو وەك ئەوان خەیاڵ بکەین‌و وەك ئەوان هەڵبژێرین... ئایدیۆلۆژیستەکان دەیانەوێ کتومت ئەوان بیت، سارتەر لە ئاماژەیەکی بەناوبانگی فەلسەفییدا بە ئەویدیکە دەڵێت "ئەو منەی کە من نییە" بەڵکو ئەویدیکەیە، ئەویدیکەیەك کە هەموو خەسڵەتە جەوهەرییەکانی خودی هەیە، لە بیرکردنەوەو ئازادی‌و ویست....

من ئەوەم کە هەم، هەمیشە لە جولەدام بۆ تێگەیشتن‌و راڤەکردنێکی دیکەی جیاواز، لە هیچ دنیایەکەوە رەوانە نەکراوم، هەمیشە دوای خوێندنەوەی ماتریالیزم، ئایدیالیزمیش دەخوێنمەوە، حەز دەکەم لە دوای خوێندنەوەی مارکسییەت، بزانم ئەنتی مارکسی چی دەڵێت! بزانم ناسیونالیزم چۆن بیر دەکاتەوە، لە دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، رەخنەکانی ئازاد عەبدولواحیدیش دەخوێنمەوە... لەسەردەمی دەسەلاتی بەعس باوکم باجی زۆری پارتیبوونیدا، منیش لە رووی دەروونییەوە باجی بێلایەنی! ئیتر پیر بووم، بڕوا ناکەم لە کۆمەڵگای تۆتالیتارییدا بتوانی تاکێتی بسەپێنی، بتوانی بڵێی ئەوەم کە هەم، لە هیچ دنیایەکەوە رەوانە نەکراوم!

من تەنیام، تەنیایی خۆم بە خوێندنەوە دەوڵەمەند کرد، کتێب وای کرد زێتر خۆم بم، من ئەوەم کە هەم، هەڵگری ئیگۆیەکی تایبەت، وەك فرۆید دەڵێت ئیگۆ لە کوێ بێت من لەوێم، بەلاّم دەزانم هیچ منێکی خوێندنەوە، منێکی کامڵ نییە، خوێندنەوە بەردەوام (من)ی نوێ دروست دەکاتەوە! پۆل ریکۆر لە یەکێك لە نوسینەکانیدا دەڵێ کاتێك دەخوێنمەوە (من)ی خۆم رووت دەکەمەوە، بۆ ئەوەی لە رێگای خوێندنەوەوە بگەمە خودێکی دیکەی نوێ. منی خوێنەر لە رێگای ئاگامەندیو بەردەوامی، پرۆسەی تێگەیشتن فەراهەم دەکات، چونکە بوونی ئاگامەندانە چرکەیەکە لە چرکەکانی بوونی راستەقینە، کاری ئەدەبیش چرکەیەکی وجودییە، هەر کاتێکیش هەر دوو چرکەکە بە یەکگەیشتن، ئیدی دیالۆگ لەسەر بنەمای بەبیرهێنانەوەو تێبینکردن دروست دەبێتو لە رێگای بەبیرهێنانەوە و تێبینکردنەوە حەقیقەتی بوون ئاشکرا دەبێتو ئەزموونی وجودییمان لە نێو جیهاندا گەشە دەکات.

تەنیایی من کتێب بردی، لەرێگای کتێبەوە هەردیو هێمنو پەشێو شێرکۆ بێکەسو عەباس عەبدوڵلاّ یوسفو نەوزاد رەفعەتو دواتریش جەلال بەرزنجی... خۆشویست، رەزا سەید گوڵو شێرزاد حەسەنم لە رێگای رۆژنامەی (هاوکاری)یەوە ناسی نەك لە کۆلاّنو گەڕەك، حوسێن عارفم لە رێگای چیرۆکی (کانی رەحمانە) زێتر چووە دڵەوە... گەنج بووم دڵم بە ژیان خۆش بوو، دڵم بە گۆڤاری (بەیان)و (رۆشنبیری نوێ) دەکرایەوە، لە پۆلی یەکەمی ناوەندی زانیاری پڕ بووم لە وزەی ئەدەبیو لە وشە، دڵم بە مامۆستای کوردی (بابا عەلی بەرزنجی) دەکرایەوە، دەمزانی مامۆستا قەرەنی ئەسودد چۆن بیر دەکاتەوە... جگە لە بلاّوکراوەی ئەدەبی کە بە دیواری قوتابخانە هەڵمانددەواسی بەشداری ئاهەنگی قوتابخانەکانم دەکردو شیعری حەماسی هەژارو هێمنو پەشێوم دەخوێندەوە، پێش ئەوەی سیستمی خوێندن بە عەرەبی بکرێت، زۆر لە کتێبە

مێژووییەکانی تایبەت بە کوردم خوێندەوە، پێش ئەوەی (نەوزاد عەلی ئەحمەد) کۆمەڵە شیعریی (پۆلۆی ژووری نوتەك) چاپ و بلاو بکاتەوە، ئێمە هاوەڵی گەڕەكو هاوەڵی قوتابخانەی زانیاری بووین، زۆر جاران بەلای ماڵی نەوزاددا دەچووم بۆ ئەوەی بەیەکەوە ڕێگای قوتابخانەی زانیاری بگرینە بەر، لە بن دار قەیسییەکانی غاباتی کوران دەمانخوێند، ڕۆژانی هەینی بە نێو سەیرانکەراندا دەسوڕاینەوەو پڕ بە بەژنی خۆمان چاومان لە کچان دەکرد، لە شایی دەستەی گەنجانی گەڕەکی کوران کە زۆرجاران (کەریم گیان پۆلا) بە بەژنی زراڤییەوە گۆرانیو بەندی بۆ دەگوتن، دەبووینە بینەر و خۆزگەمان بە هەینیو چوارشەممەیەکی بەهاری دیکەی سەر بابەگوڕ گوڕ دەخواست.

قوتابخانەی ناوەندی زانیاری خۆش بوو، بە دزییەوە باسی کوردایەتیو کۆمۆنیستو پێشمەرگەمان دەکردو چێژمان لەوە دەبینی وەك گەورەکان قسان بە دزییەوە دەکەین، چێژمان لەوە دەبینی بەرە بەرە گەورە دەبین، چەند گەورە دەبووین ئەوەندە زێتر چاومان دنیای جوانتر دەبینی، چەند دنیامان بەرفرەوان دەبوو، ئەوەندە گوێمان بۆ قسان دەکردەوە. لە پۆلی یەکەمی ناوەندی لە هەموو رووییەکەوە چالاك بوومو لە ژووری نیگارکێشان بە یارمەتی هونەرمەند محەمەد خەتاب وێنەم دەکێشاو بۆ قوتابخانە یاری تۆپی سەبەتەم دەکردو بەشداری چالاکی ئەدەبیم دەکرد، خۆم لە ئیتحادی تەڵەبە دوور دەخستەوە... لە کۆتایی ساڵی 1978 دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە کادیرو لایەنگرانی حیزبی شیوعی لە شاخ گیرساونەتەوەو شان بە شانی هێزە کوردییەکان هێزی چەکدارییان پێکهێناوە، یەکەم کەس لە ژیانم داوای ئینتیمابوونم لێبکات قوتابییەکی موو زەردو باریکەڵەی دەم بە پێکەنینو لە خۆم بە تەمەنتر بوو، لە پۆلی دووەم بە ناوی (عەزیز) زۆر لێم نزیك دەبۆوە، هەتا ڕۆژێك لە ڕێگای هاتنەوەمان لە قوتابخانە پێیگوتم بۆ نایەیتە ریزی ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی؟ ئەوان بە بنەماڵە شیوعی بوون، من بە سەر زمانم داهاتو گوتم من دەمەوێ خۆم بم! ئەو

وەلاَمە زمان پێیکردم، بۆ خۆمو بۆ ئەو چاوەڕوان نەکراو بـوو، بۆیـە خەندەکـەی نەماو کەمێك شپرزە بوو و قسەکانی تێکەڵ کرد، عـەزیزی ددان زێـر لـە هـەر شوێنیَ بیبینم ئەو شپرزەییەی ئەو کاتەم بیر دەکەوتەوە.

زۆربەی رۆژانی هەینی بۆ سینەما دەچووین، هەر سێ سینەمای هـەولێر بـە فیلمی هیندی کێبەرکێیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، کەم فیلمـی هینـدی هـەبوو لـە دەستی بدەین، من (ئالان دیلۆن)ی فرەنساییم خۆشدەویسـت، هـەموو چـیرۆکی فیلمی هیندی (مەرد)و (سەنگام)و (کچی خەونەکان)م بۆ برادەران دەگێڕایـەوە.. هەموو ژیـانم خـەونو جولـە بـوو، شـیعریی برگـەیم وەك (گـۆران)و (کامـەران موکری) دەنوسیو چیرۆکم دەخوێندەوە، راهێنانم لەسەر خەتخۆشی دەکرد، چـێژم لەو خەتە دەبینی کە (کـازیوە)ی شـێرکۆ بێکەسـی پێچـاپکرا بـوو، ئەبوبـەکر خۆشناوم هەر لە رێگای گیڤارەی شۆڕشگێڕەوە خـۆش نەویسـت، بـەڵکو خەتـە تایبەتەکەی ئەوەندەی دیکە ئەوی لە چاوم نزیك کردەوە، کۆمەڵە شـیعری (مـن تێنویەتیم بە گڕ دەشکێ)ی شێرکۆ بێکەسو (پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیانو کوێستانمە)ی لـەتیف هەڵمـەت و (پشـکۆکان ئەگەشـێنەوە)و (رێژنـە)ی رەفیـق سابیرم بە دەیان جار خوێندۆتەوە، (چەشەی ئـەدەبی) عـەزیز گـەردیو ئـەدەبی بێگانــان، تەرجەمــەکردنی (وێرانــە خــاك-ی ئیلییــەت) لەلایــەن مــەحمود زامدارەوە...

لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە فیکرەی یەقینو حەقیقەتی رەها لـە زانسـتی بیرکاریو ئەزموونگەرییدا هەرەسی هێنا، گۆڕانکـاری لـە گریمانـەی بیرکارییـدا گۆڕانکاری لە دەرئەنجامـدا هێنـا ئـاراوە، کەواتـە یـەقین لـە کوێیـە؟ زانسـتی ئەزموونگـەرییو یاسـا رەهاکـانی (نیـوتن) لـە بەرانبـەر بابەتگـەرایی رووتو بەڵگەنەویست بە تەواوی دووچـاری هەرەسـهێنان بـوو... حەقیقـەتی رەهـا لـە زانستدا بوو بە هەڵم، حەقیقەتی رەها لە فەلسەفەدا بە هەڵم بـوو، یـەقین بـووە

وەهم و بۆ قەبارەی سروشتی خۆیو ڕێژەگەرایی گەڕایەوە...(میشیل فۆکۆ) دەیگوت: کۆی فەلسەفە دژ بە ئەفلاتوونە، هەموو فەیلەسوفێك دەبێ دوورو نزیکی خۆی لە ئەفلاتوون دیاری بکات، ئەوە پێوەری فەلسەفەیە! پێوەری ئەدەبی بەرگرییش بەپێی دوورو نزیکی لە خەونی میللەتو خەمی میللەتو وەستان بە دژی دوژمنو پەروەردەکردنی هەستی ڕەخنە پێوانە دەکرێ...ئەدەبی بەرگری سالآنی 1970ی کوردی جگە لە بەکارهێنانی ڕەمز بە شێوەیەکی قوڵترو فرەوانتر، هەندێ خەسڵەتی دیکەی خستە ناوەوە ئەویش یاخیبوون و تەمومژی، ئیقاعی خێرا بوو...من دەزانم ئەدەب پرسیار کردنە لە تاریکی، ئەدەب هونەری جوانییەو ناشێ بار بکرێ، ناشێ وەك سیاسەتو ئایدیۆلۆژیا سەرکەوتنو دڵنیاییەکان بنوسێتەوە، دەزانم زمانی ئەدەبو زمانی سیاسەت بە یەك ناگەن! سیاسەت لە ڕاستەوخۆ، ڕاستەوخۆترەو قسان دەبڕێ، هەڵگری تووندوتیژی و بانگەشەکردنو بڕیارە نەك مانا، ئەدەب ناڕاستەوخۆو جیاوازە، زۆرترین نەرمو نیانیو مانا لەخۆ دەگرێت، یەکێك لەو خەسڵەتانەی کە داهێنانی ئەدەبی هەرگیز دەستبەرداری نابێت هەڵچوونی زمانو نیگەرانیو چەپبوونە، یەکەمو دووەمیان بەریەکەوتنی پرسیارەکانی سەردەمو دنیابینی بەرجەستە دەکەنو چەپبوون لە ڕازی نەبوون لەوەی هەیەو بەردەوامیو قبوڵکردنی ئەویدیکەی جیاواز دێتەوە، دەمەوێ بڵێم داهێنانی هونەری هەمیشە شیعرییەت بەرهەم دەهێنێتەوە. داهێنان لە پرسی جیاوازو بەردەوامیو ئاستی بەرزی زمانو خەونی ڕەنگاوڕەنگو جوانیدایە.

## پرسیارکردن لە رۆمان و رۆمانی کوردی

(پێشمەرگە 1961)ی (رەحیمی قـازی) یەکـەمین رۆمـانی کوردییـە، یـان (مەسەلەی ویژدان 1970)ی ئەحمەد موختار جاف، یان (لە خەوما 1975)ی جەمیل سائیب؟!... رۆمان وەك کردەیەکی هونەری پەخشانئامێز لەسەر بنەمای گێڕانەوەو رووداوو کاراکتەر، لە نێوان خەیاڵو حەقیقەتدا خۆی دەبینێتەوە و بـە شێوەیەکی تا ئەندازەیەك ئاڵۆز دەچنرێت... رەنگە ئەو بە ناو پێناسەیە (ئاڵۆزی رۆمان) و (ئازادیی رۆمان) لەوێـدا هەڵگرێتـەوە، کـە تـاکو ئێسـتا نـەتوانراوە سنورەکانی رۆمان وەك پێویست دیاری بکرێت!! کەواتە پێشـمەرگەی (رەحیمـی قازی) ئاڵۆزترین رۆمانی چنراوی کوردییە، یان (لە خـەوما)ی جـەمیل سـائیب چەمکی ئازادی لە رۆمانی کوردی دەخاتە روو؟! لەسـەرەتادا هـەموو ئەوانـەش زۆر گرنگ نیین، گرنگ ئەوەیە لـە کـوێ وەسـتاوین، مـن دەڵـێم هـەتا ئـەوەی دەگوترا کورد رۆمانی نییە، با رۆمـان بنوسـین... لـە نوکتەیـەك وەسـتابووین، دەڵێت: کەسێك لە کافەیەکدا داوای قاوەیەکی بـێ سـەرتوو دەکـات، دوای نیـو

سەعات لە چاوەڕوانی، گارسـۆنەکە دێتـەوە دەڵێـت: سـەرتوومان نییـە، بـەس شیریشمان نییە، بۆ قاوەیەکی بێ شیرت بۆ دروست نەکەم.

لە شـاری هـەولێر هەمیشـە چـا خواردنـەوە بـاو بـووە، نـەك قـاوە! ئـەوە حەقیقەتە، حەقیقەت کراوەیـەکی دیـاریکراوە! ئـەو برادەرانـەی لـە دەرەوە بـە سەردان بۆ کوردستان دەگەڕانەوە لە دانیشتنەکاندا داوای قـاوە دەکـەن، دەڵـێن قاوە مێشکمان بە هێز دەکات، ئەوە نوکتەی زۆرمـان بـیر دەخاتـەوە، واز لـەو برادەرانەی هەندەران دەهێنم، چونکە پەیوەندی نوکتەی قاوە و ڕۆمـانی کـوردی بوو، توانی ئاسـۆی چـاوەڕوانیمان بـۆ سـەرتوو و شـیر بگۆڕێت! ئـەو نوکتەیـە تەماشامان بۆ ڕۆمانی کوردی لەدەرەوە بەرەو ناوەوە دەبـات، بـەلاّم سـەرتوو و شیر سەیرکردنمان لە نـاوەوە بـۆ دەرەوە دەگـۆڕێ... مـن سـاڵی 1978 پـۆلی دووەمی ناوەندی بووم، ناوبانگی سەرتوو و ماستی هەولێر زۆر لە پێش ڕۆمـانی کوردی بوو! نە خەونی جەمیل سائیب، نە مەسەلەی ویـژدانی ئەحمـەد موختـار جاف و نـە پێشـمەرگەی ڕەحیمـی قـازی، تـامی ماسـت و سـەرتووی نـەدەدا! ئەوەندەی چێژ لەسەرتوو و ماستی هەولێردا هەیە، ئەوەندە ڕۆمانی کـوردی لـە چێژی خوێندنەوە دوورە؟! بۆیە خوێنەری کوردی لە ڕووی کلتورییەوە نـەیتوانیوە سەرەتایەکی خوێندنەوەی چێژبەخش لەگەڵ ڕۆمانی کوردی دابمەزرێنێت.

هەنگاوی یەکەم تایبەتمەنـدی و گرنگـی خـۆی هەیـە، بـە قـەلاّی دمـدمی عەرەبی شەمۆ و زێڕینای ئامێدی مەنگوڕی و ئاشتی کوردستانی محەمەد سـاڵح سەعید... دەڵێن ڕۆمان؟! بەلاّم تەواو بـە ڕۆمـان ناگـەی، ئـەوە قسـەی کـاتی خوێندنەوەم نییە، قسەی ئێستامە، ڕەنگە قسەی ئەو کاتەشم بێ، کـە ڕۆمـانی (براکوژی) نیکۆس کازانتزاکیم بە تەرجەمە جوانەکەی (عەبدولکەریم شـێخانی) خوێندەوە، لـەوێ بـە ڕۆمـان گەیشـتم، تـا بـە ئـەمڕۆش دەگـات یـەکێك لـە ڕۆماننوسە خۆشەویسـتەکانمە و ڕەنگـە زۆربـەی ڕۆمانـەکانیم خوێندبێتـەوە... دووبارە دەیڵێمەوە لە ڕۆمانەکانی ئەوسای کوردی بە ڕۆمان ناگەی، نـەك لەبـەر

ئەوەی رۆمان سنوری دیاریکراوی نییە، بەڵکو چونکە بۆشاییەك لە نێوان واقیعی ئەزموونکراوی رۆمان و نەکردەی رۆمانی کوردیدا هەیە! رووبەری نەکردەی رۆمانی کوردی تا دەیەی هەشتاکان سنوری دیار نەبوو، بۆیە هەنگاوی یەکەمی خوێندنەوەی رۆمانی کوردی لە رووی چێژەوە ناگاتە ماستو سەرتوو، هێزی قاوەی بۆ مێشك نییە، کەمەك لە چێژ و هێزی رۆمانی کوردی ئەو دەمە هاتە ناوەوە کە هوشیاری نوسەرانی کورد گەیشتە ئەوەی بڵێن رۆمانمان نییە؟! با رۆمان بنوسین... ئەوە رووییەکی زۆر لە نوکتەوە نزیکە، ئەوە دەیەی هەشتاکان بوو...

گەنجیی چێژی خۆی هەیە، منی پانزە ساڵان چێژم لە قسەکردن و یاری کردنو خوێندنەوەو مەکتەب دەبینی، بەڵام دۆزینەوەی چێژی غاباتی کوران زۆر تایبەت بوو، دنیای غاباتی کوران دنیای سیاسەتو وەرزشو راوەدونانو خوێندنەوە بوو، غاباتی کوران کەسانی جیاوازی لەخۆ دەگرت، بێکارو چەقۆکێشو عارەقخۆرو قوتابیو دڵشکاوو هۆمۆسێکسوالو شاعیرو عاشق... هەر کەسەو بە نیازی ئەوەی دارێك بێتە سێبەریو بن پەرچێك پارێزگاری بکات، من لە غاباتی کوران خوێنەری بن دار زەیتوونەکان بووم، ئەو کات چەند چێژم لە قسەکردن دەبینی، ئەوەندەش حەزم لە ئەدەب بوو، چەند سەیری فیلمی هیندیم دەکرد، ئەوەندەش گوێم لە رادیۆی کوردی بەغداو تاران رادەگرت، چێژم لە عەباس محەمەدو تیپی باواجی کۆیەو شەماڵ سائیب دەبینی، بەلای جەمیل سائیبدا نەدەچووم، شەماڵ سائیب گۆرانیبێژێکی لەبەر دڵان بوو، بەڵام لە خەوما کورتە رۆمانێکە درزی نەکردەیی زۆر ئاشکرای تێدا دەبینرێت، شەماڵ سائیب شێوازێکی پڕ جولەی هیندییانەی خستە نێو گۆرانی کوردی، بەڵام رۆمانی لە خەومای کاکینە زۆڵمو زۆری سەردەمی شێخ مەحمود وەکو حیکایەتبێژان دەگێڕێتەوە! ئەوەی شەماڵ سائیب و جەمیل سائیب بە یەکەوە کۆدەکاتەوە بە گشتی هێزی هونەریو

ناشیرینی دەسەڵاتە، ئێستاش هێزی هونەری گۆرانیەکانی شـەماڵ سـائیب دلاّن دەبزێوی، ئێستاش ناشیرینیو زوڵمی نێو دەسـەڵاتی سیاسـی سـەردەمی شـێخ مەحمود لە لەخەوما جەرگان داخ دەکات...

لە لای (ئالان بادیۆ) هەرگیز رێزگرتنی ئەویدیکە بە مەسەلەی خێرو شەڕەوە پەیوەست نییە، ئەو دەڵی کاتێك لەگەڵ ئەویدیکـەی دوژمـن لـە شـەڕدا بیـت، رێزگرتن دەکەوێتە کوێوە؟ کاتێك خێزانەکەت لـە پێنـاو کەسـێکی دیکـە، زۆر دڕندانە بەجێت دەهێڵێت، کاتێك ناچار دەکرێیت قسە لە هونەرمەندێکی بێ نرخ بکەیت، کاتێـك زانسـت رووبـەڕووی تـاریکی دەبێتـەوە؟ زۆرجـاران رێزگرتنـی ئەویدیکە بێ ماناو زیانبـەخش خـۆی دەنـوێنێ، بەهـەمان شـێوە رقگـرتن لـە ئەویدیکەش! ئەو تێزەی بادیۆ رەخنەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، راستە ناشـێ لەگەڵ ئەویدیکەی ساختە لێبوردە بین، بـەلاّم دنیـای پۆسـتمۆدێرنە پێمانـدەڵێت هەتا ئەگەر بە شێوەیەکی لەمجۆرەش تێوەگلاین، دەبێ تـا رادەیـەکی دیـاریکراو وەك مرۆڤ رێز لە ئەویدیکە بگرین، نابێ ئەویدیکە هەر تەنها لە وێنەی نـەیار و دوژمندا کورت بکەینەوە، هەر تەنها وەك هەڵگری خراپە سەیری بکـەین، هـەر تەنها رووە نێگەتیڤەکەی ببینین و خۆمـان بـە پـۆزەتیڤ بـزانین... ئـەو مەیلـە شەڕانگێزە بوو، دنیایەك قوربانی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو تێڕوانینە گشـتگیرە، راستەوخۆ داننانە بە تیرۆر... پەندێکی جولەکەکان هەیە دەڵێت: مرۆڤێك رزگار بکەیت، وەك ئەوە وایە هەموو مرۆڤایەتیت رزگار کردبێ! بـەلاّم بەرانبـەر ئـەو پەنـدەش قسـەیەك هەیـە دەڵێـت: ئەگـەر یـەکێك دوژمنێکـی راسـتەقینەی مرۆڤایەتی بکوژێت (ئەوە هیچ کوشتنێك لە ئـارادا نییـە) تـەواوی مرۆڤایـەتی رزگار کردووە... کەواتە لەو نێوانەدا مـرۆڤ پێویسـتە لـە خزمـەتی حەقیقەتـدا بێت، هەموو مرۆڤێك پێویستە بە وەزیفەی مرۆییانەی خۆی هەڵبستێت؟! ئـەوە منم، حەزم لە رازی تەنیایی ئەحمەد هەردییە، عومەر دزەیی دنیایەکی هـێمنو بـە ورشـەی دەبەخشـییە مێشـك و دەروونم، حـەزم لـە لیمـۆی ترشـی شـێرزاد

عەبدولرەحمان‌و دەنگی عەبدوڵڵا دڵسۆز... نەبوو، هونەرمەندی شانۆکار ئەحمەد سالارو تەها بابان‌و دلشاد مەریوانی‌و مەزهەری خالقی گۆرانبێژو ئایاد زاخۆیی‌و ... رۆڵی هونەری دیارییان هەبوو، دوور دوور دەکەوتمەوە لە شەڕە شاپی نێو قوتابخانە، لە پیاهەڵدانە بێ نموودەکانی ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵات... دەسەڵاتی سیاسی‌و دەسەڵاتی هونەری هەرگیز لەگەڵ یەك بەراورد ناکرێن... هونەر جوانی و چێژە، سیاسەت ئازارو هوشیاری درۆیینە، هونەر هەمیشە مانایەکی دیکە بە ژیان دەبەخشێت، ئایدیالۆژیا هەمیشە مانا بە شتێك دەدات کە مانای نییە...

غاباتی کوران مانای جیاوازی بۆ پەراوێزان هەبوو، گەلێك ماڵی دووەمیان بوو، ئێمەی قوتابی لە نێو سەوزایی خەیاڵ و سەوزایی غاباتدا دەهاتین‌و دەچووین، لە نێو گوڵەکانی غابات‌و گوڵەکانی ژیاندا لە دنیا ورد دەبووینەوە، دوور لە واقیع هەر یەکە خەونی خۆی هەبوو، هەر یەکە پرسیاری خۆی لە تاریکی دادەگیرساند!! من و مامەند محەمەد قادرو ئیبراهیم ئەحمەد رەسول‌و محەمەد عوسمان... من‌و نەوزاد عەلی ئەحمەدو رەشید عەلی‌و مەجید حەمیدو سەرهەنگ حەسەن... من‌و فەرهاد محەمەد قادرو سەباح سەلیم... من‌و من، هەموو پێنجشەمموانێك چاوەڕێی رۆژنامەی هاوکاری بووین، گۆڤاری بەیان، گۆڤاری رۆشنبیریی نوێ رەواجی خۆیان هەبوو... کاتێك لە رۆژی کوردستان کورتە چیرۆکی (نێچیر)ی (محەمەد موکری)م خوێندەوە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە حوسێن عارف شارەزاییەکی زۆری لە هونەری چیرۆکنوسی هەیە، ئەوە حوسێن عارف بوو نوقلانەی بۆ ئەو چیرۆکنوسە کردبوو، ئەویش توانی لە ئاستی ئەو نوقلانەیەدا بێت‌و بە بلاوکردنەوەی چیرۆکی (ئامێردەکان) لە گۆڤاری بەیان بەراستی سەلماندی لە ئاستی داهێناندایە، پاش چەند رۆژێك دەسەڵاتی بەعس گۆڤاری بەیانی لە بازاڕ کێشایەوەو موکری ون بوو.

هەمیشە قسەیەك كە پێشتر دەگوترێت پەیوەندی بە حوكمدانەوە هەیە، حەقیقەت نییە، هەموو جەختكردنەوەیەك لەسەر ئەو قسەیەی كە پێشتر دەگوترێت خۆدزینەوەیە لە رووبەڕووبوونەوە، چونكە حەقیقەت ئاشكرابوونە لە رێگای قسەكردنەوە، هەموو رووبەڕووبوونەوەیەكی حەقیقیش ئازاری خۆی هەیە، گێڕانەوەی كوردی بەرە بەرە بە ئازارەوە گەورە دەبوو، بەلاّم وەك پێویست نەیتوانی ئازارەكان لە فۆرمێكی تازەو كراوەدا بخەملێنێ، نەیتوانی ناوكۆییەكی فرە رەهەند بۆ خەیاڵ فۆرمەلە بكات، نەیتوانی چێژی خەون‌و دنیابینی خۆی رابگەیەنێ... منیش پێم دەنایە قۆناغێكی دیكەی ئازارو خەون‌و خوێندنەوە، قۆناغی سێیەمی ناوەندی، بەعس و سەدام حوسێن فەزایەكی پڕ لە ترسیان دروست كردبوو، بەعس خۆی تاریك و هەموو دنیاش دەبایە بۆ ئەو رۆناك بێت، بەعس دەچووە نێو هەموو تاریكاییەكان، لە نێو دەروونی هەمووان بە دوای خۆیدا دەگەڕا، غەمی گەورەی ئێمە رەتكردنەوەی خوێندنی هەندێ لە وانەكانمان بە زمانی عەرەبی نەبوو، غەمی گەورەی ئێمە پاراستنی دەروون‌و مەودا بوو لەگەڵ هێزی بەعس، بەعس وەك كارەبا كوردی دەگرت، بەلاّم خوێندنی وانەی مێژوو و جوگرافیا بە زمانی عەرەبی كوردی زیندانی نەدەكرد... ئەمڕۆش بە جۆرێك لە جۆرەكان غەمی گەورە خۆ دوورخستەوە نییە لە خوێندن‌و خوێندنەوە بە هیچ زمانێك، غەمی گەورە پاراستنی مەودایە لەگەڵ دەسەلاّت، بەلاّم زمانی عەرەبی‌و بەعس دوورە، هەر ئەو رۆژانە بوو لە تەنیشت حیزبی بەعسەوە شۆڕشی 1979ی ئیمام خومەینی لە ئێران هێنایەوە سەر تەخت...

بەیانی رۆژی 1979/3/2 من و نەوزاد عەلی ئەحمەد بەرەو قوتابخانەی زانیاری لەگەڵ قسان دەرۆیشتین، من لە ناوەوە خۆم بۆ دەرفەتێك هەڵگرتبوو، كۆچی دوایی مەلا مستەفای بارزانی لە نەخۆشخانەی واشنتۆن بۆ نەوزاد باس بكەم... شەو (رادیۆی مۆنتیكارلۆ) بلاّوی كردبۆوە، بەلاّم نەمدەزانی چۆن ئەو هەواڵە بگەیەنم، دڵم لەلایەكی دیكە بوو، ترس زاڵ بوو، رووبەڕووبوونەوە ئازاری

خۆی هەبوو، بەلاّم دواجار بەر لەوەی بگەینە دەرگای قوتابخانە قسەی خـۆم کـرد ...

پۆلی سێیەمی ناوەندی دنیایەکی شیرینی پڕ لـە زانیـاری بـوو، قۆنـاغێکی تایبــەتی فێربــوونو ئاشــنابوون بــوو بــە دنیــای دەرەوە، قۆنــاغی پێگەیشــتنو تێگەیشتن... هەمیشە چالاکیەکانی خۆم لە بلاّوکراوەکـانی دیـواری مەکتـەبو گۆڕەپانی یاریو تەختە رەشی پۆل دەخستە بەر چاوان، تەختە رەشی پۆل لە بـەر منو دلشاد مستەفای خەتخۆش بەر کەس نەدەکـەوت، مـن و محەمـەد عـەلیو پوشۆ عەبدوڵلاّو خۆشەوی خورشیدو نەجات عەزیز قسەمان هـەرگیز لێنـەدەبڕا، لە پۆلی سێیەمی ناوەندی مامۆستای زانسـتمان نـاوی شـەهاب ئەحمـەد بـوو، شەهاب ئەفەندی وەك مامۆستا بابا عەلی بەرزنجی خەڵکی شاری کەرکوك بـوو، شەهاب ئەفەندی زۆر بە کەمی پێدەکەنی، رۆژێـك بـە نـەجات عـەزیزی گـوت ئەوەندە دەمت مەکەرەوە ئەگینا نێـوان چـاویلکە و دەمـت دەشـکێنم، چـونکە نەجات سمێڵی دەتاشی ئەگینا هەر دەیگوت سمێڵت دەپسێنم... پـۆلی سـێیەمی جیم لە ریزی پەنجەرە بەلای دەستە راست نەجات عەزیزو کانی عەبدولجەبار ئاغا لە پێش منو سەدرەدین عارف کە دواین کورسی بووین، دادەنیشـتن، ئـەوان لـە وانەی مامۆستا شەهاب دەمیان لە جولە نەدەکەوت، چونکە مامۆستا شـەهاب کە دەگەیشـتە نـاوی کـانی دەیگـوت زەمـانی ئاغایـەتی نـەماوە، وایـدەزانی بنەماڵەی کانی ئاغان، نەك شاعیر!

یەکێك لە وانە خۆشەویستەکان، وانەی زمانی کوردی مامۆسـتا بابـا عـەلی بەرزنجی بوو، ئەو کات لە ئـەدەبی کـوردی بـاوی ئەسـپ تـاودان بـوو، منـیش دەمویست لە وانەی زمانی کوردی ئەسپی خۆم تاو بدەم و بە نموونـەی شـیعریی وشەکان بخەمە رستەوە، مامۆستا بابا عەلی بەو نموونانەی من دڵی خـۆش بـوو، هەمیشە لە داڕشتن نمرەی باشی بۆ دادەنـام... بـەلاّم سـوریالیترین وانـە وانـەی

زمانی ئینگلیزی بوو، کە مامۆستا عەبدوللەتیف چەخماچی پێی دەگوتین، هەمیشە باسی خۆی دەکرد، ئێمەش لە کاتی خوێندنەوەدا هەر وشەو رستەیەکمان نەزانیبا یەکسەر دەمانپەڕاند، مامۆستا عەبدوللەتیف بە خەیاڵیشدا نەدەهات، زۆر جاریش کە مامۆستا عەبدوللەتیف نەهاتبایە ئەوە تێکەڵی پۆلەکەی تری مامۆستا (مەجید عبدالرحمان) دەبووین، مامۆستا مەجیدی نوسەرو وەرگێڕ لە زمانی ئینگلیزی لە گۆڤاری رۆشنبیریی نوێ تەرجەمەکانی خۆی بلاٚو دەکردەوە، هەمیشە وشەی کیپ کوایتی لەسەر زار بوو، کە تووڕە دەبوو بە سەباح سەلیمی قژ زەردی دەگوت: سەباح سەلیم سەخیف ناوی بابت چییە؟ سەباحیش هێمنو لەسەرخۆ دەیگوت مامۆستا سەخیف، ئینجا هەمووان پێدەکەنینو ئەویش تووڕەتر دەبوو، سەباحی لە پۆل دەردەکرد...

وەك چۆن ئێمەی قوتابی بە گشتی پۆلی سییەمی ناوەندیمان بڕی، بە هەمان شێوە رۆمانی کوردی ئەو نەکردەیەی خۆی تەجاوز کردو کەوتەخۆ، سەرەتای هەشتاکان رۆمانی وەرگێڕدراو بە گشتیو رۆمانی کوردی بە تایبەتی لە گەشە دابوو و خوێنەری لەخۆ کۆکردەوە! رۆمانی (نازە)ی ئیسماعیل رۆژبەیانی لە ساڵی 1981 لە بەغداد چاپ و بلاٚو کرایەوە، رۆمانی (جەمیلە)ی جەنگیز ئیتماتۆف- جەوهەر کرمانج لە عەرەبییەوە کردییە کوردی، ئەو دوو رۆمانە دوو دنیای رۆمانسییان بۆ گەنجی کورد خستە سەر پشت... رۆمانی (زەلیل)ی حسام بەرزنجیو رۆمانی (پیرەمێردو زەریا)ی هەمەنگوای بە تەرجەمەی شێرکۆ بێکەسو (خەندەلێو)ی فیکتۆر هۆگۆ، بە تەرجەمەی رەووف ئەحمەد تەعبیریان لە کۆڵنەدان و هەڵسانەوەی مرۆڤ دەکرد... لە میانی خوێندنەوەی ئەوسای من، حوسێن عارفی چیرۆکنوس لە (گەلەگورگ)دا وەك دەروناسێك لە رێگای مەنەلۆگەوە دەیبردینەوە ناخی خۆمان... سەگوەڕی (موکری) خەملاٚندنێکی رەخنەگرانەی شۆڕشی کوردی بوو، ئەگەرچی بە شێوەیەك لە شێوەکان دەکەوێتە

سەر هێلی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب، بەلاّم من نەمتوانیوە بە باشی یەك جار لە خەوما بخوێنمەوە، کەچی چواردە جاران سەگوەڕی موکریم خوێندۆتەوەو دواتر لێکۆڵینەوەیەکم لەبارەوە نوسی بە ناوی (شوێنکاتی یەکەم لە دووەمو ئێستای سەگوەڕ)دا لە ساڵی 2004 لە سێنتەری لێکۆڵینەوەی نما چاپو بلاّوکراوەتەوە... ڕۆمانی (کوێخا سێوێ)ی عەزیز مەلا ڕەش، (هەڵکشان بەرەو لوتکە)ی عەبدوڵلاّ سەراج، (شار)ی حوسێن عارف زۆریان لەخۆ کۆکردبۆوە...

ڕۆمان پێویستی بە ماڵی تایبەتی و ڕازەوەی خۆی هەیە، ڕۆمان لە ماڵی خۆی زێتر لە هەر شوێنێك کەشە دەکات و دەحەسێتەوەو زێتر لە هەر شوێنێك سەربەرزترو بەرجەستەتر خۆی دەنوێنێ... دەشێ گێڕانەوە سوود لە ماڵی ئەویدیکە و ئەویدیکەی جیاواز وەرگرێت، بەلاّم بەشێك لە بنەماکانی خۆی ون دەکات، بەشێکی گەورەی ڕۆمان هێز و وزەی خۆی لە فەنتازیای ماڵو لە سیماو هونەری ماڵ بە دەست دەهێنێ، گێڕانەوە ماڵی پارچە پارچە بێ، ناتوانێت وەك پێویست بوونی خۆی هەبێت، گێڕانەوە کە پشت بە ماڵێکی دیکە دەبەستێ (فەنتازیای نەتەوە، ئاراستەی سیاسی، دنیای ئەویدیکە...) ناتوانێ شانازی بە ڕووداوو سیما هونەرییەکانی خۆی بکات... مەرج نییە ماڵی گەورە گێڕانەوەی گەورە بخاتەوە، ڕاستەوخۆ گێڕانەوە پەیوەندی بە داهێنانەوە هەیە، ئەوە داهێنانە ڕووداو دەخولقێنێ، خولقاندنی ڕووداو هێزی مانەوەی گێڕانەوەیە، هەمیشە گێڕانەوەی ئیبداعی ماڵی خۆی و زمانی خۆی نوێ دەکاتەوە، ماڵی گێڕانەوە پێویستە زمانێکی وەسفی نوێ بۆ فەنتازیاکانی نەتەوەو ئاراستەکانی سیاسەتو ئاستەکانی گێڕانەوە... بدۆزێتەوە، چونکە زمان ئەو کاتانە دەبزوێ، کە لە کالاّبوونو بەکارهێنانە بێ نموودەکان ڕزگار کراوە، زمان ئەو کاتە دەبزوێ، کە بتوانێ ستراکتۆرەکانی پێشووی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، کە دروشمو کلیشەکانی دنیای کۆنی تەجاوز کردبێت، زمان لە ئاستەکانی داهێناندا دەبزوێ، زمان لە

داهێناندا رابردووی خۆی دەوڵەمەند دەکات، زمانی داهێنان هەرگیز بۆ رابــردوو ناگەڕێتەوە، بەڵکو رابردوو بە جۆرێکی دیکەی جیاواز بەرهەم دەهێنێتەوە... بە کورتی دەمەوێ بڵێم کێشــەی گێڕانــەوە هــەر تــەنها لــە تەعبیرکردنــدا کــورت ناکرێتەوە، لە داهێناندا زمان هەمیشە براوە نییە، زۆرجار شکســتی زمــان لــە داهێناندا پەیوەندی بە ماهیەتی پێکەوە ژیانو لێبوردنەوە هەیە، مەرج نییە لە گێڕانەوەدا زمان هەر تەنها کەناڵی وێناکردنی رووداو بێت، بەڵکو دەبێ کــەناڵی لە دایکبوونی دنیابینییەکی تازە بێت، کەناڵی لە دایکبوونی ئەو شۆکە بێت کە دنیابینی دروستی دەکات، کەناڵی دروستکردنی ئــەو هەســتە بێــت، کــە دواتــر دەبێتە پانتایی قسەکردن، زۆرجــار گێڕانــەوە رووداوێــك نییــە پەســنی بکــەین، بەڵکو رۆشتاییەکە پێویستی بە چاوێکی دیکەی بینین هەیــە، گێڕانــەوە زۆرجــار پەسن ناکرێ، بەڵکو زمانێکی دیکە بۆ وەسف کردن هەڵدەنێت...

## نیگای من و

## هەشتاكانی ئەدەبی كوردی

بزاڤــی روانگــە بەشــێكی زۆری ئــەدەبی حــەفتاكانی كــوردی (باشــوری كوردستان)ی داگیر كردبوو و بانگەشەی بۆ كۆمــەڵێ دروشــم دەكــرد لەوانــەش: وتەی نوێ، بیری نوێ، كرداری نوێ، لە رووی بیركردنەوە هــەنگاوێكی نــوێ بــوو بەرەو یاخیبوون لە دابونەریت، لە زمانی سروشئامێزی گــۆران و هاورێكــانی... روانگە هەرگیز شۆڕش نەبوو، روانگە یاخیبوون لــە رووی رەمزگــەراییو زمــانی ئەدەبیو هونەرییەوە، بانگەشەی تیۆری هونەر بــۆ هونــەرییان دەكــرد، هــەموو ئەوانەش رووییەكی نوێی بە ئەدەبی كوردی بەخشی...

بە بڕوای من هەشتاكانی ئــەدەبی كــوردی ئەوەنــدە تاریــك نــەبوو، ئــەدەبی هەشتاكان جگە لە پەرەپێدانی چێژی هونەریو زمــانو جوانكــاری، مەعریفــەی ئــەدەبی قــوڵتر كــردەوەو دنیابینییــەكی بوونگەرانــەی بەرهــەم هێنــا! دەشــێ جوانكاریو زمانی مەعریفیو خودگەرایی وەك سیمایەكی جیاوازی شــیعرییەتی

هەشتاکان هەڵگرینەوە، دەمەوێ بڵێم بە شێوەیەکی گشتی ئاکامی شیعرییەتی هەشتاکان، دەکەوێتە نێوان چێژو خودگەراییەوە.

ساڵی 1980 شەڕی عیراق‌و ئێران دەستی پێکردبوو، من قۆناغی ناوەندیم تەواو کردبوو و رووەکردبووە ئامادەیی، لە ماڵەوە کۆمەڵێك کتێب و گۆڤارو رۆژنامەم هەبوو، شانازیم بەوە دەکرد زۆرێك لە شیعرە کلاسیکییە کوردییەکانم ئەزبەرە، هەندێك شارەزایم لە کێش‌و عەروزو رەوانبێژیدا هەیە، دەمتوانی کێشی خۆماڵی پەنجە دیاری بکەم، خۆزگەم دەخواست ئەو کتێبە چاپ ببێ‌و بیخوێنمەوە، کە ئەحمەد هەردی لە بارەی عەروزەوە نوسیویەتی، دەمتوانی بە زمانی عەرەبی بخوێنمەوە... تەمەنم خۆی لە 17 ساڵی دەدا، لە نێو هەموو گەنجە بە کێشەکان، گەنجێکی بێ کێشە و خەونبین و رەوان بووم، بەشێکی دیاری هێمنی من لە رووی بایۆلۆجییەوە پەیوەندی بە ناوەوەمەوە هەبوو! تەمەنم خۆی لە 17 ساڵی دەدا، لەگەڵ کوڕانی دەرو دراوسێ بە پانتۆڵی شارستۆنەوە بە دوای کچانەوە بووین، نامەی دڵداریم بۆ برادەرانم دەنوسی‌و داوای بەشی نامەکانم دەکرد، داوای کتێب‌و گۆڤارم دەکرد، بەڵام نەمدەوێرا داوای ماچ‌و خۆشەویستی لە کچان بکەم! دەشێ قسەیەك فرێ بدەیت‌و بڵێی "خۆشمدەوێیت" بۆ ئەو بانگەشەکردنەش رەوان و پاك بیت، بەڵام مەرج نییە بزانی چۆن لەو خۆشەویستییەدا دەژی، چۆن لەگەڵ هەڵوێست‌و شتەکاندا دێیتەوە، لە زەمانی گەنجێتی ئێمەدا پێش ئەوەی بیر لە خۆشەویستی بکەینەوە، بیرمان لە جیاوازی چینایەتی دەکردەوە، ئەوسا جیاوازی چینایەتی بۆخۆی دیاردە بوو لە کۆمۆنیستەکان بەجێ مابوو، جیاوازی چینایەتی حیکایەتی زۆری دەگێڕایەوە، گەنجان لە ئاکامی جیاوازی چینایەتی دەترسان نەك لە ماڵ، بیرمان لە ئاکامی خۆشەویستی دەکردەوە! ئەگەرچی من لە خۆشەویستیدا کەمجار نامەکانم فرێدەدران... هەر کتێبێکم بۆ خوێندنەوە وەرگرتبا بە ماوەیەکی کەم دەمگەڕاندەوە و دەمتوانی باسی هێلی گشتی کتێبەکە بکەم، نەمدەمتوانی بیر

له ئاكامی جیاوازی چینایەتی بكەمەوە، دەمتوانی بیر لە ماڵ بكەمەوە... هەندێ كچ زۆر لێم نزیك دەبوونەوە، ماچم نەدەكردن! گوێمان لە هاوڕێ بە ئەزموونەكان دەبوو دەیانگوت خۆشەویستی كردەیە نەك بیركردنەوە، خۆشەویستی كردەیە دەكەوێتە دەرەوەی تێگەیشتنی كتێبو ئەزموونو بیرەوەرییەوە! خۆشەویستی تەنها لە كاتی عاشقبووندا دەبێ بە فیكر، بۆیە لە كلتوری كوردیدا دەڵێن عاشق كوێرە... لە خۆشەویستیدا بەیەكگەیشتن گرنگ نییە، بەڵكو تێگەیشتن لە جیاوازی گرنگە، هەڵوێستت بەرانبەر هاوژیانیو لەنوێوە ژیان خاڵی سەرەكییەو لەو خاڵەوە حەقیقەت خۆی بونیاد دەنێتەوە! لە خۆشەویستیدا حەقیقەت بە شێوەیەكی بابەتی دیاری ناكرێ، حەقیقەت شتێك نییە بۆ تێگەیشتن، بەڵكو هەمیشە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە... حەقیقەت لە خۆشەویستیدا نوێنەرایەتی ناكرێ، بەڵكو دەگیرێت؟! خۆشەویستی چاو چاوانێ نییە، بەس من لە چاو چاوانێی دوور بە دوور ئازا بووم... گەنجێكی خەونبینو خەیاڵیو قۆز بووم، لە نزیكەوە دەست و پێ سپی.

غاباتی كوران تا دەهات زێتر تێكەڵی خوێنو دڵو دەروون دەبوو، من هەر خوێنەری بن دار زەیتوونەكان بووم، بەهارانی هەینی و چوارشەممەی سەر بابا گوڕ گوڕ هەر خۆشترین رۆژانی هەفتە بوون، جولەی پێشمەرگە و چرپە چرپی نێو گەنجان هەر گەرمی بە گیان دەبەخشی، من رۆژ بە رۆژ زێتر بەرەو بێدەنگیو بەرەو ناوەوەی خۆم دەبوومەوە، جولەی پێشمەرگە زێتر دەنگی دەدایەوە، من زێتر خەون و خەیاڵ و داڕشتنی زمان دەیبردم، كێشەی من كێشەی زمانی قسەكردن و كێشەی رووبەروو بوونەوە بوو، كێشەی پێشمەرگە ئەوە بوو كێ زووتر دوژمنی زۆردار بشكێنێ، من هەتا ئێستاش لە نێوان وشەیەك بۆ گوتنو وشەیەكی دیكە خەون دەبینمو خەیاڵم بە دوای رەهەندێكی دیكەی ناوكۆییو دەلالەتو ماناوەیە... بازنەی دوژمنی پێشمەرگەش هەتا دەهات گەورە دەبوو!!

(ئەلیف شەفەق)ی ڕۆماننوسی تورك لە (ل 93) ڕۆمانی چل ڕێساکەی عەشق، بە تەرجەمەی مامۆستا (جەلیل کاکەوەیس) دەڵێت: "زۆربەی کێشەکانی دنیا لە هەڵەی زمانەوانیو بەدحاڵبوونێکی سادەوە سەرهەڵدەدەن. قەت وشەکان بە واتا ئاشکراکەیان وەرمەگرە. کاتێ بازنەی خۆشەویستی قوڕسو سەخت دەبێت. زمانی دەربرینەکەیشی بەسەردەچێت. چونکە ئەو شتەی بە پەیڤان دەرنابردرێ. تەنها بێدەنگی دەرەقەتی دێ."

منو بێدەنگی، منو شەڕی عێراقو ئێران بەرەو یەکتر هەڵدەکشاین، دنیای مارکسی و ئەنتی مارکسی، ڕێگاخۆشکردن بۆ ئەنتی مارکسیو قەدەغەکردنی مارکسی تەواوی خەیاڵی داگیر کردبووم، خەونبینو بێدەنگی من، لەگەڵ هەڵکشانی ڕۆمانسییانەی عەبدوڵڵا پەشێوو دەنگدانەوەی تیپی مۆسیقای سلێمانی و چالاکیەکانی قادر زیرەكو شوان پەروەر یەکیان دەگرتەوە... تاهیر تۆفیق هەر ڕەمزی کەسایەتی و نەبەردی بوو، کەس نەبوو حەسەن گەرمیانیو محەمەد جەزای خۆش نەوێ، زۆربەی خوێنەران ئاگایان لە ڕۆژنامەی هاوکاریو گۆڤاری بەیانو شیعرو ئەدەبیاتی ڕەفیق حیلمی، دیوانی گۆران و لەتیف هەڵمەت، مارف خەزنەدارو داغستانی منو تەرجەمەکانی دیکەی عەزیز گەردیو ئاورەحمانی حاجی مارفو جەلال تەقیو شاکر فەتاح، ڕەخنە ئەدەبییەکانی ئازاد عەبدولواحید لە بارەی لەتیف هەڵمەت... بوون! لەگەڵ فەرهاد محەمەد قادر لە کتێبخانەی گشتی هەولێر دادەنیشتینو دیوانی شیعریی دەگمەنمان بە خەتی خۆمان دەنوسییەوە، هاوینان بە پارەی کرێکاری کتێبمان دەکڕیو دەچووینە سینەما، گوێمان لە دەنگی حەسەن زیرەك و شوکرڵڵای بابان دەگرت...

ژیان بە خۆزگەی ئێمە دیاری ناکرێت، بەڵکو ئەوەیە کە لەسەر زەمینی واقیعدایە، ژیانو سیاسەت ئەوە نییە، کە لە پێناسە تایبەتییەکانو کۆبوونەوە جۆراو جۆرەکانەوە باس دەکرێن، ژیان پەیوەندی بە تاکەوە هەیە، سیاسەت

پەیوەندی بە کۆوەیە، ژیان خۆشە، سیاسەت ترسناك! ژیان پەیوەندیکردنە بە هەموو شتێك و هەموو کەسێك، سیاسەت هەرەسهێنانی ئابوری‌و بێگاری‌و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، یەکێك لە وانە گەورەکانی سەدەی بیستەم، ئەو وانەیە بوو، کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو پێش باسکردنی دیالیکتیکی مەتریالی (لینین) بە روسەکانی گوت، ئەویش (نان و ئاشتی) بوو، ئەوە ئەو دوو شتە بوو، کە خەڵکی دوای سەرکەوتنی شۆڕش دەیانویست، ئەوەی کابرا کەچەڵەکە گوتی هەتا ئێستاش راستە، نان پەیوەندی بە ژیانەوە هەیەو ئاشتی ئاراستەی سەربەخۆیی تاك دیاری دەکات... شەڕی عێراق و ئێران دەنگی دابۆوە، بەڵام ژیان لە خوانە بوو، بەعس بەو هەموو ترسەی خۆیەوە دەوری نانی دابوو، بەڵام نان لە خوانە بوو، بەعس ترسناك! لە یەکجیاکردنەوەی نان و ئاشتی دنیایەك گرفتی بە دواوەیە، بەڵام نەبوونی نان مردنی بە دواوەیە، مردن لە پێناو نان و مردن لە پێناو ئاشتی دوو شێوەی مردنن، مەرج نییە یەکتر پڕ بکەنەوە، بەڵام ژیانیش بەبێ ئەوان کورتی دێنێ، ئەگەرچی هەموو ژیانیش نین؟! شەڕی عێراق‌و ئێران ژیانی تاڵ کردبوو، کورد بە بیانوی جیا جیا لە شەڕ خۆی دەدزییەوە، شەڕ دڵی ژیان دەگرێ، مرۆڤ بێ نرخ دەکات، شەڕ شەڕە جگە لە وێرانەیی هیچی لێ ناڕوێ، شەڕ ژیان بێ نرخ دەکات... بە نێوانگری سیکۆتۆرییەی سەرۆك، شەڕی عیراق و ئێران وەستا، ئیمام پیاڵە ژەهرە تاڵەکەی خواردەوە، سەدام حوسێن وەك پاڵەوانی نەتەوەیی سەرکەوتنەکانی دنیای کەڕ دەکرد؟!

مەرج نییە هەمیشە پیاوی عاقڵ زۆرترین قسە بەدوای خۆیدا کێش بکات؟! ئەوە گێلە پیاو بوو، دنیایەکی پان‌و بەرینی لە باوەش گرتبوو، گێلە پیاو لە نوسینی رۆماننوسی تورك (عەزیز نەسین) و لە تورکییەوە عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەریگێڕابوو... لەبەر ئەوەی سێ جارم خوێندبۆوە شارەزای هێلە تایبەت‌و

پێچەکانی ئەو رۆمانە بووم، کوردییە شیرینەکەی عەبدوڵڵا حەسەن زادە ئەوەندەی دی ئەو رۆمانەی لەبەر دڵان نابوو، ئەوەندەی من ئاگادارم ئەو رۆمانە وەکو با بە هەموو لایەکدا دەچوو، ماڵەو ماڵ دەستاو دەستی دەکردو چاو و چاو دەخوێنرایەوە، گێلە پیاو وانەیەك بوو لەگەڵ دیدی کوردی بەیەکەوە بە کونی ژیان وەدەکران. رۆماننوسی تورك (عەزیز نەسین) تێڕوانینی راستەوخۆ و نێگەتیفانەی ئێمەی بۆ چەمکی گێل خستنە بواری رەخنە و لێوردبوونەوەوە، دنیایەکی دیکەی نیشان داین، کە دەکەوێتە دەرەوەی تەفسیری کلتورییمانەوە! چەمکی گێل لە رۆمانی ناوبراودا بەو مانایە دێ، کە ئێمە کەمتر عاقڵو پێگەیشتووین لەوەی بیری لێدەکەینەوە... کەمتر دەستمان بە شتەکان رادەگات، لەوەی دەمانەوێ! ئێمە هەمیشە مەبەستمان ئەوە نییە، کە دەیڵێین، ئەوەی بەردەوام مەبەستمانە نایڵێین! گێلە پیاو فێرمان دەکات مرۆڤ بە خەیاڵو حەزو هەڵەو ناماقوڵییەکانییەوە جوانە، پێمان دەڵێت لە پشت ئەو جیهانە سادەو پاكو شەفافە، مرۆڤی ئاڵۆزیش هەیە! پێمان دەڵێت مرۆڤی عاقڵ بە هەموو ماناکانی دەژی، عەقڵ خۆ دوورخستنەوە نییە، لە سنورە بەیەکداچووەکانی ژیان، بەڵکو عەقڵ دروستکردنی رێگا چارەیەکە لەگەڵ خود... ژیان گەڕان نییە بە دوای بنەمایەکی واقیعی، بەڵکو دامەزراندنە! ژیان بەرجەستەکردنی پرنسیبێکی لە پێشیینە نییە، بەڵکو داهێنانە...

لە نێوان زمانی قوتابخانە و زمانی ئەدەبی دەریایەك هەیە، دەریایەك لە مانای دیاریکراو و ئازادیی بێکۆتایی... بەڵام رەنگە بە شێوەیەکی گشتی ئاکامی زمانی شیعری روانگەو زمانی هەشتاکانی شیعری کوردی رەمزییەتو شیعرییەت لە یەکیان جیا بکاتەوە؟! زمانی شیعری روانگە بەشێکی زۆری زمانی ئاراستەکردنو سیاسەتو توونوتیژییەکانی نێو شاری هەڵگرتبوو، زمانێکی بارکراو و ماندوو، زمانێکە لە خەمی ئایدیۆلۆژیاو شاربووندا، خەمی گەورەی روانگە خۆی لە گوتنو گەیاندنی ئاراستەی رەمزی ئەدەبیو رەمزی

شارستانیو ڕەمزی ناسیونالی دیاری دەکات... بەڵام زمانی شیعری هەشتاکان باڵی کراوەترو فڕینی ئازادترە، بە هەموو لایەکدا دەچێتو بە هیچ ناگات، پەرت دەبێو لە خەمی کۆکردنەوەدا نییە، خەمی گەورەی زمانی هەشتاکانی ئەدەبی کوردی هیچ نەگوتنە، بۆ ئەوەی زۆرترین گوتن لە نەگەیشتندا بوروژێنێت! لە نێو ڕوانگە و هەشتاکاندا ئاکامی نەخشی زمانی شیعری هەندێکیان بە شێوەی جیاواز سەرسامان دەکات، لە ڕوانگەدا زمانی شیعریی شێرکۆ بێکەسو عەبدوڵڵا پەشێوو ئەنوەر محەمەد جاف... لە هەشتاکاندا زمانی شیعریی عەباس عەبدوڵڵا یوسفو هاشم سەراج و جەلال بەرزنجی و دلشاد عەبدوڵڵا... ڕەمزییەتی ڕوانگەو شیعرییەتی هەشتاکان زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا، بەڵام کەمی گەورە کرد؟! بە شێوەی جیاواز لەتیف هەڵمەتو ڕەفیق سابیر... لە شیعری ڕوانگە دەبنەوە، حەمە عومەر عوسمانو ئەنوەر مەسیفیو قوبادی جەلی زادە بە شێوەی جیاواز لە شیعری هەشتاکان دەبنەوە! قسەکردنم لە بارەی ڕەمزییەتو شیعرییەت بەو مانایە نییە، کە ڕوانگە بەتاڵە لە شیعرییەتو هەشتاکان بەبێ ڕەمزییەت هەنگاو دەنێت! ڕوانگە سیمای زمانی لادێی جێهێشتووەو هەشتاکان سیمای جیدانۆفییەتی تێدا بەدی ناکرێت... بەڵکو مەبەستم دیارترین خەسڵەتە، بێگومان ئەو قسەیەم دەیەوێ لەو دیارەوە ئاماژە بە ڕووە ئیشکالییەکەی ئەو خەسڵەتانە بدات. قسەیەك ئەگەر بشێ لە نێوان شیعری ڕوانگەو هەشتاکاندا بیکەم ئەوەیە، کە دەقی داهێنەرانە کۆن نابێت، بەو مانایەی کە لە هەموو خوێندنەوەیەکدا ڕوویەکی دیکەی خۆی نیشان دەدات، یان بە مانا باوەکە خۆی زێتر دەکاتەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ بە خوێنەرەوە بەندە... من لێرەدا ناچمە نێوان تیۆری دەقگەرایی و خوێنەرگەراییەوە، بەڵام بێگومان هیچ دەقێك بە بێ خوێنەری جیاواز، بوونی نییە... هیچ دەقێکیش قابیلی خوێندنەوەی جیاواز نییە، ئەگەر دەقێکی ئیبداعی نەبێت! بەو مانایەش

دەمەوێ بڵێم دەقی ئیبداعی هەرگیز ناگیرێ، هەمیشە وەك قابیلی خوێندنەوەی جیاواز دەمێنێتەوە...

روانگە لە گێڕانەوەدا حوسێن عارف قەڵەمڕەوی دەکرد، لە شیعردا شێرکۆ بێکەس، دڵنیا بن ئەو قسەیە گشتگیر ناکەوێتەوە! ئەوە گفتوگۆی نێوان رێژەگەری و گشتگیری بوو مافەکانی مرۆڤی بەرهەم هێنا، لێرەش قسەکانم وەك خوێنەر مافی من دیاری دەکات... من دەڵێم حوسێن عارف وەك چیرۆکنوس و وەك شارەزای هونەری گێڕانەوە کۆمەڵێك خوێنەری شارەزای ئاراستە کردو شێرکۆ بێکەس وەك سەرکێشێکی شیعریی، شیعری کوردی داپۆشی!! بێگومان هەردووکیان کۆمەڵێك بەخششیان بە دوای خۆیاندا هێنا... لە نێوان شیعرو گێڕانەوەدا هەرگیز گێڕانەوەی سەردەمی روانگە لە کاکە مەمی بۆتانی و ئەحمەد شاکەلی... کورت ناکرێتەوە، کۆی ئەو قەیرانانەی کە گێڕانەوەی روانگەی تەنگ کردبوو، بەشێکی لە میانی قەڵەمی حوسێن عارفدا هەناسەی دەدا، دواتر هەموو بەخششەکانی گێڕانەوەی روانگە، لە هەنگاونان و پێشکەوتنی گێڕانەوەکانی محەمەد موکری و رووف بێگەردو سەلاح عومەرو شێرزاد حەسەن و رووف حەسەن و حەمە فەریق حەسەن و حەمە کەریم عارف و عەبدوڵلا سەراج... رەنگی داوە. بە بڕوای من قەڵەمکارییەکانی حوسێن عارفی روانگە، لە هەشتاکاندا دابەشی تەوەرەی جیاواز دەبێت و محەمەد موکری و شێرزاد حەسەن و حەمە فەریق حەسەن بەشێکی زۆریان بەردەکەوێت. وەك چۆن شیعریی سەردەمی روانگە لە جەمال شارباژێری و ئەنوەر محەمەد جاف و جەلالی میرزا کەریم و سەلاح شوان... کورت ناکرێتەوە، بەڵام قەڵەمکارییەکانی شێرکۆ بێکەس کەمترین سەرکێشی شیعرییان لێدەکەوێتەوە، دەشێ ئاماژە بە حەمە عومەر عوسمان وەك یار و ئەنوەر مەسیفی وەك نەیار بکەم. هەناسەکانی گێڕانەوە درێژ دەبنەوەو بە رۆمان دەگەن، بەڵام سەرکێشییەکانی شیعر قوڵ دەبنەوەو رەوتی جیاواز دەنەخشێنن!

رۆمان لەسەر چەند رەگەزێك دەچنرێت، لەسەر چەند رایەڵێك رۆدەنرێت: گێڕانەوە، فیکر، کاراکتەر، رووداو، شوێنکات... چنینی هەموو ئەوانەش بە شێوەیەکی هونەری شیعرییەت بەرهەم دەهێنێت... دەمەوێ بڵێم شیعرییەت رەگەزێك نییە لە رەگەزەکان، بەڵکو لە کۆی چینیندا دەردەکەوێت، شیعرییەت رایەڵێکی دیاریکراو رابەرایەتی ناکات، بەڵکو لە چۆنگوتن و چیگوتندا خۆی دەدۆزێتەوە! ئەو قسەیەم کەمتر پەیوەندی بە رەخنە و لێکۆڵینەوە و تیۆرەوە هەیە، زۆرتر لە خەیاڵی خوێنەرەوە نزیکەو لەوێشەوە من وەك خوێنەری رۆمانو رۆمانی کوردی هەشتاکان دەمەوێ ئاماژە بە دەستەواژەی (هەڵنەکردن)ی خوێنەری کوردی و رۆمانی کوردی بکەم، هەڵبەتە هەڵنەکردن وەك دەرئەنجام کۆمەڵێك پرسی لەخۆدا هەڵگرتووە، بۆ نموونە: بۆ رۆمانی کوردی زوو لە بیر دەچێتەوە، بۆ رۆمانی کوردی لە یادەوەری رۆشنبیریی خوێنەری کوردی ناپارێزرێت، پەیوەندی رۆمانی کوردیو کلتوری کوردی لە کوێوە دەستپێدەکاتو لە کوێ لێکجیا دەبنەوە، رۆمانی کوردی لە رووی رووداو چنینو لە رووی ریتمی فیکرو دنیابینییەوە چی خستە سەر ئەفسانەو حیکایەتی کوردییەوە؟!

دەتوانم بڵێم گێڕانەوەی کوردی لە هەشتاکاندا پێناسە ناکرێت، بۆیە وەڵامی گونجاویش بۆ ئەو پرسیارانەو پرسیاری دیکەش تەمومژاوی دەکەوێتەوە! بەڵام بە بڕوای من ئەوەی هەتا ئێستا رۆمانی کوردی پێوەی دەتلێتەوە راستەوخۆ پەیوەندی بە چنینی رایەڵو هێڵەکانەوە نییە، بەڵکو ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە فیکرو جیهانبینییەوە هەیە! بە رای من رۆمانی کوردی لە رایەڵەکردنی فیکرو دیاریکردنی جیهانبینی سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، ئەوەش پەیوەندی بە دوو شێوە لە گرفتی کارکردن هەیە: یەکەم، دیدی رۆماننوسی کوردی بەرانبەر فیکرو دنیابینی لە گێڕانەوەدا ونەو خوێنەر لە تویێ ریتمی خاوی چنینی رایەڵەکاندا خەو دەیباتەوە، لە باشترین حاڵەتدا دوای خوێندنەوە، خوێنەر

دەكەوێتەوە سەر حیكایەت... دووەم، لە رۆماندا هەمیشە فیكر ئاوێتەی فیكرە، بیركردنەوەو كلتوورو خەیاڵ... مەعریفەی زەخیرەكراو رابەرایەتیان دەكات، بەڵام لە رۆمانی كوردیدا رایەڵی فیكر تێكەڵ بە چنین دەبێتو رووداو دەبیاتو كاراكتەر دەیگرێتەوە!! بۆیە ئەو رۆمانە كوردییانەی لە رێگای رووداوی گەرمو ریتمی خێراوە خوێنەر بۆ خۆیان رادەكێشن، دەرئەنجامی زۆربەیان لە چنیندا پەرت دەبێتو لە كاراكتەردا بە هیچ ناگات... بە كورتی یەكەمیان سەلەفییانە بابەت چارەسەر دەكات! دووەمیان عەدەمییانە بەردەبێتەوە نێو چنینەوە.

بەڵام شیعری هەشتاكان هەر تەنها وەك شیعرییەت و رەمزییەت پێناسە ناكرێت، شیعری هەشتاكان دوو بانگەشەكاری هەبوو، سەلاح شوان و مەحمود زامدار، یەكەمیان سەر بە روانگەو دووەمیان سەر بە پێشرەوایەتی هەشتاكان، یەكەمیان بەرگری لە هاوسەنگیو بابەتگەراییو واقیعگەرایی دەكرد، دووەمیان پەرتبوونو تەمومژییو جیهانگەرایی... یەكەمیان بانگەشەی دیدێكی ئاسۆییو رەمزی دەكرد، دووەمیان بانگەشەی دیدێكی شاقولیو مەعریفەی شیعری دەكرد، یەكەمیان سەر بە كلتوری نەتەوەیی بوو، دووەمیان كلتوری جیهانی... ئەو دوو دیدە مەدلولگەراو دەلالەتگەرایە، ئەو دوو دیدە راسترەو و چەپڕەوە، ئەگەرچی هەندێ جیاوازیشیان هەبوو، بەڵام وەك پێویست ئامادەیی رووبەرووبوونەوەی فیكرو مەعریفەی شیعریو دنیابینیان تێدا نەبوو، وەك پێویست ئاگایان لە تیۆرەی ئەدەبی نوێ و رەخنەییەكانی دنیای تازە نەبوو، وەك پێویست نەیانتوانی پانتاییەكی گونجاو بۆ تیۆریزەكردنی مەعریفەی شیعریو سیستمی فیكریو كلتوری ئامادە بكەن... دەتوانم بڵێم لە دیدی یەكەمیان كەریم دەشتیو جەمال غەمبار... جیا دەبنەوە، لە دووەمیان جەلال بەرزنجیو هاشم سەراج...

## له خوێندنەوەوە بۆ خوێندنەوە

**ئێمە لەو کتێبانەوە فێر دەبین، کە لێیان تێناگەین.**
**"گۆتە"**

خوێندنەوە فەزایە، بۆیە دەخوێنینەوە تاکو فەزایەکی دیکەی جیاواز بە خۆمان دروست بکەین... لە تیۆری (وەرگرتن) لە یەك نەچوونی دەق و خوێنەر وەك یەکێك لە مەرجە بنەڕەتیەکانی (ئاوێتەبوون) قسەی لێدەکرێت! بۆ ئەو مەسەلەیەش رەخنەگری ئەدەبی (وولفگانگ ئایزەر) سوودی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیو دەروونییەکانەوە وەرگرتووە بۆ نموونە: لە بواری کۆمەڵایەتیدا تێکەڵبوونی دوو کەس ئەو کاتە بەشێوەیەکی بەهێز روودەدات، کە هەر یەك لەوانە بتوانن ناسنامەی کۆنی یەکتر لەبیر بکەن، لە نوێوە یەکتر بناسن، چونکە لە کاتی لەبیرکردنی ناسنامە کۆنەکانیان هەر یەك لەسەر ئەویدیکە لە ڕێگای خوێندنەوەی حەقیقی خۆی یان "ناشت" وێنەیەك دروست دەکات، یان تەئویلی تایبەت بەخۆی دەبێت و هەر لەسەر بنەمای ئەو وێنەیەی کە لە یەکەم ناسینەوە دروست دەبێت، پەیوەندی نوێ دادەمەزرێنێ، دامەزراندنی پەیوەندی نوێ لەنێوان ئەو دوو کەسە، لەسەر بۆشو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، جگە لە پشتبەستن بە خوێندنەوەی حەقیقیو تەئویل شتێکی دیکە نییە، هەموو

خوێندنەوەو تەئویلێکی نوێی دەقیش رەهەندێکی جولاو و نوێ بە تێڕوانین‌و بیرکردنەوەی خوێنەر دەبەخشێت! وەك دەزانین هەمیشە تێڕوانین و بیرکردنەوە لەسەر تەئویلی کۆن‌و پێشینە، حاڵەتە جێگیرو پەڕگیرەکە یان کۆنەکە زێتر دەچەسپێنێت، بەو مانایەش هیچ خوێندنەوەو تەئویلکردنێکی نوێ لەسەر ناسنامەی کۆن لە دایك نابێت، چونکە خوێندنەوەو تەئویلکردن لە دەرەوەی ئیبداع نییە، بە مانایەکی دیکە خوێندنەوە و تەئویلکردن لەسەر ناسنامەی کۆن، زۆرجار بۆ وەهم دەگۆڕێت، بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەوەشدا خوێندنەوەو تەئویلکردنیش وەك کردەیەکی بەردەوام لە تێگەیشتن، هەرگیز خاوەنداریێتی ناکرێت، بەڵکو فۆرمێکە لە فۆرمەکانی بوون لە جیهاندا، بەو مانایەش دەشێ "وەهم"و " تەئویلکردن" دوو فۆڕمی هاوپەیوەست بن...

به بڕوای من دەشێ کۆی ئەو قسانە تەرجەمەی سەر بنەمای جیاوازی‌و ئەزموونی جیاوازیی بکەین، ئەزموونی جیاوازیی سێنتەرگەرایی دەکەوێتەوە، بەو مانایەش ئەگەر بەردی بناغەی جیاوازی لەسەر ئەزموون دروست بکەین، ئەوە ئەویدیکە دەکەوێتە پەراوێزەوە... بەلاّم ئەگەر بنەمای جیاوازی لەسەر بەیەکگەیشتن دروست بێت، ئەوە بە رووداوەوە پەیوەست دەبین! لە بەیەکگەیشتنێك کە پشت بە ئەزموون دەبەستێت، چەمکی جێگیربوون رابەرایەتیمان دەکات! لە بەیەکگەیشتنێکدا کە لە رووداو دەکەوێتەوە، حەقیقەتی جیاوازی رابەرایەتیمان دەکات! حەقیقەتی رووداویش دەکەوێتە نێو حەقیقەتی دنیاوە. هەمیشە لە بەیەکگەیشتن وەك رووداو، خۆم لە پێناو ئەویدیکە لەبیر دەکەم، ئەوەش پرۆژەیەکی بوونگەرانەیە، بونیادنانی دنیایە لە دیدێکەوە کە دووره لە پاڵنەری ساکارانەی مانەوە و بەرژەوەندی راستەوخۆ... بەمجۆرە بونیادنانی رووداو هەمیشە جیاوازی دەخاتەوەو ئەزموون جیاوازی جێگیر دەکات.

لە خوێندنەوەی سیمیۆلۆژیادا (دەق) کۆمەڵێك دالەو دەبێ تـەئویل بکرێـت، ئەو کاتەش دەق بوونی هەیە کە دەخوێنرێتەوە، هیچ دەقێك بێ بـوونی خوێنــەر بوونی نییە، بـەو مانایــەش سـیمیۆلۆژیا لەســەر زنجیرەیــەکی بـێ کۆتـایی لــە بەرهەمهێنانەوەی (دال) دەژیت! لە خوێندنەوەی هیرمینۆتیکادا (خوێنەر/وەرگر) هۆکاری (بوونی خۆی) لـە بەرهەمهێنانــەوەی ماناکـانی (کـار)دا دەدۆزێتــەوە، دەبێ لە کاردا بەدوای دۆزینەوەی ماناکانی بوونی خوێنەردا بگەڕێین، لە میـانی ئەو هۆکارەوە خوێنەر بەهایەك بۆ (بوونی هەنووکەیی) خۆی بەجێ دەهێنێت.

من لە ساڵی 1983 لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر وەرگـیرام، ئەوسـا وەك خوێنەر بوونی خۆم لە ئاوێتە بوونی خوێندنــەوەو کتێبخانــەی گشــتی هــەولێردا دەبینییەوە، منی خوێنەری بێـدەنگی ژووری خوێندنــەوەی کتێبخانــەی گشــتی هــەولێر، خوێنــەرێك بــووم لــە بــەیانی زووەوە چـاوەڕێی هــاتنی کارمەنــدانی کتێبخانەم دەکرد، یەکەم کەسی سـەر لیسـتی کتێبـە ئـەدەبی و فیکرییــەکان، یەکەم کەسی سەر کورسییە بە جێڕە جیڕەکانی فەزای سـاردو تــەنیاو بێـدەنگی، دنیای کتێبخانەی گشتی، دنیای خەیاڵو بێدەنگیو بیرکردنــەوە، دنیـای چـێژی شــاراوەو مەعریفــەی نێــو کتێبــانو ونبــوون... کتێبــە کوردییــە فیکــریو ئەدەبییەکان لە (سی و پێنج) کتێب تێپەڕی دەکردو نەدەکرد، یان هەر ئەوەنـدە تەنیایی منی بۆ خۆی رادەکێشا، کتێبە عەرەبیو تەرجەمەکراو بۆ ســەر زمــانی عەرەبی بێ ژمار بوون... من لە تەنیایی کتێبخانەی گشتی قسان دەکەمو هـیچ دیار نییە، هــیچ شــتێك لــە چـێژی نــەبینراو ناخەمــەوە، ئــەوەی دەیگێڕمــەوە پرسیارکردنە لە تاریکی، کتێبێکە لەگەڵ خۆم، زمانێــك، مەســتییەك لــە هــیچ شتێ ناکات، نەبینراوی نێو بینراوەکان، ئەو کتێبە تەماشام دەکـاتو نـابێ بـێ دڵی بکەم، زمانێکە بۆ خۆی دێتە گۆ، دەمبینێ بێ ئەوەی قسان بکـات... لــە دنیای کتێبخانەی گشتی بــەرەو جیــاوازی بوومــەوە، بــەرەو تارمــایی، ئــەوەی

شکسپیر وەك تارمایی دەیدوێنێ، بەرەو تارمایی، ئەوەی فرۆید وەك نەست وێنای دەکات، بەرەو تارمایی خود ئەوەی بوونگەراکان قسەی لێدەکەن، بەرەو تارمایی وەك جۆرێك لە بینراوی حەقیقی، وەك جۆرێك لە نەبینراوی بینراو، هەستی نەست، تارمایی ئەو وێنە نزیکەی لێم نابێتەوەو هەموو شتێکیش نییە، وێنەی خۆم کە دەشێ بە هەژموونی ناکۆکی مێژووی تەنیایی، خودئەڤینی شۆڕشگێرانە ناوی بەرم، وەك تارمایی تێکەڵی دەبم و دەنگی دەبینم، شەوان دێنە خەونم، پێم دەڵێن باوکت هاتەوە، منیش هیچم لە دەست نایەت تەنها باوەڕکردن نەبێ، باوکەکانی من کۆمەڵێك تارمایی بوون لە نێو کتێبان قسەیان بۆ دەکردم، لە تەنیاییم راست دەبوونەوە، شۆڕشی من شۆڕشی نێو کتێبان بوو، دەزانم ئەوە خۆدانە دەست گۆچانی کوێرییە، خۆدانە دەست نهێنی کتێبان، خۆدانە دەست شەوی کتێبان، خۆدانە دەست نیگەرانی! نادیاری، کتێب، تەنیایی، کۆمەڵێ رەگەزن لە رەگەزەکانی خۆدانە دەست خودئەڤینی شۆڕشگێری و مەنەلۆگ و زمانی رۆشنبیریی... زمان دەست بەسەر هەموو رەگەزەکاندا دەگرێ، دووبارە وەك تارمایی دەردەکەوێتەوە، ئەو قسەکردنە بەرەو قسەکردن لە بارەی رۆحەکان، یان سەرەکانەوە چڕۆ دەکات، سەری هیگل کە مارکسی دروست کرد، سەری مارکس کە ڤالێری دروست کرد... ئەوە ڤالێرییە ئاماژە بۆ رۆح دەکات: رۆح توانای لە دایکبوونەوەی هەیە! من دەڵێم تارماییەکان هەندێجار وەك نەخۆشی بە دوامانەوەن، بەرەو کوێ دەچین، کێ پێشمان دەکەوێ، نەخۆشی، بەرەو مردن... دوور دوور دەڕۆم بەرەو تۆ نایەمەوە، دڵنیام تارمایی گوێم بۆ ناگرێ، تارمایی رۆحی باوکەکانمە، من نیگەرانم ناگەڕێمەوە، هاملێت دەگەڕێتەوە، لە کۆتاییدا مێژوو بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، رابردووی رەها بەو مانایەی کە داهاتووە، لە هەموو شتێ ون دەبێت، دەبین یان نابین ئەوەیە شکسپیر، شکسپیر دێ بۆ ئەوەی لەبەرانبەر تارمایی سوێند بخوات، بەڵام من رۆیشتم، رۆیشتم... لە فرۆیدو دایستۆیڤسکیو کافکاوە، لە کامۆ و سارتەرەوە

له مونیف و هەمەنگوا و ئەدۆنیس و ئیدوارد سەعید و رامبۆوە، لە بیاجیۆ مەحمود دەروێشو ئیکۆوە... هەموو باوکەکانم لە کتێبخانەی گشتی هەولێر جێهێشت، (مەحاڵی جیاواز) مایەوە، هەمیشە بیر لەوە بکەوە مەحاڵی جیاواز بۆخۆی دەتوانێ بمێنێتەوە، بۆخۆی؟!... دەبێ یان نابێ، ئەوە جیاوازییە دەتوانێ دووبارە وێنەمان بگرێ! تەنیایی و مەنەلۆگو نیگەرانی وێنەکانی منی رەنگ کرد...

لەسەرەتایی هەشتاکان و ئەوەی هەتا ماوەیەکی زۆر درەنگ خووم پێوەگرتبوو، تێکدانی سیستمی شەو و رۆژ بوو، تێکدانی سیستمی شەوو رۆژ لە پێناو خوێندنەوە، لە پێناو مەنەلۆگ، نەمدەویست لە پێناو گرنگی سیستم حەزی خۆم لە دەست بدەم! من و تەنیایی، منو بێدەنگی لەگەڵ کتێب سیستمی شەوو رۆژم بۆ خۆم دروست دەکرد... منو ڤالیۆم شەومان دروست دەکردو رۆژم دادەهێنا، هەمیشە بێ تاقەتی خۆم بە ڤالیۆمو حەبی خەوتن چارەسەر دەکرد، راستی خۆم لەوەی هەیە دەدۆزییەوە، جوانیش هەر لەوەدایە، بۆ ئەوەی بە هێزەوە بەرەو کتێب هەنگاو بنێم، کاتی نوستنم بە ئەندازەی نزیك و دووری لە کتێب دادەنا، هەمیشە دەمویست زۆرترین کاتم بۆ خوێندنەوە بێت و ئەوەی ماوە بۆ نوستن، لە پێناو دروستکردنی کاتی زێتر بۆ خوێندنەوە کەمجار لە کاتی خۆی ئامادەی خەوتنو نانخواردنو خۆشۆردنو دانیشتن لەگەڵ ماڵەوەو پابەندی خێزانو هاورێتیو... بووم، لە نێو هاورێکانم وەك کەمتەرخەمێ ناسرا بووم، کەمجار وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەستلەملانێی دنیاو دەوروبەر بووم... دنیای من دنیای خوێندنەوە و مەنەلۆگ و دەوروبەری من کتێب بوو، جوانترین شیعرو کورتە چیرۆکم لە نێو پاس لە رێگای نێوان ماڵ و بازار خوێندەوە، من هەموو شوێنێکم وەك کتێبخانە تەماشا دەکرد، هەموو کاتێکم بۆ خەیاڵو لێوردبوونەوە...

پەیمانگای تەکنیکی هەلێرم بە سێ ساڵان تەواو کرد، لە بری دوو ساڵ، نەك لەبەر ئەوەی دەرنەچووم، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەچوومە ریزی (سوپای گەل)ەوە، کە حیزبی بەعس شانازی پێوەدەکرد، ئەوسا هەر فێرخوازێك بە راهێنان و چوونە رێزی سوپای گەل رازی نەبایە، نەیاندەهێشت لە قۆناغێکەوە بەرەو قوناغێکی دی، لە پۆلێکەوە بەرەو پۆلێکی دی هەنگاو بنێت، وەك چۆن من بەو هەموو دوودڵی و نیگەرانییەی خۆم هەندێك شیعرم نوسی، بەلاّم نەمهێشت چاوی ئەویدیکە تەماشای بکات، حیزبی بەعس بەو شێوەیە وەفای گەل و وەفای قوتابیانی تاقی دەکردەوە، منیش بەو شێوەیە خۆم لە دنیای نوسین تاقی دەکردەوە، بەو شێوەیە دەبوایە خوێنکاران کرنووش بۆ دەسەلاّتی سەربازی بەعس بەرن، من ساڵێکی خوێندم لە پەیمانگا بووە قوربانی پابەند نەبوون، وەك چۆن چەندین بە ناو شیعرم لە تاریکی ئەبەدی زیندانی کرد! بەرانبەر بە بەعس تەنها من نا، زۆرێك لە خوێندکاران سڵییان لەو کرنوش بردن و پابەندنەبوونە دەکردەوە، بەلاّم بەرانبەر شیعرەکانم تەنیا من بووم سڵ لە پێشاندان و بلاّوکردنەوەیان بکەمەوە... هێزی ئەو یاخیبوون و ملنەدانەی ناوەوەی من بۆ خودی خۆم دەگەڕێتەوە، بەلاّم هێزی ئەو یاخیبوون و ملنەدانەی ناخی کوردان و قوتابیانی کوردو بەرپەچدانەوەی هێزی عەسکەرتاری بەعس بەشێکی زۆری بۆ زەبری پێشمەرگەو بزاڤی نەتەوایەتی کوردو میدیای چیا دەگەڕێتەوە، سەربەرزی چیا و هەستی کوردایەتیو دەنگی زولاڵی هەندێ لە هونەرمەندان و نوسەران کاریگەرییەکی زۆری بەسەر بەعسەوە هەبوو، وشە هەستی یاخیبوون و مەیلی پابەندنەبوون و دژبوونەوەی دەچاند، وشە و وشە رستێك گوللە بوو دڵی دوژمنی خەڵتانی ترس و رەشبینی و ئاوڕدانەوە دەکرد، دنیای کوردایەتی، دنیای بوێری و دنیای وشەی کراوە بوو، تا دەهات دنیای پێشمەرگە پڕتر و دنیای وشە بەرفرەوانتر و پڕ خەیاڵێتر و دەوڵەمەندتر دەبوو...

سەرەتای هەشتاکان دنیای من، دنیای کامۆو سارتەر بوو، شیعری نالیو دنیای فرۆید و شیعری پێشەنگ! دنیای هەشتاکانی من دنیای شیعرییەتی یاخی لە هەموو دابونەریتێ، یاخی لە دەسەلآتی باو، دەسەلآتی مانا، ریتم، وێنە، دەسەلآتی کێشو قافیەو موزیکا، دەسەلآتی سیاسیو کۆمەلآیەتیو سایکۆلۆجی، دەسەلآتی رەوانبێژی... دنیای شیعری بێگەرد، دنیای هونەری جوانیو هونەری وەشاندنی زمانو چێژ... مەعریفەی شیعرییو فەزای شیعرییەتو زمانی هونەری... لە بارتو تۆدۆرۆفو ریفاتێر مابۆوە، بەشێکی گەورەی رۆشنبیریی سەرەتای هەشتاکان بۆ کلتوری فرەنسی دەگەڕێتەوە، هەموو ئەوەش لە رێگای زمانی عەرەبی یان فارسییەوە دەگەیشت، دامەزراندنی دەزگایەکی تەرجەمەی وەك "مائموون" لە شاری بەغداد کۆمەڵێك دەرگای بەسەر کلتوری دنیادا کردەوە، سالآنە کردنەوەی پێشانگای کتێبو داشکاندنی نرخیان لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیریی عیراق، دەرچوونی گۆڤاری (ئەدەبی بێگانان) لەو دەورو زەمانە بزاڤێکی گەورەی رۆشنبیریی لەگەڵ خۆی هێنا، گۆڤاری بەیانو رۆشنبیریی نویێ و رۆژی کوردستان، رۆژنامەی هاوکاری... لەسەرەتای هەشتاکاندا پێشانگاکانی کتێب لە بەر زۆری خوێنەرانی جمەی دەهات، لە شاری هەولێر لقی چاپەمەنییەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی عیراق دەکەوتە بەرانبەر کتێبخانەی (ئەحمەد جەمیل)و دادگاوە، لە یەکێك لەو پێشانگایانە من زۆر بە تامەزرۆییەوە بە دوای کتێبەکانی فرۆیددا دەگەڕام، لە تەنیشت منەوە کوڕێکی قورمزیو بزۆز دەستی بۆ رەفەکانی بەردەمی من درێژ کردوو کتێبێکی فرۆیدی دەرهێنا، چاوی من بەوێوە بوو، کەچی وەك ئەوەی ئەو کوڕە کتێبەکەی خەلقکردبێ وابوو، وەك ئەوەی ئەو کتێبە لە ئاسمانەوە لەگەڵ دەستبردنی ئەو کەوتبێتە خوارەوە، منیش راستەوخۆ دەستم بۆ ئەو شوێنە درێژ کردو دانەیەکم هەڵگرت، کوڕەکە پاش سەیر کردنی ناوەڕۆکەکەی کتێبەکەی

خۆی داناوەو لە بارەی فرۆیدو دەروونشیکارییەوە دەستی بە قسان کرد، ئەو کەسەی کە بە ئاسانی دڵی خۆی بۆ من کردەوە (ڕێدار ئەنوەر) بوو، هەر لەوێ بە هۆی فرۆیدەوە بووین بە هاوڕێی یەکترو هەر لەوێ شوێنی چەند کتێبێکی دیکەی بەنرخی نیشاندام، هەتا ئێستاش ڕێدار ئەنوەر بەو دڵەوە دەژیو منیش خۆشمدەویت... قازانجی ئێمەی خوێنەر لەو پشێوی و نیگەرانییە، کتێب بوو... دنیا هەرچی گرفتاری زێتر بێت، پشێوی زێترە، دنیای ئەدەبی کوردی بەو کەمخوێنییەی خۆیەوە دەرگاکانی کراوە بوو، دنیای هونەری تەشکیلیو شانۆ دەرگایان کراوەتر... دەقی شانۆو پێشانگای تەشکیلیی خوێنەر و بینەری خۆیان بەرهەم دەهێنا، یاری تۆپێنو باسکەو سەبەتە چێژی خۆیان دەبەخشی... سەرەتای هەشتاکان بەسەر هەمووانـدا کراوە بوو، تەنها بۆ پێشمەرگەو سیاسەتو کوردایەتی نەبێت، بەعس ڕێگای بە هەمووان دەدا، تەنها ڕێگای بە ئازادی نەدەدا، بۆیە ئەدەبو هونەرو ڕۆشنبیری دەستی بە هیچ نەگەیشت، بیرکردنەوەو خەیاڵی جوان بە داماوی مایەوە، ئازادی ئازادی، هەرگیز داهێنان ناکەوێتە دەرەوەی ئازادییو بوێرییەوە، هەرگیز داهێنان بێ ئازادیی ناژی...

حەز دەکەم بڵێم زەمەن ئازادییە لە داهێناندا پێدەگات، حەز دەکەم بڵێم هەندێ شیعری (گۆران) دەستی مرۆڤی بەرنەکەوتووە، زمانی گۆران وەك سروشت دەگەشێتەوە، لەگەڵ شینی ئاسمان بەرز دەڕوانێ! هاملێت دەڵێ (Time is out of joint) زەمەن بوونەوەرێکە لە دەرەوەی بەیەکگەیشتن، یان دەکەوێتە دەرەوەی گفتوگۆکانی خۆیەوە، یان زەمەن وێرانکەرە، دنیای سەرەوژێر کراوە! هەموو ئەو بابەتانەی باسی کۆتاییەکانیان دەکرد لە زەمەنی خۆیاندا پێگەیشتن، کۆتایی مێژوو، کۆتایی مارکسییەت، کۆتایی فەلسەفە، کۆتایی مرۆڤ و دوایین مرۆڤ... زەمەنێك بوو خۆراکی سەر خوانەکانی خوێندنەوەو راڤەکردنو لێکدانەوەی جیاواز بوون، کۆتاییەکان زەمەنیان بۆخۆیان دروست کرد، دەشێ هاملێت لەو ڕستەیەدا بەردەوامیمان بیر بخاتەوە،

چونکه شکسپیر قسە لە زەمەنی ناوەوە دەکات. زەمەنی هاملێت وەك داهێنـان زەمەنێکە بێ پچڕان نوێ دەبێتەوە، زەمەنێکە لـە داهێنانێکـەوە دەچـێتە نێـو ئەویدیکەوە، بارستاییەك لـە داهێنـان بونیـاد دەنێـت... هـەموو شۆڕشـەکانو هەموو داهێنانە مرۆییەکان دەیسەلمێنن کە زەمەن بەیەکەوەنوساو نییە، بـەڵکو زەمــەن زەمــەنی داهێنــانو شۆڕشــە مەزنەکانــە... بێگومــان بــەهۆی فیکــری بەیەکەوەنوسـاوەوە نـاتوانین بەشـێوەیەکی جەوهـەری لـە داهێنانێکـەوە بـەرەو داهێنانێکی دیکەی جیاواز، لە شۆڕشێکەوە بەرەو شۆڕشـێکی دیکـەی جیـاواز بگوازینەوە.. ئەگەر بەردەوامی هاملێـت پێـدراوی راسـتەوخۆی ئاگـایی بێـت، بێگومان ناگات، بۆیە شکسپیر دەیخاتـە دەرەوەی بەیەککگەیشـتنەوە، بێگومـان ئاگایی داهێنان لە شارەزایی دەرەکی وەرناگرێت، ئاگایی داهێنـان ئاگاییـە بـە ساتەوەخت! بۆیە تەرجەمــەی ئـەو رسـتەیەی شکسـپیر وەك دریـدا لـە کتێبـی (تارماییەکانی مارکس) قسەی لێدەکات، دەکەوێتە دەرەوەی گفتوگۆکانییـەوە، بەو مانایەش زەمەنی هاملێت زەمەنی وێرانکردنە...

لە هەشتاکانی ناوەندی رۆشنبیری عیراقیـدا هـیچ یەکشـەمەیەك رۆژنامــەی (جمهوری) بێ شیعری (خەیری مەنسور) باوەشی بە خوێنەرانـدا نـەدەکرد، هـیچ ژمارەیەکی گۆڤاری بەیان نەبوو، لە پۆستەی خوێنەرانیدا گاڵتە بە خوێنەرە تازە قەڵەمەکانی نەکات، لە عیراقدا گۆڤـارو رۆژنامــەو هەفتەنامـە نـەبوو، یەکـەم لاپەڕەی بە وێنە (سەدام حوسێن) پڕ نەکرێتەوەو گوتارەکانی ستایش نـەکرێت... هەموو ئەوانە سەرچاوەی رۆشنبیریو مەعریفەی ئەدەبی پێکدەهێنا، بۆیە دەڵێم کتێبی (چەشەی ئەدەبی) کە عەزیز گەردی وەریگێڕابوو، جێگایەکی شیاوی لـە بیرکردنەوەو بەدواداچوونو خوێندنەوە پڕ دەکردەوە، لە چەشەی ئەدەبییـەوە فێـر بووین، چۆن گەشە بە چەشەی خوێندنەوە بـدەینو چـۆن رێگـای خوێندنـەوەمان هەڵبژێرینو لە کوێ بە خۆمان دەگەینەوەو لە کوێ لە خۆمـان جیـا دەبینـەوە،

چەشەی ئەدەبی حیکمەتی وەرگێر نیشان دەدا، بە راستی چەشەی ئـەدەبی بـوو، فێـری هەڵبـژاردنو چـێژی هەڵبـژاردنو هونـەری هەڵبـژاردنی کـردین... لـە هەشتاکانی ناوەنـدی رۆشـنبیریی کـوردی جگـە لـەو سەرچـاوانەی نـاوەوە لـە دەوروبەریش کتێبو بلاۆ کراوەی جۆراوجۆر دەهێنـرانو دەستاودەسـت دەکـران، یەکێك لەسەرچاوە نزیکەکانم (سەردار سـەعید سـۆفی)و (سـەید حیسـام الـدین بەرزنجی) بوو، کە کتێبی دیوی رۆژهەلاتی کوردستانیان لە رانیەو قەلادزێوە بـە قاچاغ بۆ هەولێر دەهێناو لە ژێر قەلاّی هەولێر بە دزی بە هاورِێو خوێنـەرانیان دەفرۆشـتنەوە... لەسەرچـاوە نزیکـەکانم هـاورێی پـەیمانگام (فـارس هـەمزە باخەمرەیی) و(عەبدولواحیـد ئیـدریس شـەریف) بـوو، کـە بلاۆکراوەکـانی نـاو شۆڕشییان پێدەگەیاندم... دنیای کتێبی کوردی ئەگەرچی کـەم هێـزو بەرتەسـك بوو، بەلاّم بە هۆی ترسو نیگـەرانیو گومانـەوە چـێژی تایبـەتیان دەبەخشـی، هەرگیز ئەو کەمە مەعریفە و چێژە زۆرەم بیر ناچێتەوە، کەمجاران پێشمەرگە بـە چەکەوە لەلایەن هێزی بەعسەوە دەسگیر دەکرا، زۆرجاران نوسـەران و خوێنـەران بە هۆی کتێبو بە کتێبەوە دەبرانە دائیرەی ئەمنەوە، چـەك زۆری مـاڵی وێـران کرد، هەروەها کتێبیش کەمی نەکرد، منیش یەکەم شیعری خۆم سـاڵی 1985 بە ناوی (پایز) لە رۆژنامەی هاوکاری بلاۆ کردەوە...

## من و یەكێتی نوسەرانی كورد-لقی هەولێر

سوكرات لە دووری شاری زاڵمان پیاسە دەكاتو لە نێو قساندا خەون بە شارێكی دیكەوە دەبینێ! سوكرات لە دەرەوەی شاری زۆرداران، لەگەڵ قسان هەنگاو دەنێو خەون بە شارێكی دیكەوە دەبینێ! شاری زاڵمانو شاری زۆرداران لەو دوو نەخشەیەدا یەك واتایان هەیە، بەلاّم دەشێ زاڵم شار بەرێوە بباتو زۆردار ئەوە بێ كە واز لە دەسەلاّت ناهێنێت؟! لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەزانم لە شەڕی نێوان كەسەكانو هۆزو گروپو دیدە جیاوازەكان... خەونبینین یۆتۆپیایە، خەونبینین ئەو كاتە واقیعییە كە دادپەروەری بوونی هەیە، راستە دادپەروەری چەمكێكی ئیشكالییە! من چیرۆكنوس نیم، بەلاّم هەوڵمدا زاڵم لە نادادپەروەری وێنا بكەم و زۆردار لە شەڕدا بنەخشێنم، چونكە لە مێژووی دەسەلاّتی كوردیدا خەونبینین هەمیشە كورتی دێنێ، نهێنی دەسەلاّتی كوردی لە ژمار نایەت، بە داخەوە مێژووی دەسەلاّتی كوردی، مێژووی شەڕو نادادپەروەرییە، نهێنی دەسەلاّتی كوردی ئەو نهێنیانەشن كە شەهیدان بردیانە ژێر گڵ.

ساڵی 1990 ئیمپریالیزمی ئەوروپی کۆتـایی هـات، سـاڵێك دواتـر شـارو شارۆچکەکانی کوردانی باشور دژی زوڵمو زۆری بەعس هەڵسـانەوە، سـلێمانیو هەولێرو دهۆكو کەرکوك، لەبەر دەستی بەعس رزگار کـران، ئـازادیی کـوردانی باشور لە دوای راپەڕینی ساڵی 1991 خـەونێك بـوو، بـە ئاسمانـەوە باڵـەکانی لێکدەدا، بە ئاسمانەوە چاوەکانی دەتروسکایەوە، بە ئاسمانەوە، بـە ئاسمانـەوە... دوای راپەڕینی ساڵی 1991 خۆشی لـە زۆر مـاڵی کـوردان تـا تـاقی ئاسمـان دەچوو، لە هەندێکیان شـینو رۆ رۆ... باوانیـك بـە رۆڵـەکانیان شـاد بوونـەوە، ماڵباتیٚ دڵی خۆیان بە ئازادبوونی نەتەوەکەیان دەدایەوە.... هەندێك بە ئازادی گەشانەوە، هەندێك بڕوایان وایە کە ئازادی لە ئیمپراتۆرییەتی رۆمانیاوە دەستی پێکرد، ئەو کاتەی کۆیلەکان ئازاد کران... لـە ئـەوروپا رووخانـدنی دەسـەلاٚتی رەها تاکگەرایی هێنا ئاراوە، بەلاٚم رووخاندنی زوڵم و زۆری بـەعس هەسـتکردن بە بەرپرسیارێتی لای دەسەلاٚتی کوردیو تاکی کوردی دروست نەکرد، بە داخەوە عـەقلاٚنیەتی سیاسیو دیموکراسـی کـە حیزبـی کـوردی بانگەشـەی بـۆ دەکـرد، خەونێکی دیکە نەبوو، فەزاکانی ئازادی نەکردەوە! ئێمە لە کتێبانەوە فێر بووین لە دایکبوونی ئازادی بە جیاوازی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگاوە بەنـدە، لـە دایکبوونی ئازادی بە ماف و ئیمتیازەوە پەیوەستە، لـە کتێبانـەوە فێـر بـووین ئەوە ئازادییە وا دەکات، تاکەکانی کۆمەڵگا زێتر هەست بە مافو بەرپرسـیاری بکەن، مرۆڤ بۆ ئەوەی بە دوای خەون و ئامانجـە تایبەتیەکانیـدا بچـێت، دەبـێ ئازاد بێت، بۆ ئەوەی حەزو هیواکانی بەدی بهێنێت، دەبـێ ئـازاد بێـت، دەبـێ مرۆڤ لە هەڵەکردنیش ئازاد بێت، بوونی ئازادی دەلالەتی بەرپرسیارێتی لـەخۆدا هەڵگرتووە، بە داخەوە دوای زوڵمی بەعسـییان، کتێـب بـە فریامـان نەکـەوت، دەسەلاٚتی کوردی نـەیتوانی سیسـتمێکی جیـاوازو واتایـەکی دیکـەی جیـاوازو کلتورێکی جیاواز بەرهەم بهێنێتەوە، کتێب کەوتە زبڵدانی مێژووەوە، دەسەلاٚتی کوردی نەیتوانی پێویستی ژیانی تاکی کوردی دابـین بکـات! لـە دوای راپـەڕین

تاکی کوردی زێتر درکی بە مەترسی ژیانو نائارامی ژیان کرد، کتێبو مەعریفە بێنرخ کرا.

دوای سیستمی بەعسییان، خەونەکانمان بە ئاسمانەوە دەتروسکایەوە، نوسەرانی کورد قاچێکیان لەسەر زەوی بوو، یەکێك لەسەر باڵی سیمرخ... شاعیران خەونیان بە ئاسمانو زەوییەوە دەبینی، دوای زوڵمی بەعسییان کۆمەڵگای کوردی خۆی بە خاوەنی زەویو ئاسمان دەزانی، کوردانی باڵ کراوە، دەستیان بۆ خەونو هیوا کپکراوەکانیان دەبرد، دوای راپەڕین یەکێتی نوسەرانی کورد- لقی هەولێر لە 11-1991/3/30 دوای کۆنگرەی شەقلاوە لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی لە هەولێر کۆبوونەوەو دەستەی بەرێوەبردنی لقی هەولێرییان پێکهێنا، بەبێ بەرنامەو بەبێ سانسۆر، نوسەرانی کورد کەوتنەخۆ، دەنگو بەرهەمەکانی خۆیان بە هەڵپە خستە روو، لە هەولێر کۆمەڵێك گۆڤاری ئەدەبی بە پارەی نوسەرانو بە دیزایینو کاغەزو چاپو کۆپی زۆر خراپەوە دەرگایان بۆ نوسینو خوێندنەوە کردەوە، گۆڤاری مەم، قەرەچوغ، مەخمور، قەلاّ، گۆڤاری سەراب، وێران...

ئەوە پەرلەمان بوو هیتلەری مەرگدۆستی بە لوتکەی دەسەلاّت گەیاند، بۆیە نابێ دڵمان بە هەڵبژاردنو پەرلەمان خۆش بێت... دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان لە 1992/5/19 سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (51) کورسیو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە (49) کورسیو دواتر سازانیان بە فیفتی فیفتی... حکومەت دروست کرا. دەسەلاّتو بەرژەوەندی تایبەتی دەرفەتی نەدا کۆمەڵگای کوردی بە تەواوی لە خۆی تێبگات، لە کوێیە، بەرەو کوێ دەڕوا، داهاتوو چییە؟! بەبێ بەرنامە بەبێ سانسۆر، سەرەنجام کوردی خاوەن دەسەلاّتو بەرژەوەندی تایبەتی، ئازادی لەکەدار کرد! بەبێ بەرنامە، بەبێ سانسۆر، میدیای هەر یەك لەو دوو حیزبە براوەیە، کەوتە گەڕو بە کوالیتی باشترو پارەی

باشتر گۆڤارو رۆژنامەو بلاوکراوەکانی خۆیان خستە روو، بەر لە راپەڕینو لە چیا میدیای یەکێتی هێز و پانتاییەکی گەورەی هەبوو هەروەها دوای راپەرینیش! دوای راپەرین میدیای حیزبی شیوعی خەریکبوو دەنگی خۆی زیندوو دەکردەوە... بەلاّم میدیای پارتی ئەو هێزو توانایەی ئەوانی نەبوو! دوای راپەرین یەکەم چین کە بووە گالّتەجاڕی ژیان، چینی ناوەند بوو، دروشمی سەری بەرز بۆ مووچە شۆڕ ناکەین، دنیایەك کارەسات و قوربانی ژیانی لێکەوتەوە... دەسەلاّتی کوردی لە نێوان هەژارو دەولّەمەندا چینی ناوەندی قووتدا، دەسەلاّتدارانی حیزبو بەرژەوەندخوزان لە بری ئەوەی لە قوربانیو کارەساتەکان بپێچنەوە، بوون بە بازرگانو قاچاخچیو سامانداری ولاّتو کۆمەلّگاو چینی سەر بەرز، هەژارو بێدەسەلاّت، هەوای ئازادییان هەلّدەمژی! حیزبی کوردی (چینی دەسەلاّتدارو سامانداران) چینی سەر بەرزو هەژارانی ناچار کرد، لە خزمەتی ئەواندا بۆ بژێوی ژیان ملکەچ بکەنو چەك هەلّگرن! گوایە ئازادیی پێبەخشیون...

من ئەوەم کە هەم، هەمیشە هەنگاو بۆ تێگەیشتنو راڤەکردنێکی دیکەی جیاواز دەنێم، دوور لە هەلومەرجی دەرەکیو ناوەکی، دوور لە بابەتیو خودی، بە شێوەیەکی سادە لەگەلّ ژیان دەجولێمەوە، دوور لە دوکانە جەنجالّەکانی سیاسەتو بەرژەوەندخوازان، دەکەومە نێو کتێبانەوەو خەون بە کتێبانەوە دەبینم، خەونەکانم دەمخەنە دنیایەکی دیکەوە، دوور لە دوکانی زالّمان، لە شاری هەژاران...

دەزانم لە شەڕی نێوان کەسەکانو دیدە جیاوازەکان... خەونبینین یۆتۆپیایە، تاکبوون یۆتۆپیاتر، شەڕ هەمیشە توندوتیژی بەرهەم دەهێنێ، شەڕ نائارامیو دەمارگیری لێدەکەوێتەوە، لەگەلّ کتێبان هەنگاوم دەناو بیرم لە هێمنی دەکردەوە، بیرم لە بەرپرسیارێتی دەکردەوە، لە توانای خۆم رادەمامو بیرم لە داهێنانی ئەدەبی دەکردەوە... هەرگیزی تواناو داهێنان بە یەك پێوانە ناپێورێ،

له خۆ تێگەیشتنو له ئەویدی گەیشتن قسان زۆر دەبا... له داهێناندا، خود خۆی دەشارێتەوە، بەڵاّم له بە کار هێنانی تواناداا خود خۆی بەرجەستە دەکات، لە داهێناندا بەرهەمهێنانی فیکر دەبێتە شوێنی تێڕامان، له بە کار هێنانی توانادا هێزی دەربڕین دەبێتە شوێنی سەرنج، له داهێناندا مەبەست ئاشکرا نییە، له بە کار هێنانی توانادا مەبەست ئاشکرایە، داهێنان خاوەنداری ناکرێت، توانایی خاوەنداری دەکرێت... نوسەرو ئەدیبانی کوردی هەر یەك بەپێی توانای دیاریکراوی خۆیانو داهێنانی جیاواز، کاری خۆیان دەکرد، نوسەرو ئەدیبانی کوردی خەونیان زۆر بوو! له رۆژی 1991/11/13 یەکێتی نوسەرانی کورد لقی هەولێر کۆنفرانسی خۆی لە هۆڵی سەندیکای کرێکاران ساز کردو لە هەڵبژاردندا دەستەی بەرێوەبەری لق کارەکانیان بە فیفتی فیفتی یەك یەکێتیو یەك پارتی بەو شێوەیە دابەش کرد، سەعدوڵلاّ پەرۆش سەرۆك، موحسین ئاوارە جێگری سەرۆك، عەبدوڵلاّ گۆران، سەلاّح عومەر، کەریم دەشتی، ئەبوبەکر خۆشناو، ئیسماعیل بەرزنجی.

تا دەهات کۆمەڵگا هەژارو بێدەسەلاّتر دەبوو، تا دەهات نوسەران بێ خەونو خەیاڵتر دەبوون، له بری نان بە هەوای ئازادیی دەژیان، ئەوەی (لینین) دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر گوتی، نان پەیوەندی بە ژیانەوە هەیەو ئاشتی ئاراستەی سەربەخۆیی تاك دیاری دەکات، نەخشی سەر دیوار بوو! بەلاّم دوای راپەڕین نە سەری پیاوە کەچەڵەکە مایەوەو نە نەخشی دیوار، یەکەمیان جامانەی لەسەر کراو رێچکەی خۆی گۆڕیو دووەمیان خەڵتانی وێنەی شەهیدان بوو! بەو هەموو وێنەیەوە ناز بە دەسەلاّتەوە ناکرێ؟! بەو هەموو سکە برسییەوە چۆن بیر لە پیاوە کەچەڵەکە بکەینەوە؟! ئازادی یا مەرگ، یەکێکە لە رۆمانە جوانەکانی نیکۆس کازانتزاکی... له برسان کەس ئازادی خۆشنەدەویست، مەرگ نزیکترین دەرمانخانە بوو، نان له قوڕگی دەسەلاّتدا بوو، ئەوەی له هەموو شوێنێ دەبینرا

دەمارگیریو تووندوتیژیو شەڕ بوو، برسێتیو نائارامی بوو، مردن بوو، دنیای دەسەڵاتی کوردی هەموو خەونە جوانەکانی تاکی کوردی بێنمود کرد، جگە لە چەکهەڵگرتنو ڕێگریو کوشتنی مرۆڤ بە بێ تاوان، کارێك نەبوو بتوانی ژیانی خۆتی پێباش بکەیت... بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو چەرمەسەری و ماڵوێرانییە، هەندێ دڵییان بە دەسەڵاتی کوردیو ئازادیو خوێنی شەهیدان خۆش بوو، بۆ هەندێك ژیان بە خوێنەوە دەگوزەرا، بۆ هەندێك ژیان بە پاقلەوە... خەڵکانێك باسی ژانوژواری گوزەرانیان دەکرد، پێیاندەگوتن هەوای ئازادی هەڵمژن، نەخۆشێك دوای ئەوەی دکتۆر دەرمانی بۆ دەنوسیێ، دەڵێ دکتۆر پێش پاقلە بیانخۆم یان لە دوای پاقلە، پاقلە لە بری نان سێ ژەمە دەخورا، پاقلە لە ژیانی خەڵك نزیکتر بوو نەك ئازادی، ئازادیی لە دوای پاقلەوە سێ ژەمە بۆن دەکرا، ئازادیی لە دوای بێنرخکردنی ژیانەوە، لە دوای ئەرزش دانەنان بۆ ئەویدیکەی جیاواز، ئازادیی دوای راپەڕین تەواوی فەزای ژیانی بە بۆنی باروووت سیخناخ کردبوو، لەبەر ژیان سڵمان لە ئازادی دەکردەوە، لەبەر ژیان لە دەسەڵاتی کوردی بێزار بووین، لە دەسەڵاتی کوردی بێ هیوا بووین... لەبەر ژیان لەبەر ژیان بەرهەمەکانمان لە گۆڤار و رۆژنامە و هەفتەنامەکان بڵاو دەکردەوە، قسەو بابەتی گەرمی رۆژ سیاسەت بوو، بابەتی ئەدەبی تازەگەری شیعرییو بونیادگەریو رۆمانی نوێو فەنتازیای نێو رۆمانەکانی مارکیزو جەرەیانی زەینی نێو رۆمانەکانی جۆیس، رۆمانەکانی هێرمان هیسەو تاهیر بن جەللون و...

دوای راپەڕین ساڵی 1993 محەمەد موکری زۆر حەزی دەکرد لە رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) کار بکەم، ئەو رۆژنامەیە لەلایەن حوکمەتی هەرێمی کوردستانەوە دەردەچوو و موکری سەرنوسەری بوو، ، بەڵام من تەنها هاوکاریان بوومو لەوێ دەمنوسی، منو موکری سەرەتا زۆر تەبا بووین، بەڵام دواتر بە هۆی نوسینێکمەوە لەسەر (سەگوەڕ) نێوانمان تێکچوو... بە پشتگیری موکریو سەعدوڵلا پەرۆشو دانا سەعید سۆفی بوومە ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کورد-

لقی هەولێر، لەسەر داوای دانا سەعید سۆفی لە پاشکۆی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ، کە ئەوسا بارەگای لە هەولێر بوو و بە پشتگیری ئازاد جوندیانی جێگری سەرنوسەر، دەستم بە کار کرد... ژیان وایە فیدریکۆ ژیان وایە! بارەگای کوردستانی نوێ بۆ خوێندنەوە لە زۆر رووەوە لە ماڵ باشترو لەبارتر بوو ، هێمنو رۆناكو فێنك، من کاتەکانی خۆم بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبو رۆژنامانە تەرخان دەکرد، کە ئەوسا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ راگەیاندنی یەکێتی دەهاتنو بەشە ئەدەبییەکەیان بۆ پاشکۆی ئەدەبو هونەر رەوانە دەکردن، من لەوێ جگە لە ئاگادار بوونم لە ئەدەبی دەوروبەری هەرێم بە تایبەتی عەرەبیو فارسی، ئەو کتێبە ئەدەبیو فیکرییانەشم دەخوێندەوە، کە لە رێگای سوریاوە بە شێوەی کۆپیو بە پارەیەکی زۆر لە کتێبخانەکانی ژێر قەڵای هەولێر دەیانفرۆشتن... من جگە لە کاری رۆژنامە هەر دوای تەواوکردنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر لە ساڵی 1986-1987 بە شێوەیەکی فەرمی لە دەزگاکانی میری دامەزرا بووم، بەڵام لەبەر بێ مووچەیی دەبایە کارێك بۆ بژێوی ژیان پەیدا بکەم، کاریش تەنها لە حیزبی کوردییەوە دەست دەکەوت، ئەو کارە بۆ بژێوی بوو! دەسەڵاتی کوردی ئابڵوقەی ژیانی دابوو، ئابڵوقەی ئاشتی دابوو، ئابڵوقەی تاکێتی دابوو... لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەمیشە بێدەنگی ژووری ئەدەب و هونەرم بە تەنیایی خۆم پڕ دەکردەوە، بە تایبەتی دوای دەوام، هەمیشە بە کاغەزو کتێبەوە خۆم لە دنیا دەشاردەوە و دەچوومە دنیای نوسینو خوێندنەوە... بە هەموو ژیانم بیرم لەوە کردۆتەوە وزەی شیعری، وزەی مەعریفیو سەلیقەی ئەدەبیم لە دەسەڵاتی سیاسی بە دوور بگرم، هەمیشە پێموابوو هەر کاتێك دەسەڵاتی مەعریفی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی هاوتا بکرێت، ئازادیو تاکێتیو جیاوازی دەکەوێتە قەیرانەوەو بڕیار دەکەوێتە راوەدوونانی ئەو فیکرەی لەگەڵ فیکری سیاسی ناکۆکە، هەموو بیرکردنەوەیەك

میکانیزم‌و ئامانجی خۆی هەیە، ئامــانجی فیکــرو بیرکردنــەوە گەڕانــە بــە دوای حەقیقەدا، سیاســەتیش ئامــانجی ســودو دەســتکەوتە... نیوەڕۆیــەکی درەنــگ پشتیوان جوندیانی برای ئازاد جوندیانی، لێپرسراوی بەشــی کــارگێڕی ڕۆژنامــە، خۆی بە ژووری ئەدەبدا کردو تەنیایی منی شڵەقاند، ئەو ڕۆژە بەشــی کــارگێڕی فۆڕمی زانیاری بۆ کارمەندانی ڕۆژنامە پڕ دەکــردەوە، دوای وەرگرتنــی هەنــدێ زانیاری کەسی، پرسیاری ئینتمابوونی حیزبی کرد، پێمگوت بێلایەنم، ئەو پرسی ئەی چۆن لە ڕۆژنامەی کوردســتانی نــوێ کــار دەکــەیت؟ پێمگــوت بــە راســتی پرسیارە، من نازانم، دەتوانی ئەو پرسیارە لە ئــازاد جونــدیانی بکــەیت... دوای ئەوەی بەجێی هێشتم، راســتەوخۆ بــێ ئــەوەی بــیر لــەو مەســەلەیە بکەمــەوە، گەڕامە نێو دنیای خوێندنەوە... دوای ماوەیەکی کــەم یــەکێك لــە دەرگــای داو فــەرمووم لێکــرد، ئــەو کەســە بــارزان فــەرەج بــوو، بــارزان فــەرەج لــە بەشــی لێکۆڵینەوە کاری دەکردو ژوورەکەیان بە تەنیشت ژووری ئەدەب‌و هونەرەوە بوو، بارزان راستەوخۆ چووە نێو بابەتەکــەوەو گــوتی فــۆرمی زانیاریــت پــڕ کــردەوە؟ پێمگوت بەڵێ. گوتی چیت نوسی؟ منــیش زانــیم مەبەســتی چییە گــوتم مــن (مستقیل)م، چی بنوسم، گوتی منیش نوسیم بێلایەن، بەڵام چۆن رازی دەبــن... بارزان بە ئاسانی وازی نەهێنا بچمەوە نێو تەنیایی خۆم... گوتی با بچــینە لای مولود ئیبراهیم حەسەن، نەۆمێك لەسەرتر لــە بەشــی منــدالان کــاری دەکــرد، مولود ئیبراهیم حەسەن هەمیشە خۆشەویست بــووە... بــارزان فــەرەج دووبــارە چووە ناو بابەتەکەوە ئەویش گوتی منیش (مستقیل)م نوسیوە، ئێمە کە بێلایەن بین خۆ ناتوانین بنوسین حیزبی! دڵنیایی کردینەوە لــەو بــارەوە لەگــەڵ جونــدیانی قسان دەکات! چونکە ئێمە بە پشتگیری ئــەوەوە لــە کوردســتانی نــوێ کارمــان دەکرد... من نزیکەی حەوت مــانگ لــە کوردســتانی نــوێ کــارم کــردو دواتــر هاوینی ساڵی 1994 بە فــەرمانێکی مــام جــەلال کۆمــەڵێك کارمەنــدی ئــەو

ڕۆژنامەیە ڕەوانەی ماڵەوە کرانەوە، دوای ئەو بڕیارە هەرچەند دانا سەعید سۆفی تکای کرد بۆ ڕۆژنامە بگەڕێمەوە، بەڵام بڕیارم هەرگیز نەگەڕانەوە بوو...

دنیای کوردستانی نوێ، بۆ من دنیایەکی نوێو بە سوود و جوان و پڕ لە جموجول بوو، دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگو پڕ لە خوێندنەوەو نوسین بوو، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ فێر بووم گۆشە نوسین چییە، فێر بووم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەویدیکەی جیاواز بکەم، من وەك کەسێکی هێمن و بێدەنگو جیدی کەمجار دووچاری دەنگەدەنگی بێ بەرهەم دەبوومەوە، هەمیشە حەزمدەکرد لە ئەزموونی ئەویدیکە سوود وەرگرم، هەمیشە پشتگیریم لە فیکری نوێو داهێنانو جوانی دەکرد، زۆر پێمخۆش بوو نوسەرەکان بە قەبارەو هەڵسوکەوتیانەوە لە نزیکەوە دەبینم، دڵم بە هەندێکیان زۆر خۆش دەبوو، سڵم لە هەندێکیان دەکردەوە... جارێکیان مامۆستا سەلام مەنمی چیرۆکنوس دەرگای ئەدەبی کردەوە، منو سەعدوڵلا پەرۆش دانیشتبووین، پرسیاری چیرۆکەکەی خۆی لە سەعدوڵلا پەرۆش (لێپرسراوی بەشی ئەدەبی) کردو گوتی کاك سەعدوڵلا چیرۆکەکەی من مەدە دەست ئەو دەم رووتانە، ئەوانە کەی لە چیرۆك دەزانن، هەر خۆت سەیرێکی بکە... ژیان وایە فیدریکۆ ژیان وایە، دەشێ زاڵم شار بەڕێوە ببات و زۆردار ئەوە بێ کە واز لە دەسەڵات ناهێنێت؟!

دوای ئەوەی شاعیران گوتیان ئەوە چ دنیایەکە؟ شێوەکاران گوتیان ئەوە وێرانکردنی خودە بە ئەندازەی تەمەن! دەرگاکانی وڵات کرایەوە، کڕیارو فرۆشیار هاتنە ژوورەوە گوتیان ڕۆحەکان بانگی تۆ دەکەن، بانگی تواناکانی تۆ دەکەن... ئای ڕۆحە نەگریسەکان، شەڕەکان دەستیان پێکرد، کۆمەڵێك شەڕی یەك لە دوای یەك، بزرکردنو بێ سەروشوێنکردنی سەدان گەنج بە بێ هۆ، دنیایەك ماڵوێرانی، شەڕی یەکێتیو ئیسلامی، شەڕی یەکێتیو پارتی لەگەڵ یەکەکە، شەڕی پارتیو یەکێتی ماڵو ماڵ، کۆڵانو کۆڵان، دەرکردنی پارتی لە

سێنتەری هەولێرو لەخۆ دەرچوونی یەکێتی بە پاڵپشتی مەلا ریشدارەکانی ئێران، دەرکردنی یەکێتی لە هەولێر و سلێمانی خستنە سەر سنوری بە شێوەیەکی تەکنیکی لە 31ی ئابی 1996 (مەبەستمە بڵێم بە پاڵپشتی تانكو تۆپی بەعسیان)... دڵنیا بن من ناو لەسەر شەڕەکان دانانێم، هەموو ئەوانە لەسەر منی کوردی تاقی کراونەتەوە، هەموو ئەوانە بە ناچاری ئەزموونی منی کوردی پێکدەهێنێ، ئەوە رەوتی ناونانی ئەزموونە! دوای راپەڕین دنیا دنیای شەڕی رەنگەکان بوو، نوسەران خۆیان بە دوور دەگرت، دنیای زەردو سەوز بوو، دوای شەش ساڵ لە شەڕو پێکدادانو کاولکاری، دوای شەش ساڵ لە ترسو خۆ بە دوور گرتن، دوای داگیرکردنی دەسەڵات لە لایەن هێزی کوردییەوە بێ جیاوازی... جیاوازییەکە ئەوە بوو: جارێك زاڵم شار بەڕێوە دەباتو جارێك زۆردار واز لە دەسەڵات ناهێنێت؟!

لە شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا (میگل دو ئۆنامۆنۆ)ی شاعیرو نوسەرو بیریار ساڵی 1900ز سەرۆکی زانکۆی (سالامنکا) بوو، لە بۆنەیەك کە لە زانکۆ ئەنجام درا، جەنەڕاڵ (میان ئەستراي) سەر بە (فرانکۆ) گوتارێکی لە ستایشکردنی شەڕو کوشتنو سەرکەوتنەکانی فرانکۆ وەشاندو دروشمی (بژی مەرگ) لەلایەن دارودەستەکەی زانکۆی هێنا هەژاندن... کاتێ گوتارەکەی جەنەڕاڵ تەواو بوو، ئۆنامۆنۆ هەڵسا سەر شانۆو گوتی گوێم لێبوو دەبەنگێگ لێرە بە شێوەیەکی نکرۆفیلیانە (مەرگدۆستانە) دەگریاو هاواری دەکرد بژی مەرگ... من هەموو ژیانم بۆ ئەوە تەرخان کردووە خەڵکی هەست بە قێزەونی شەڕ و کوشتن و مردن بکەن... دەبەنگێك دێ بە بالاّیی قێزەونییەکانی شەڕ هەڵدەڵێت... میان ئەسترای خۆی پێناگیرێتو لە شوێنی خۆی راست دەبێتەوەو هاوار دەکات بمرێ عەقڵ، دارودەستەکەشی هاوار دەکەن بژی مردن... ئۆنامۆنۆ لەسەر گوتارەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت ئێرە پەرستگای عەقڵەو منیش کاهینێکی ئەو پەرستگایەم، دەزانم ئێوە خاوەن هێزن، بەلاّم من ناتوانم بێدەنگ

بم، دەزانم ئێوەی سەردەکەون، بەلاّم بۆ ئەوەی مــن بێــدەنگ بکــەن، پێویســتتان بەوە هەیە قەناعەتم پێبکەن، بۆ ئەوەش پێویستتان بە شتێك دەبێت کــە نیتانــە ئەویش عەقڵەو مافی خەباتکردنە... لە ئیسپانیا نزیکەی سەد ساڵ لەمەو پێش رۆشنبیران بەو شێوەیە دەنگیان هەڵبڕیوە، لای ئێمەش بە خۆسووتانی سیاســیانە دەیانویست دژی شەڕی ناوخۆ بێنە دەنگ، چونکە لای ئێمە نە عەقڵ هەیە و نە دروستکردنی قەناعەت باوە، ئەوەی بــاوی هــەبێ هێــزی کوشــتنو راوەدوونــانو بزرکردنە، شەڕی ناوخۆی وڵاتی ئێمە ژیانی ناشیرین کرد... دوای شەش ساڵ خۆ بە دوور گرتن، لە ئابی 1997 قەبرستانی یەکێتی نوسەران-لقی هــەولێر، بــەر شالاّوی پارتی کەوت، رۆژی 1997/8/21 دەستەی گشــتی لقــی هــەولێر بــە شێوەیەکی تەکنیکی لە رێگای مەهــدی خۆشــناو جێگــری پارێزگــاری هــەولێر هەڵبژاردنیان بە ئامانج گەیاندو کارەکانیان بەو شێوەیە لە نێوان پارتیان دابــەش کرد، مهدی خۆشناو سەرۆك، کەمال غەمبار جێگری سەرۆك، ئەنوەر مەسیفی، عــەباس عەبــدوڵلا یوســف، ئاســۆ حەســەن، دکتــۆر عەبــدوڵلا حــەداد، غــازی حەسەن... وەك دریدا لە بارەی شکســپیر لــە کتێبــی (تارماییــەکانی مــارکس) قسەیەکی شکسپیر دووبارە دەکاتەوەو دەڵێــت: زەمــەن بوونەوەرێکــە دەکەوێتــە دەرەوەی بەیەککگەیشتنەوە. لە دەرەوەی بەیەککگەیشتنەوەو دوای دەنگنــەدان بــە پرۆسەی هەڵبژاردنو دانانی وەرەقەی سپی، منو هاشم سەراجو هــەورامان وریــا قانیع بۆ هەناسەدان لە نزیك (هۆتێلی شیرین پالاّس)ی شوێنی هەڵبژاردن بــەرەو سینەمای کریستاڵ بووینەوە، بڕوا ناکەم کەسمان هیچ چــێژو زانیارییــەکمان لــەو فیلمــەی بینیمــان، وەرگرتبــێ، ئێســتا وشــەی "زانیــاری"م بــیر کەوتــەوە، بــا زانستەکانی قوتابخانە بە بیر خۆمان نەهێنینەوە، چونکە ئێستا هیچ زانیارییەکی دانپێنراو لەو بارەوە بوونی نییە، بە زانستکردنی زانیاری هەمیشە وەك پاشکۆی دەسەلاّتی زەردو سەوز دەمێنێتــەوە، زەردو ســەوز دووبــارە گەیشــتنەوە یــەك،

دووبـاره دەسـەلاٚتی حکومـەتیان دوو لـەت کـرد، هـیچ زانسـتێك ئەگـەر لـە زانستەکانی مرۆڤایەتیش بێت، ناتوانێ لە ئایدیۆلۆجیا کەم بکاتەوە.

دوای حەوت ساڵ، دوای جارێکی دیکە دابەشـکردنی هـەموو دەزگاکـان لـە هەولێرو دهۆك‌و سلێمانی، دوای حەوت ساڵ کارکردن‌و چالاکی نواندنی یـەکێتی نوسەرانی- لقی هەولێر بە پاڵپشتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و کشـانەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوای دنیایەك کارەساتی جەرگبڕو تیرۆرو تۆقاندن، دوای زەبـری زۆری دەروونـی‌و سیاسـی‌و کۆمەلاٚیـەتی... زەمـەن لـە دەرەوەی بەیەکگەیشـتن و کـورد لـەو پـەڕی هەلومەرجـە خراپەکانییدایـە، لـەو پـەڕی بەکاربردنی بێ ژمار، دنیای تەمەن کورتی کوردی بـە دەوری هـەمان نێـودژی‌و قبوڵنەکردنی دوێنێ و بەکاربردنی ئەمڕۆدا دەخولێتەوە، کوردی نە گوێ دەگرێ، نە گوێ بە دووبارەبوونەوە دەدا، نە بە کاربردن، نە پێدەگات، کوردان لە قەیرانی بەردەوام‌و گیانەلاٚی بەردەوامدا دەژین، ئەوەی روودەدات، لە کاتی دیـاریکراودا نایگەینێ؟! هەموو ئەوانە قسەی سەر شانۆن، قسەن بەرانبـەر شـانۆی جیهـان، شانۆی مێژوو، شانۆی سیاسەت، دنیـای کـوردی دەکەوێتـە دەرەوەی گفتوگـۆی بەرهەمـدارەوە، هـەموو شـتێ لـە نێـو کـوردان بـە میـزاج، بـە شـپرزەیی، نیگەرانییەوە بەندە، کوردی هەمیشە خۆی دەخواتـەوە، ئـەوەی هەیـە ئەوەیـە، دنیـای کـوردی تابلۆیـەکی رەشـە دەکەوێتـە دەرەوەی بەیەکگەیشـتنەوە، مـن ئەوجارەش لە دەرەوە هەنگاو دەنێم و خەون دەبینم، قسەی خۆم خەسار ناکەم!

فیکتۆر هۆگۆ دەڵێ زەمەنێك تێپەڕی، دنیا چۆنە؟ وێنـەگری تـابلۆی دنیـای بێ تەمەن دەڵێ هەر چەند بە ساڵدا دەچێ، خۆی دەخواتەوە، گەورەم...هەمیشە کەموکورتییەك لە کاتدا هەیە، جەستە هەمیشە قابیلی جێگیربوونە نەك گوتن، هەروەها شتەکان‌و بەرژەوەندی تایبەتیش... یەکێتی نوسەران- لقی هـەولێر لـە 2004/9/9 لە هۆتێلی هەورامان کۆنفرانسی یـازدەمی سـاز کـردو یـەکێتی نیشتمانی ئەندامەکانی خۆی راسپارد لەو هەڵبژاردنە بکشێنەوە، جارێکی دیکە

پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بەسەردا گرت و سەعدوڵڵا پەرۆش وەك سەرۆك و ئیسماعیل بەرزنجی جێگرو عەبدولرەحمان فەرهادی‌و کاروان عەبدوڵڵا‌و کەریم دەشتی‌و سەلاح عومەرو ئازاد دڵزار، ئەو جارەیان هەموو پارتیانە کاروباری لقی هەولێریان کەوتەوە دەست... من ناو لە کەسەکان نانێم، من ناو لەسەر ناکۆکییەکان دانانێم، هەموو ئەوانە لەسەر منی نوسەر تاقی کراونەتەوە، هەموو ئەوانە بە ناچاری ئەزموونی من پێکدەهێنن، ئەوە رەوتی ناونانی هەڵبژاردنی یەکێتی نوسەرانی کورد -لقی هەولێرە، دنیای کوردی تابلۆیەکی رەشە دەکەوێتە دەرەوەی بەیەکگەیشتنەوە، ئەوەی روودەدات، لە کاتی دیاریکراودا نایگەینیێ...

(عەبدولکەریم سروش) لە بارەی دەسەڵاتەوە دەڵێت، دادپەروەرترین کەس دەسەڵاتی بە دەستەوە بێت، درەنگ یان زوو دادپەروەرییەکەی دەکەوێتە لەرزەوەو وردە وردە لە دەست دەردەچێت، دەیەوێت بڵێت دەسەڵات گیان‌و عەقڵ‌و مێشك تێکدەدات... مێژوو ئەوە نیشان دەدات، کە هەموو ئەوانەی لە سەنگەری دەسەڵاتدان، جۆرەکانی گەندەڵی تێیاندا ریشەی داناوە! بۆیە هەرگیز شاری زاڵمان‌و شاری زۆرداران وەرەقەی سپی بۆ رەخنەگرتن تێدا دەست ناکەوێت، وەرەقەی شاری زاڵمان‌و شاری زۆردارانی کوردی ئەمڕۆ زەردو سەوزە... دەشێ هەڵەی خوێنەران ئەوە بێ، کە لە کتێبانەوە بە دوای حەقیقەتی ژیانەوەن، لە رێگای ژیانەوە بە دوای حەقیقەتی کتێباندا دەگەڕێین! بەڵام هەڵەی پارتی و یەکێتی لە دەسبەسەرداگرتنی هێزی ژیانەوەیە، لە ئاراستەکردن‌و دەستێوەردانی ژیانەوەیە، لە بێنرخکردنی کتێبەوەیە... هەڵەی دەسەڵات نابڕێتەوە، سوودی یەکەم بەر بەرژەوەندخوازان دەکەوێ، سەرەتای دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات‌و واز لە دەسەڵات نەهێنان- کۆتایی جوانییە... لە 2010/8/21 لە بارەگای لقی هەولێری یەکێتی نوسەرانی کورد لە لایەن

پارتی پۆستی جێگری سەرۆکی بە یـەکێتی بەخشـیو دوای بـە نـاو هەڵبـژاردن کارەکانیان پارتیانە بەو شێوەیە دابەش کرد، عەبـدولرەحمان فـەرهادی سـەرۆك، موحسین ئاوارە جێگر، پیرداود مەخموری، غـەریب پشـدەری، نـەوزاد رەفعـەت، مەسعود پەرێشان، عەباس عەبدوڵلاّ یوسف.

چیرۆکی سوکرات لە دووری شاری زاڵمانو شاری زۆرداران لەگەڵ (زەنتیـب)ی خێزانی، دیدێکی نویّ لە بارەی دەسـەلاّتو مێینـەی سـینیك یـان سـەگرەفتار نیشان دەدات، سوکرات لە نێو ماڵی خۆی لە لایـەن زەنتیبـی خێزانـی تووشـی چەوسانەوە دەبیّو خەون بە شوێنێکی دیکەوە دەبینێت، لە شاری خۆی لە لایەن دەسەلاّتەوە دووچاری ستەم دەبیّو خەون بە شـارێکی دیکـەوە دەبینێـت... لای ژیژەك چەمکی سینیزم یان سەگرەفتاری بۆ رەفتاری سیاسیو کۆمەلاّیـەتی ئـەو سەردەمە بە کار دەهێنرێت... بەلاّم من چیرۆکی سوکرات تەنها بۆ رەخنـەگرتن لە دەسەلاّت بە کار ناهێنم، بەڵکو بۆ ئەو سەگرەفتارییەش بە کاری دەهێنم کـە لە دەزگاکانی راگەیاندنی کوردیـدا هەیـە! چـونکە میـدیای کـوردی ئەگەرچـی بانگەشەی ئازادی بیرورِاو گۆرِانو شڵەقاندنی گۆمە مەنگەکە دەکات، بـەلاّم لـە ناوەوە نە بـروای بـە رەتکردنـەوەی رادیکالانەیـە و نـە ئەلتـەرناتیڤ هەیـە... سوکرات مێژووییەکی بۆ پرسیارو وەلاّم دروست کرد، مێژووییەکی بۆ خـەونبینین دانا، بەلاّم نەیتوانی ئەو خەونو پرسە لە شاری خۆی و لـە مـاڵی خـۆی بـەجیّ بهێنێت... ئەمرِۆ (زەنتیب) زاراوەیەکی گشتییە بۆ چەوسانەوە! رەنگـە پرسـیار ئەوە بیّ چۆن سوکرات توانی لـە نێـو ئـەو هـەموو نائومێدییـە بـیر بکاتـەوە؟ سلۆتەردایك پێیوایە بیرکردنەوە پێویستی بـە نائومیدییـە! هیواکـانی سـوکرات رەشدەچێتەوە، نێودژی نوسین کۆتایی نایەت، سەگرەفتاری میـدیاکانیش حـەزی خەونبینین دەکوژن.

## من و ئازاد سوبحی وەک شاعیر

**وشەیەکی گونجاو نییە، بۆ پێناسەکردنی ئەوەی کە پێناسە ناکرێت، بیرکردنەوەیەك نییە، بۆ ئەوەی کە بیری لێناکرێتەوە. "دریدا"**

چۆن (لم نیازمە)ی عەباس عەبدوڵلا یوسفو (دوکەڵ)ی هاشم سەراجو (گەرم نەبوونەوە)ی جەلال بەرزنجیو قەسیدەی (سوتانی رەنگەکان)ی دلشاد عەبدوڵلاو (لە غوربەتا)ی حەمە عومەر عوسمانو (تەمە سپیەکانی رۆح)ی کەریم دەشتیو (زەردك)ی ئەحمەدی مەلا... وەك شیعر بۆ من جیاوازی خۆیان هەبوو، ناسینی (ئازاد سوبحی)یش وەك مرۆڤ و وەك شاعیر، نەك هەر تەنها جیاوازی، بەڵکو دڵکرانەوە بوو.

لە دوای راپەرینی بەهاری 1991 زۆرێك لە نوسەران هەر نوسینەکانیانم خوێندبۆوە و بە دیداریان شاد نەببووم، دووان لەو نوسەرانە (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)و (عەتا قەرداغی) بوون، ئەو دوو نوسەرەم لە (گۆڤاری کاروان) لە نزیکەوە بینیو (کەریم دەشتی) ئێمەی بە یەکتر ناساند، بەلام لە دوای راپەرین یەکێك لەو نوسینانەی کە منی وەك خوێنەر خستە کەلکەلەی بیرکردنەوەو بەدواداچوون، نوسینێکی ئازاد سوبحی بوو لە بارەی زمانەوە، ئەو نوسینە لە رۆژنامەی (ئالای ئازادی) حزبی زەحمەتکێشانی ئەوسا بلاو بۆوەو بیروراکانی

(چۆمسکی) تێدا دەبینرا... من ئازادم لە ڕێگای چۆمسکی و بیروڕاکانی لە بارەی زمانەوە ناسی، خۆشەویستیم بۆ چۆمسکی منی خستە سەر خەیاڵی ئەوەی لە (پاشکۆی ئەدەب و هونەر)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، (کە ئەو کات 1993 لەگەڵ سەعدوڵڵا پەرۆش‌و کەریم دەشتی و هاشم سەراج‌و دانا سەعید سۆفی کارم لە پاشکۆی ئەدەب‌و هونەردا دەکرد) تەوەرەیەك بۆ قسەکردن لەسەر زمان بە بەشداری هەر یەك لە (ئەنوەر مەسیفی)و (ئازاد سوبحی)و (عەباس عەبدوڵڵا یوسف) بەڕێوەبەرم.. هاوڕێتی من و شەهید (سەردار سەعید سۆفی) لە پێش ڕاپەرین، هۆیەك بوو لە هۆیەکانی ئاشنابوون‌و نزیکبوونەوەی من‌و دانا سەعید سۆفی... وەك چۆن جەختکردنی دانا بوو منی خستە سەر ئەوەی کار لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بکەم، بە هەمان شێوە بە هۆی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کە هاوشاری ئازاد سوبحی بوو، توانیم لە نزیکەوە ئازاد بناسم و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم.

ئەو سەرەتایە، لە ڕووی چێژی گێڕانەوە ناتوانێ دڵی من بکاتەوە، بەڵام وەك ڕاستبێژی هاوڕێیەتی بەشێك لە دڵتەنگیەکانم لەبیر دەباتەوە، من دڵتەنگم ئازاد گیان، تکایە لە گۆشەکانی بێدەنگیت مەنوسە من دڵم نەبوو بە بەرد... هەولێر ئازاد بوو، بەڵام ئەوسا نەتوانرابوو شاری کەرکوك لە سەدامییەکان ئازاد بکرێت، بۆیە زۆرێك لە دانیشتوانی ئەو شارە بەرەو هەولێرو سلێمانی دەهاتن، ئازادیش دوای بەجێهێشتنی شوێنی لە دایکبوونی (کەرکوك)و هاتنی بۆ هەولێر بۆ بژێوی ژیانی لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی کاری ڕۆژنامەگەری دەکرد، ئەوەی زێتر پەیوەندی ئێمەی تووند کردبوو، ئەوە بوو هەر یەك لە ئێمە بۆ بژێوی ڕۆژە سەختەکانی ژیانی دوای ڕاپەرین بە ناچاری‌و بە بێ ئەوەی پەیوەست بین، لە ڕۆژنامەی حزبیدا کارمان دەکرد! بەڵام هێزی پەیوەندی نێوان من‌و ئازاد هەر تەنها بە ناچاری کارکردن نەبوو لە ڕۆژنامە، هەر تەنها وزەی ئەو پەیوەندییەمان لە ئاڵوگۆڕی کتێبەکانی فۆکۆو کامۆو سارتەرو بارت وەرنەدەگرت، بەڵکو بە

گشتی ئەو فەزاو بوارە ئەدەبی‌و فیکرییە قووڵە وای کرد رۆژ بە رۆژ زێتر لە یەکنزیك ببینەوە، کە ئازاد یەکێك بوو لە گیرۆدەکانی‌و بە درێژایی تەمەنی رۆشنبیریشی هەروا مایەوە.

من سۆسیۆلۆگ نیم بەلاّم پێموایە هەندێك خەسڵەت هەیە کە شار بەسەر دانیشتوانیدا دەیسەپێنیٚ، بە بڕوای من یەکێك لەو خەسڵەتانەی کە شاری کەرکوك دانیشتوانی خۆی پێدەناسێنیٚ، خۆنیشاندانە بە رەنگی جیاوازو بێدەنگی جیاواز، یان بۆ ئەوەی ئەو قسەیەم بەدحاڵی بوون درووست نەکات، باشترە بڵێم کاتێك بەر کەرکوکییەك دەکەویت هەستدەکەیت بیرکردنەوەت نقومی چەند ئاراستەیەك دەبێت، ئەوەش دەشیٚ راستەوخۆ پەیوەندی بە فرە کلتووری شاری کەرکوکەوە هەبێت، من نازانم ئەو قسەیەم بە چەند لێوەردەگیرێت، بەلاّم دەمەویٚ بڵێم هەمیشە قسەکردنی من لەگەڵ ئازاد زیاد لە رەهەندێکی هەبوو، هەمیشە ئازاد بەرەو شوێنێکی دیکەی بیرکردنەوەی دەبردیت، ئامادەیی ئەو شوێن‌و کاتی نەدەناسی! وەك چۆن نەوزاد ئەحمەد لە بەرانبەر کۆمۆنیست‌و بلێی، گۆشەی بێدەنگی هەڵبژاردبوو... نەوزاد ئەحمەد جۆرەکانی هێمنی کۆمۆنیستی پێدەناساندی، بەلاّم لەگەڵ ئازاد سەخت بوو بتوانی ئەو بێدەنگییە تێپەڕێنیت‌و بکەویتە گفتوگۆی ئەدەبییەوە.. دەزانم ئاسان نییە پارادۆکسی هێمنی‌و کۆمۆنیست قبول بکەین، چونکە لە ولاّتی ئێمەدا کۆمۆنیست‌و بلێی بەبیٚ یەکتر سەریان بە هیچ شوێنیٚ نەدەکرد، دەمەویٚ بڵێم هێمنی کۆمۆنیستانەی نەوزاد رەهەندی زۆری هەبوو! بەلاّم مرۆڤ کاتێك لەگەڵ ئازاد دەکەوتە گفتوگۆ ئیتر کات نەیدەتوانی تێری بکات.. ئازاد لە گفتوگۆدا رووبەروو دەبۆوە، بەلاّم نکۆڵیکەر نەبوو، رەنگە بەشێك لە هاوڕێکانی ئازاد ئەو قسەیەی من بسەلمێنن، خۆشبەختانەش نەوزاد لە ژیاندا ماوە، ئەگینا دەڵێم گفتوگۆی من و ئازاد هەرگیز کۆتایی نایەت، خۆشەویستی من‌و نەوزادیش...

له دوای چۆمسکیو عەقڵو زمانو قسەکردن له بێهـودەییو یـاخی بـوونی کامۆو ئینتمابوونو ئینتمانەبوونی سارتەرو وێنەی رۆشنبیر لای ئیدوارد سـەعید و تەقینــەوەی زمــان لای ئــەدۆنیس... لــە دوای بلاوبوونــەوەی قەسـیدەی (جوگرافیای مێگەله پەرتەکان)ی ئازاد له گۆڤاری کاروانو عاشـقبوونی ئـازادو ئاشنابوونی به (سوعاد خان)و ماڵ پێکهێنان، ئیتر ژیانی ئـازاد لـه زۆر رووەوە گۆڕانی بەسـەردا هـات، هـەر لـەو کاتـە بـوو مـن قەسـیدەی (دۆزەخیـەکان)م بلاوکـردەوە، (دلاوەر قــەرەداغی) قەسـیدەی (پەیکــەرێك لــە بــاران)ی بـۆ بلاوکردنەوە ناردە (پاشکۆی ئەدەبو هونەر)ی کوردستانی نوێو له یـەکێك لـه ژمارەکانی بلاوبۆوە، ئەو رۆژانە بۆ من رۆژانێك بوو پڕ له خوێندنەوە، رۆژانێـك بوو پڕ له نیتشەو کامۆو سارتەرو بارتو ئەدۆنیس... پڕ بـوو لـه خۆشەویسـتی بێ پەرواو پووچگەرایی، پڕ بوو له بڕوانەبوون به دروشمبازاڕی ئـازادییو ئاگـایی درۆزنانە، ئەو رۆژانە هەموو کاتو بیرکردنەوەی مـن کتێـب دەیخـوارد، کـاتو بیرکردنـەوەی ئـازادیش کتێـبو عەشـق، لـه بیرمـه لـه یـەکێك لـه گفتوگـۆ سـەرەتاییەکانی نێـوان مـنو نـەوزادو ئـازاد لـه بـاخی (گلکەنـد) لـه بـارەی خۆشەویسـتی کـه هـەموو ئـازادی لـه خـۆی لولـدابوو، مـن رسـتەیەکی زۆر سارتەرییانەم لێکـەوت کـه گـوتم مـرۆڤ نـاتوانێ لێپرسـراوێتی ئەنـدامێك لـه ئەندامەکانی جەستەی خۆی له ئەستۆ بگرێ، چۆن دەکرێ لێپرسراو بێ بەرانبـەر ئەویدیکەو کۆمەڵ، بەلام ئازاد به عەشق مەست بوو، پڕبوو له خەونو ئومێد..

کاتێك من مەست بووم به فۆکۆ و رۆلان بارت و پڕبووم لـه فرۆیـد... ئـازاد چۆمسکیو ئیدوارد سەعیدو هایدگەر... ئەوەی هەمیشه گفتوگۆکردنی ئێمـەی دەخسـتە بـارێکی ئـازادو خـەیالی بـێ سـنورەوە قسـەکردن بـوو لـه مـەودا بەرفرەوانەکانی شیعرییەتی زمانو ئازادیو ئاراستەنەکردنی زمانو یاخی بـوونی کامۆییو چەمکی نوسەرو خوێنەر، ئەوەی هەمیشه ئێمەی به بنبەست دەگەیاند قسەکردن بوو له میدیای کوردیو سیاسەتی کوردی... ئازاد لـه گفتوگۆکردنـدا

جگه لـەوەی مەعریفەیـەکی قـوڵو خـەیاڵێکی بـەرفرەوانی هـەبوو، بڕوایـەکی پتەویشی بە خۆی هەبوو، بەڵام ئـەو سەرسـەختییەی ئـازاد هـەرگیز دووچـاری وەستانی نەدەکردی، بـەڵکو وزەی بیرکردنـەوە و رەهەنـدی جیـاوازی تێرامـانی پێدەبەخشی، قسەکردن لەگەڵ ئازاد بۆ من چێژی زۆرو ئارامیو دڵکرانەوە بـوو، چونکە هەمیشە رێزی لەو سنورانە دەگرت، کـە لـە نـاو خۆیـدا دەیدۆزییـەوە، منیش بە ئەندازەی کتێبەکانی کامۆ پێموابوو مـرۆڤ دەبـێ یـاخی بێـت، دەبـێ هزری خۆی ئازاد بکات، دەبێ پاك بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ سـنورەکانی بەیەکگەیشتن بپارێزێت، سنورەکانی ئازادی یەکتر.. ئازاد مرۆڤێکی یاخی بـوو، بوونی ئازاد لە یاخیبووندا جوانتر دەردەکەوت، مـنو ئـازاد هەمیشـە بـە دژی پەیوەستبوون قسەمان دەکرد، من هەمـوو خـەونو خـەیاڵم، هـەمـوو شـیعرەکانم هەمـوو بوونم لە دەرچوون لـە زمـانی بـاو و لـە دەرچـوون لـە وڵاتو سـەفەردا دەبینییەوە، ئازادیش لەو ماڵە تازەیـەی کـە بـە میهرەبـانیو جـوانی سـوعاد پێکیهێنابوو...

ئازادیی هەڵبژاردن لای من سەنگی خۆی هەیە، ئەوسـا و ئێسـتاش مـن وا بیردەکەمەوە، من وا بیردەکەمەوە لەگەڵ هەموو ئـەو ناشـیرینیانەی دەسـەڵاتی کوردی بەرانبەر مرۆڤـی کـوردی نوانـدی، هـەموو ئـەو بێنرخکردنانـەی حزبـی کوردی بە بەهاکانی مرۆڤ کردی.. ئەوسا من وا بـیرم دەکـردەوە لەگـەڵ ئـەوەی دەمزانی بێ ماناییەکی گەورە وڵات بەڕێوە دەبات.. بەشـێکی گـەورەی ژیـانی (کوردی) دوای راپەڕینی بەهاری 1991 پـارتیو یـەکێتی دەیخـوات... بـەڵام ئەوساو ئێستاش لای من ئاساییەو مرۆڤ ئازادە سەر بە هەر پارتێك بیت، بـەڵام بتوانێ مرۆڤ بێتو درۆ لەگەڵ مرۆڤبوونی خۆی نەکاتو بـەهاکانی مرۆڤایـەتیو ئازادیو هەڵبژاردن نەبەزێنیت، هەمیشـە مـنو ئـازاد بـە دژی پەیوەسـتبوونی ئەدەبی قسەمان دەکرد، وەك چۆن بەشێکی زۆری شەڕەکانمان دەکەوتنە نێو ئـەو

خاڵەوە، ئازاد بەرگری لە ئاگایی هەڵبژاردن دەکرد، من قسەم لە سادەیی و مرۆڤبوون دەکرد، ئەوەی گرنگ بوو لای من مرۆڤ درۆ لەگەڵ ناخی خۆی نەکات، لای ئازاد گرنگ ئەوە بوو مرۆڤ بە هوشیارییەوە بیر بکاتەوە... شەڕی من و ئازاد بە نێو کتێباندا دەڕۆی و لەوێ کۆتایی دەهات، کاتێك قسەمان لە دەسەڵاتێك دەکرد کە هەیە، دەسەڵاتێك کە نە بەهای بیرکردنەوەو مەعریفە بە هەند هەڵدەگرێت‌و نە لە سادەیی‌و مرۆڤبوون تێدەگات، ئازاد لەو وڵاتەو دوای جێهێشتنی هەولێر لە سلێمانی گیرسایەوە و لە 2014/10/25 لە "گۆڕستانی ئابلاخ" دڵی بوو بە بەرد! من لە هەولێر نەترازام، کەچی دڵم لە سەفەرە وەهمییەکاندا ونکرد، پزیشکەکانیش نازانن چیلێهاتووە... مردنی ئازاد سوبحی مردنێکی رووت نییە، مردنی ئازاد سوبحی پرۆژەی هەوڵێك بوو بۆ داخستنی ئەو درزەی کەوتۆتە نێوان مرۆڤ و ئارەزووە لەبننەهاتووەکانی، مردنی ئازاد سوبحی ئاوێتەبوونی ئارەزووە لەگەڵ ئارەزوودا.. ترسی من لە مردن نییە، من لەوەی هاوڕێکانم لە دەست بدەم، دەترسم! ترسی من لە مردن نییە، مردن تەعبیر لە ئارەزووییەکی هەمیشە گۆڕاو دەکات، گوزارشت لە رەهەندێکی نەمری دەکات، ئارەزوو دەکەوێتە نێو ئارەزووەوە، بەڵام نەمری دەکەوێتە نێو بە بابەت بوونەوە، ئەو رەهەندە نەمرەی کە لە مرۆڤ و لەولای بوونی ئەبستراك‌و لە ژیانی بایۆلۆجیدا دەمێنێتەوە، ئەو رەهەندە فرۆید ناوی ناوە زیادە ژیان، بەو مانایەش تێگەیشتن لە مردن، تێگەیشتن نییە لە لابراوێکی ساناى بوونی مرۆڤ، چونکە ژیانی مرۆڤ هەر تەنها ژیانێکی رووت نییە، بەڵکو مرۆڤ پێیەکی لەسەر پاشماوە، یان ئەو زیادەیەی ژیاندایە! ئەوە زیادەی ژیانە لای فرۆید دەبێتە پاڵنەری مەرگ... ئەوە ئەو زیادەیەیە، کە بە دوای تێربوونەوەیە، بە دوای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، کە دەکەوێتە بوونەوە، مرۆڤ لەرووی بایۆلۆجییەوە دەمرێت، بەڵام وەك بابەت، ئەو پاشماوەیە، ئەو بۆشاییە، ئەو زیادەیە هەر دەمێنێ و ئەوجارە دەشێ ئەویدیکە پڕی بکاتەوەو چێژی لێوەربگرێ.

## گۆڤاری سەراب

## سەراب

**ناتوانین هەرگیز لە زمانێك زێتر بە كار بهێنین.**

**"دریدا"**

**ناتوانین هەر تەنها زمانێك بە كار بهێنین.**

**"عەبد ئەلكەبیر ئەلخەتیبی"**

ئێمە كۆمەڵێك هاوڕێی نوسەر، لە دوای ئەوەی لە رووی بلاّوكردنەوەی بەرهەمەكانمان دووچاری جۆرێك لە نائومێدی بووین، دوای ئەوەی پانتایی میدیای كوردی جگە لە هیچ نەگوتن‌و بێنرخكردن، فریای گوتن‌و جیاوازی نەدەكەوت، جگە لە رووكارخوازی‌و دروشمبازاڕی ئازادی‌و ئەویدیكە شكاندن‌و پیاهەڵدانی بێ بنەما، كاری بە بیركردنەوەی جیدی‌و راڤەكردن‌و رەخنەوە نەبوو... ئیتر من‌و دانا سەعید سۆفی و ئازاد سوبحی بیرمان لە دەركردنی گۆڤارێكی ئەدەبی كردەوە، لە چەند بەیەكگەیشتنێكی سێ قۆڵیدا بیرۆكەی گۆڤاری (سەراب)مان هێنایە ئاراوە، دواتریش بە پێشنیاركردنی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە لایەن ئازادەوە، سەراب بووە جێگای بیركردنەوەو پرۆژەی ئەدەبیمان.

وشەی "سەراب" لە رووی تێگەیشتنی ئێمە بۆ بارودۆخی سیاسی‌و كۆمەڵایەتی‌و ئابوری كوردی گونجاو دەهاتەوە، لە رووی شیعرییشەوە سەراب

شیعرییەتی زۆری هەڵگرتووە، لە رووی وێنەی نوسینەوە جوانی تایبەت بە خۆی دەنوێنێ... من لایەنگری وێنەی جوانی بووم‌و دانا سەعید سۆفی شیعرییەت‌و ئازاد سوبحی بەدواداچوونی پێچاوپێچی سەراب! ئەو ناونیشانە لە دووەمین دانیشتنمان لە گازینۆی (ئوم کلسوم)ی شەقامی باتا- هەولێر، دانا سەعید سۆفی هێنایە پێشەوەو من‌و سوبحی دوای بیرلێکردنەوەو دوای چەند رۆژێك قسە لەسەر کردن لە رووی مانا و زاراوەو وێنەی نوسینەوە هەر یەك وەك پاڵەوانی رۆمانی "دمیان"ی -هەرمان هیسە- نیشانەو راڤەیەکمان بۆ خۆمان لە وشەی سەراب دۆزییەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر زۆر شت لە بارەی مەعریفەو زمان‌و نوسینەوە لەگەڵ یەکتر دەهاتینەوە، بۆیە کەمجار دەکەوتینە بەدحاڵیبوونەوە، هەندێك لەو بەدحاڵیبوونانەش بەرەو راڤەکردنێکی دیکە و رەهەندێکی دیکەی ماناو بیرکردنەوەی دەکردینەوە. لە سێیەم دانیشتن بە بەشداری نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ئەو پرۆژەیە تەواو گەلاڵە بوو، لە سێیەم دانیشتن قسەمان لە میکانیزمی کارکردن و دەستەی نوسەران و تەمویلکردن کرد... ئێمە یەکترمان خوێندبۆوەو توانای یەکترمان هەڵسەنگاندبوو و شانازیمان بەو نوسینانە دەکرد، کە دەکەوتنە دەرەوەی مەعریفە و بیرکردنەوەی چوارچێوەدارو زمانی باوو سنوردارەوە، بۆیە بیرمان لەوە نەدەکردەوە وەك گۆڤارەکانی دیکەی کوردی پلەکانی سەرنوسەرو سکرتێری نوسین‌و بەڕێوەبەری نوسین بە سەر یەکەوە دابنێین، بەلاّم بۆ ئەوەی مۆڵەت لە وەزارەتی رۆشنبیریی وەربگرین، دەبایە یەکێك لەو ناونیشانانەمان هەبایە، هەر یەك لە دانا و ئازاد منیان وەك سکرتێری نوسین هەڵبژارد، بەلاّم من ئەو کارەم وەك ئەرکێکی قورس دەهاتە بەر چاو، بۆیە قبوڵم نەکرد و لەگەڵ ئەوەدا بووم ناوی هەموومان وەك دەستەی نوسەران لەسەر گۆڤارەکە بنوسرێت، دواجاریش لەبەر ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیریی رازی نەبوون مۆڵەتمان پێبدەن، ئیتر بەبێ مۆڵەت، گۆڤاری سەراب لە هەولێر بە هاوکاری ماددی خاوەنی ئیمتیاز (نەهرۆ سەعید سۆفی) دەرچوو، من‌و داناو ئازاد

نەوزادو دلاوەر ناومان وەك دەستەی نوسەران کەوتە ناو یەکەم ژمــارەی گۆڤــاری سەرابەوە.

ژیان ئەزموونە، ئەزموون لە پەیوەندیدا دروست دەبێت، ژیان پەیوەندیکردنە بە هەموو شتێك و هەموو کەسێك، مرۆڤ بێ پەیوەندی بوونی نییە، بــۆ ئــەوەی مرۆڤ لە خۆی بگات، دەبێ لە پەیوەندی بگات، پەیوەندی ئەو ئاوێنەیە کە مرۆڤ خۆی تێدا دەبینێتەوە... کەواتە گرفتی مرۆڤ لە هوشیارییدایە، ئایا مــرۆڤ چــۆن رووبەڕووی شتەکان دەبێتەوە؟ چۆن پەیوەندی دادەمەزرێنێ، چۆن لەگەڵ ئارەزو و وێنەو خەیاڵەکان دێتەوە؟ چۆن ئاگای لە پەیوەندییەکان دەبێت؟ ئــەوە ژیانــە... ژیان ئەزموونە، ژیان بێ پەیوەندی بوونی نییە، مــرۆڤ ئــارەزووە... مرۆڤــی بــە توانا، مرۆڤی نیگەرانە، نیگەرانە سەبارەت بە چــێژو دوورکەوتنــەوە لــە ئــازار، مرۆڤی بە توانا مرۆڤی هوشیارە، یەکێك لە بنەماکانی هوشیاری وەك (کریشــنا مــۆرتی) دەڵێــت حــوکم نەدانــە! حوکمــدان هەمیشــە لــە فــامکردن دوورمــان دەخاتەوە، هوشیاری پەیوەندی بە راست و هەڵەوە نییە، بەڵکو ئاگاداربوونە لــە هەستی نێگــەتیفی خۆمــان، ئاگاداربوونــە لــە خــود، لــە ئارەزووەکانمــان، بــێ هەڵبژاردن و بێ راستی و هەڵە... ئارەزووی مرۆڤ ســنوری دیــار نییــە، ئــەوەی گرنگە هوشیاری بێ هەڵبژاردنە، چونکە هەڵبژاردن دەبێتە هۆی ناکۆکی! کاتێك مرۆڤ دەڵێ چیبکەم چینەکەم، ئەوە دووچاری شێواوی بووە، ئەگەر مرۆڤ تووشــی شێواوی نەبێت، ئەوە هەڵبژاردن بوونی نییــە، ئەگــەر مــرۆڤ دووچــاری هەســتی پەرێشانی نەبێت، کە چیبکاتو چینەکات، ئەوە هەڵبــژاردن بــوونی نییــە، ئــەو قسەیە دژی سارتەرو چەمکی هەڵبژاردن نییە، لە هەر کوێ نموونەیەك، وێنەیەك هەبێت هەڵبژاردن هەیە، بۆ ئەوەی خۆت بیت، پێویستە وێنەو نموونەکانی پێشتر نەکەیتە ئاوێنەنما، بۆ ئەوەی خۆت بیت، دەبێ بە کردەی کەشــفکردن هەڵســیت، پێویستە هەنگاو بەرەو نادیار بهاوێژیت، دەبێ خۆت بدۆزیتەوە! بۆ ئەوەی خــۆت

بيت، دەبێ تێگەیشتنت بۆ دنیاو شتەکان هەبێت، ئەو قسەیە لەگەڵ ویستی سارتەر دێتەوە، ئەو قسەیە گەیشتننە بە جەوهەر و حوکمنەدان و خۆنەبەستنەوە بە تێڕوانینی پێشترەوە، چەمکی ئیپۆکییەتی هۆسرەلی وێنا دەکات! پێویستە لە خۆتو دەوروبەر حاڵی بیت... هەڵبژاردن هۆی ناکۆکییەو هیچ کاتێك لە ناکۆکیدا فامکردن بوونی نییە، هیچ کاتێك لە ناکۆکیدا حاڵیبوون لەوەی هەیە بوونی نییە... مرۆڤی سادە ئەوەیە کە هەیە، بێ ئەوەی حوکم بدات، مرۆڤی سادە بەرەو خۆی دەڕوات، خۆی بە تێڕوانینی پێشتر نابەستێتەوە، مرۆڤی سادە مرۆڤی داهێنەرە، پرسیار لە تاریکی دەکات، لە هیچ دنیایەکەوە نەهاتووە، مرۆڤی سادە لە هیچ دنیایەکەوە رەوانە نەکراوە، ئەوەیە کە هەیە! گرفتی مرۆڤ بە گشتی ئەوەیە کە ناتوانێ بێ نیاز بێت، بە گشتی گرفتی مرۆڤ ئەوەیە کە ناتوانێ بێ مەبەست بجولێتەوە، هەنگاو بەرەو نادیار ناوێت، پرسیار لە تاریکی ناکات... مرۆڤ هەمیشە بە دوای گرفتەوەیە، هەمیشە دەیەوێت بە مەبەستێکەوە پەیوەست بێت، هەمیشە وێنەو نموونەو ئامانجی دیاریکراوی هەیە، هەمیشە دەیەوێت ئەوە بێت کە کۆمەڵ داوای دەکات، هەمیشە دەیەوێت بە گوێرەی ئازارو چێژ رووبەڕووی گرفت بێتەوە... گرفت هەمیشە تازەیە، بەڵام ئەو جیهانەی کە هەیە، چیدی ئەو جیهانە نییە کە هەبووە، زەمەن بەرەو پێشەوەیە، کەچی وەڵامی مرۆڤ هەمیشە کۆنە، مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ گرفت وەك وێنەو نموونەیەکی بەسەرچوو دەجولێتەوە! راستی لای مرۆڤ دیاریکراو و ناسراوە، مرۆڤ پێیوایە راستی لە رێگای لێکدانەوەی زەینەوە دیاری دەکرێت؟! بەڵام راستی شتێك نییە، کە لە رێگای فیکرەوە دیاری بکرێت، لە رێگای عەقڵەوە بناسرێتەوە، چونکە عەقڵ بەرهەمی ناسراوەکانە، بەرهەمی یادەوەرییە، عەقڵ بەرهەمی پێداچوونەوەو تەتەڵەکردنو رێکخستنەوەی رابردووە، عەقڵ تەنها رووییەکی دیاری راستی ناس دەکات، عەقڵ و بیرکردنەوە راستی کەشف ناکەن، کەشفکردن هەنگاونانە بەرەو نادیاری، بەرەو نەناسراوی،

بەرەو تاریکی... مرۆڤ دەبێ بوێر بێت، مرۆڤ دەبێ داهێنەر بێت، مرۆڤی سادە، جەوهەری مرۆڤی داهێنەر، لە یەککاتدا بەسەرداچوونەوەی رابردوو و دەستپێکێکە بۆ سەرەتاییەکی نوێ.

لە دەستپێکی کۆبوونەکانی گۆڤاری سەراب جەخت لەسەر پەیوەندییەکی پتەوی سەرابو رەخنەو سەرابو چییەتیو سەرابو ئارەزوو و سەرابو تێپەراندنی سنورەکان، سەراب و خوێنەران... دەکرایەوە، بۆ ئەوەش هەمیشە دەمانویست چاوێکی دیکەی جیاواز بین، بیرکردنەوەو خەیاڵو فەزایەکی جیاواز بین لەوەی لە نێو میدیای حیزبی پیادە دەکرێ... من هەمیشە جەختم لە بەردەوامیو چییەتیو جیدییەت دەکردەوەو حەزم لە کاری نیوەچڵو رەخنەی نیوەچڵ، نوسینی نیوەچڵ نەبوو، بیرم لە گەیشتن و سەراب لە یەککاتدا دەکردەوە! یەکێك لەو مەسەلانەی کە زۆرترین قسەی لە گۆڤاری سەراب بە گوتن و نەگوتنەوە لەسەر دەکرا زمانو رەهەندەکانی زمانو خوێنەرو ئاستی خوێندنەوە، جوانیو ئاستەکانی جوانی بوو، دەقو ئەنتی دەق بوو، جگە لە بیروڕای جیاوازو تێزو مەعریفەی سەردەم، قسەیەك کە هەمیشە سەرابی بەڕێوە دەبرد شیعرییەتو فەزاکانی شیعرییەت بوو، بە قسەی هایدگەر هیچ شتێك لە دەرەوەی شیعر بوونی نییە، هیچ دەقێك بە بێ خوێندنەوەو گەنگەشەی زۆر لە سەرابدا بلاۆ نەدەکرایەوە... رۆژێك لە رۆژان خاوەنی ئیمتیاز خۆی نەخستە نێو کارەکانمانەوە، ئێمەی سەرابی خوێندنەوەو بوونێکی شیعریی کۆی دەکردینەوە! دوای دەرچوونی یەکەم ژمارەو دانیشتنمان بۆ خۆئامادەکردن بۆ ژمارەی داهاتوو، قسەمان لە توانای دیکەو هێزی ماددی دیکە دەکردەوە بۆ ئەوەی سەراب دەوڵەمەند بکەین، نوسەرانی دیکە، رەهەندە جیاوازەکانی ئەدەبو مەعریفە... زمانزانی محسین ئەحمەد عومەر، رەوانی زمانی ئازاد بەرزنجیو بەدواداچوونە رەخنەییەکانی عەتا قەرەداغیو بیرکردنەوە مۆدێرنەکانی ئازاد

حەمە تواناو بەهرەو شارەزای دیاری پانتایی ئەدەبی کوردی بوون، گۆڤاری سەراب بە هاتنەناوەوەی ئەوان زۆرتر گەشایەوەو جوانترو جیاوازتر خۆی لە (ژمارە دوو)ەوە بۆ خوێنەرانی نمایان کرد... لە کاتی پەیوەندیکردنو پێشنیارکردن دەستەی نوسەرانی سەرابو بە رازیبوونی هەر یەك لەو توانایانەی دەرەوەی سەراب، توانیمان بازنەی سەراب بەرفرەوانتر و سنوری سەراب کراوەترو ئاستی زمانی سەراب جیاوازتر بونیاد بنێین، هەر یەك لەو توانایانە بە دڵێکی کراوەو لێبوردەیی لە رادەبەدەرو جیدییەتەوە بەشداری خۆیان پێشانداو بە حەزەوە بەرەو سەراب هاتنو کاتی تایبەتییان بۆ کارکردن لە پرۆژەی ئەدەبیو فیکری سەراب تەرخان کرد... گۆڤاری سەراب لە ژمارە یەکەوە توانی پەیوەندییەکی ئەدەبیو فرە رەهەندو کراوە لەگەڵ خوێنەرانی دروست بکات، پرۆژەی سەراب بە تێزو مەعریفەو شیعرییەتەوە دەرگاکانی خۆی بۆ قەڵەمە جیدییەکانی پانتایی ئەدەبو رەخنەی ئەدەبی کوردی کردەوە، نوسەرانی خوازیاری جیهانی پرسیارو مەعریفەو هێمنی بوون، نوسەرانی بە رۆحی لەخۆبردوویو میهرەبانی کاریان دەکرد، بێ ئەوەی هەستی دەسەڵات داگیریان بکات، نوسەرانی سەراب هیچ ئاڵاو ئاراستەیەك لە نوسینەکانیان دیار نەبوو، سەراب سەرابی دەچووەوە...

کاتێك مرۆڤ دەیەوێ خۆی هاوشێوەو یەکسانی شتێکی لەخۆی باڵاترو گەورەتر بکات، مرۆڤ کە خۆی هاوشێوەی نموونەکانی حیزب، وڵات، رەگەز، مەزهەب، خودا... کرد، ئەو مرۆڤە لە دەروونی خۆی بەتاڵو لاوازە، بۆیە دەیەوێت خۆی لەگەڵ نموونەو شتی باڵاو گەورەدا یەکسانو هاوشێوە بکات، ئەو هاوشێوەبوونو یەکسان بوونە لەگەڵ شتی باڵاو گەورەتر (کریشنا مۆرتی) ناوی ئارەزووکردنی دەسەڵاتی لێناوە... ئەو قسەیە تاکی پەرگیرو تەریکخوازو نیشتمانپەرورەرو ناسیونالیش دەگرێتەوە، چونکە دیوارێك لە هەمبەر وڵاتانی دیکەدا دروست دەکەن، دیوارێك لە نێوان خۆیانو ئەویدیکەی بێگانە

پێکدەهێنن، رۆحی دوورەپەرێزی دەنەخشێنن، هیچ تاکێك ناتوانێت لە دوورەپەرێزی بژی، ئەو مرۆڤەی دیوارێك بە دەوری خۆیدا دەکێشێت، ئەوەندە لەگەڵ وڵاتەکەیدا هاوشێوەو یەکسان بووە، پەیوەندی و تێکەڵبوون لەگەڵ ئەویدیکە رەتدەکاتەوە، کاتێ لە هەمبەر شتێکدا خۆراگری دەکەیت، ئەو خۆڕاگرییە نیشانی دەدات، کە لەگەڵ شتێکی دیکەدا لە دژایەتیدایت، ئەو شتەش ئەویدیکەیە، کەواتە تەریکخوازی ئەنجامی گەڕان نییە بە دوای پەیوەندیدا، ئەنجامی گەڕانە بە دوای دەسەڵاتدا، تەریکخواز ناتوانێت ئاشتی بهێنێتە دنیاوە، ئەوە تێکەڵبوونو پەیوەندییە پەرە بە ئاشتی دەدات، مرۆڤی تەریکخواز، پەرگیر، ناسیونالیست، نیشتمانپەروەر... کە قسە لە برایەتی دەکات، درۆ دەکات، مرۆڤی تەریکخواز لە نێودژییدا دەژی، مرۆڤی تەریکخواز بە شێوازی جۆراوجۆر بە دوای دەسەڵاتدایە، ئامانجی ئەو دەسەڵاتە، تەریکخواز، پەرگیر، ناسیونالیست، نیشتمانپەروەر... لەو خۆ جیاکردنەوەیەدا ئارەزووی دەسەڵات دەکات... مرۆڤی سۆزدارو میهرەبان هەستی دەسەڵاتی نییە، چونکە سۆزو میهرەبانی لە خۆشەویستیو ژیاندۆستییەوە سەرچاوە دەگرێ... سەراب سەرابی دەچووەوە!

لە ژمارە دووی سەرابدا توانیمان بە ستافێکی شایستەو جیدی پانتایی ئەدەبی کوردی رۆناك بکەینەوەو رێگای خۆشمان باشتر ببینین، ژمارە دووی سەراب، خۆشەویستیو پەیوەندیو هەوڵدانی ئێمەی بۆ ناسینی دنیا ئاوەڵاتر کردەوە...

ژمارە سێی گۆڤاری سەراب کەوتە زستانی ساڵی 1996 لەبەر ئەوەی لەسەر سەراب نوسرابوو، گۆڤارێکی رۆشنبیریی وەرزیی، بیرمان لەوە کردەوە لەگەڵ تەواوبوونی ساڵ چوار ژمارە دەربکەین، بۆیە بە تێکڕا بڕیارماندا ژمارە سێو چوار بەیەکەوە بێت، ژمارە سێو چوار بەیەکەوە و بە دۆسییەیەك لە بارەی

رەخنەگری فرەنسی (رۆلان بارت) کەوتە بازارەوە، دۆسییەی بارت خولیاو حەزێکی زۆری منی تێدا بوو، بۆیە پێشەکی دۆسییەکە بە ناوی سەرابەوە من نوسیم، تەواوی ستافەکەش لەو دۆسییەیەدا بەشدارییان هەبوو.

لێرەدا هەموو ئەو قسانەی بلاّوی دەکەمەوە، بەو مانایە نییە کە وەك رەمز بکەوێتە هەولّی بە دەستهێنانی دەسەلاّتەوە مەبەست لە (رەمزی دەسەلاّتی رابردوو)ە، هەرگیز بەو ئاقارەدا نارۆم کە رابردوو بخەمە پێش زەمەنەکانەوە، چونکە دەزانم هەموو ئامادەییەکی رەمزیانە خۆی لە سەرووی واقیع دادەنێتو هێزو توندوتیژی نەبێت، مەعریفەو گفتوگۆو بیروڕای جیاوازو دنیابینی جیاواز ناناسێت! کۆی ئەو قسەکردنانەی من (قسەکردن نییە لەبری دەستەی نوسەرانی گۆڤاری سەراب) بەلّکو وەك تاکێك لەو دەستەیە قسەی خۆم دەکەم... قسەکردن لە بری هەمووان شێوازێکی نادروستانەی دەسەلاّتی تەقلیدیو دەسەلاّتی سیاسی شکستخواردووی کوردییەو بەرەو پانتاییەکانی دیکەی کلتوورو ژیان دزەی کردووە! من هەرگیز خودێك نیمە کە سیستم بە خواستی خۆی لە قالبی بداتەوە، بەلّکو لەسەر خۆناسیو خەیالّو بیّ سنوری خوێندنەوەو بیّ ژیانی خۆم دەرۆم، دنیای من دنیای بەیەکەوە هەلّکردنو هاوژیانیو کتێبو شیعرییەتو چێژی خوێندنەوەیە، دنیای کتێبە جیاوازەکانو هەستو نەستە جیاوازەکانو مرۆڤە جیاوازەکانە، نە بڕوام بە سێنتەر هەیە، نە پەراوێز، نە لە رێگای شتە مەزنەکانەوە راست دەبمەوە، نە بە هۆی شتە بچووکەکان سۆزی ئەویدیکە بۆخۆم رادەکێشم، دنیای من دەشیّ لە دەمارگیری بەتالّ نەبێت، بەلاّم هەمیشە هەولّدەدەم بە دوای خۆناسینو پەیوەندیو کتێبەوە بم، هەولّدەدەم لەسەر بەرهەمهێنانەوەی چێژی بەردەوامی خوێندنەوە کار بکەم، هەولّدەدەم لەسەر بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ئازادیی هەناسە بدەم، ئەوەش جوانترینو بە چێژترین خوێندنەوەی دەمارگیرییە، کە خۆمی تێدا دەناسمەوە.

ماوەیەکی زۆرمان بۆ ژمارە پێنجی گۆڤاری سەراب تەرخان کرد، لە مـاوەی کارکردنمان لە گۆڤاری سەرابدا ساڵی 1995 منو ئازاد سـوبحیو دانـا سـەعید سۆفی سێ کۆمەڵە شـیعرمان بـە چـاپ گەیانـد، سـەرابی ماسـکەکانی دانـاو باخچەکانی باوکمی ئازادو سێبەری ئاو، ئەوە یەکەم کاری بلاْوکراوەی ئێمە بوو، وەك چۆن بەر لەوەی ژمارە پێنجی گۆڤاری سەراب دەربکەین، چـەند کۆڕێکمـان گێـرا، لەوانـە کۆڕێکمـان بـۆ ئەحمـەدی مـەلا بـە ناونیشـانی هێمـاو بـزوتنو مۆتیڤاسیۆن لە کۆلیژی ئاداب ساز کرد، هەمان بابەتی کۆڕەکە لە ژمارەی پێنج بلاْوبۆوە، ژمارەی پێنج ژمارەیەکی تا ئەندازەیەکی زۆر جۆراو جۆر و کراوە بوو، دۆسییەی ژمارە کە ئیتر لە سـەرابدا پـەیڕەو دەکـرا، دۆسـییەی دەق بـوو، کـە لەلایەن ستافی نوسینەوە شاعیرانی ئەو دۆسیەیە راسپێردرابوون، ژمارە پێنجـی سەراب ژمارەی پەیوەندیو خۆناسینو ئەویدیکە ناسین بوو، پێشنیاری ئەحمـەدی مەلا لە لایەن محسین ئەحمەد عومەرو پێشـنیاری هەنـدرێن لەلایـەن منـەوە بـۆ کارکردن لە سەراب قسەی لێکراو پەسەند کرا، بەر لەوەی ژمارە پێنجی گۆڤاری سەراب بکەوێتە بازاڕەوە لە ولاْتی سوید لە رێگای هەندرێنـەوە رێکـەوتنێکمان لەگەڵ چاپخانەی هەرزان کرد، کـە سـالاْنە چـوار ژمارەمـان بـۆ چـاپ و بـلاْو بکاتەوەو بڕە پارەیەکیش بە ستافی گۆڤار بـدات، هـەر هـەمووومان دڵمـان بـەو رێککەوتنە خۆش بوو، ئەرکی پارە کۆکردنەوە و کات بـە فـیڕۆدانو کارکردنمـان وەك کرێکاری چاپو پەیداکردنی کاغـەزو رێکخسـتنو تێللێـدانو بلاْوکردنـەوەو گەلێك ئەرکی لابەلای دیکەمان لـە کـۆڵ بـۆوە، نامـەی رەزایـەتی چـاپخانەی هەرزان لە ولاْتی سویدو رەزامەنـدی بەشـی فەرهـەنگی لـە ولاْتـی سـوید ئـەو دەستو ئەو دەستی دەکرد، ئـیتر پێمـانوابوو دەتـوانین لـە قۆنـاغی داهـاتوودا هەنگاوی مەزنترو بە پێزترو بێباکانەتر بهاوێژین، پێمانوابوو دەتوانین زێـتر کـات بدەینە پرۆژەکانمان، خەون و خەیاڵ و چالاکیمان زێتر بکەین... بەلاْم هەموو ئەو

ئاواتانەمان لە 31ی ئابی 1996 کەوتە زبڵدانی مێژووەوە، ئـەوەی لـە 31ی ئابی بۆ هەندێك لە ستافی کار گرنگ بوو ژیان بـوو، بـۆ هەنـدێك لـە سـتافی سەراب راوەدوونانو هەندێکیش خۆشاردنەوە، مـن هـەر خـۆم بـووم، سـەرابیش گەیشتەوە خۆی.

هەولێر 2015/11/5

## نوسەر لە چەند دێرێکدا




**عەبدولموتەلیب عەبـدوڵڵا نوسـەر و وەرگێـر لـە گـەڕەکی (جمهـوری) شـاری هەولێر لە 1962/11/5 لە دایکبووە، هەتا ئێسـتا نزیکـەی (30) سـی کتـێبی چاپ و بلاّو کردۆتەوە، جگە لە نوسینی ژمارەیەکی زۆر لە وتـارو لێکۆڵینـەوەی ئەدەبی و تیۆری و وەرگێڕان و شیعر... چەندین خـەلاّتی لـە بـواری شـیعر و رەخنەی ئەدەبی وەرگرتووە.**

**لە بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر**

**- سێبەری ئاو- کۆمەڵە شیعر، هەولێر/ 1995.**

**- بازەمەنێک لە تەماشاکردنی ئاو بەرۆژووبین - قەسیدە، هەولێر/1996.**

- ئاگایی زمان زمانی ئاگایی- لێکۆڵینەوە- لە بلاَوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/1999.

- تەنیا مەرگ – سێ دەقی شانۆیی وەرگێردراو لە عەرەبییەوە- لە بلاَوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ/1999.

- تەنیا ئاو تەنیا باران- کۆمەڵە شیعر، لە عەرەبییەوە- لە بلاَوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ/2001.

- پەیبردن بە ژیان, پەیبردن بەشیعر بوون- لێکۆڵینەوە- لە بلاَوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2001.

- شیعریەتی دەق-ئەدۆنیس- وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لە بلاَوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی/2002

- مرۆڤ لە روانگەی فرۆید- وەرگێرانی لەعەرەبییەوە- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2002.

- خەیاڵی زمان – لێکۆڵینەوە، لە بلاَوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2004.

- شوێنکاتی یەکەم لە دووەم و ئێستای سەرگوڕە، لێکۆڵینەوە- لە بلاَوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2004.

- ئەدۆنیس- دوو گفتوگۆی فیکریو ئەدەبییە- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بلاَوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2005.

- خوێندنەوەی پەراوێز, پەراوێزی خوێندنەوە - نومایشکردنی فیکری سەردەم لە چەند پەراوێزێ – لێکۆڵینەوە - لە بلاَوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاَوکردنەوە، سلێمانی، 2005.

- دریدا-رەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بلاَوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2005.

- نوسین خۆکوژییەکی تـەواو نـەکراو، کۆمـەڵێک وتـارو گفتوگـۆی ئـەدەبیو فیکرییە- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینـەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2006

- ئەدۆنیس.. ئەفسوونکاری وشەکان، کۆمەڵێک گفتوگۆی ئـەدەبیو فیکرییـە - وەرگێڕانـی لـە عەرەبییـەوە، لـە بڵاوکراوەکـانی دەزگـای وەرگێـڕان، هەولێر/2008.

- زمان/ گێڕانەوە، کـۆدی دافنشـی، لێکۆڵینـەوە، کتێبـی گیرفـان ژمـارە 41، وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان، بەڕێوەبرایەتی چاپ و بڵاوکردنـەوەی هـەولێر، چاپخانەی رۆشنبیریی،2010. هەولێر.

- شەڕی زمان، لەپێناو تەئویلکردنی دەق، لێکۆڵینەوە، بەڕێوەبەرایەتی چـاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2010.

- میوانی ئاو، کۆمەڵە شیعر، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریـو ئەدەبی نما، هەولێر، 2010.

- زمان/ بوون/ شیعر، لێکۆڵینـەوە (خوێندنەوەیـەک بـۆ ئـەزموون و تایبەتمەنـدی شیعری هاشم سـەراج) دەزگـای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، هـەولێر 2010.

- پرسـی جەسـتە، لێکۆڵینـەوە. بەڕێوەبەرایـەتی چـاپ و بڵاوکردنـەوە، سلێمانی،2012.

- کەشـتی مـەرگ، پێشـەکی و گفتوگـۆ، سـازدانی: محەمـەد عوزێمـە، ئەنتۆلۆژیای شیعری ژاپۆنی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، وەزارەتی رۆشـنبیری، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان-سلێمانی، چاپخانەی روون، 2012.

- خوێندنەوەی پەراوێز، پەراوێزی خوێندنەوە- نمایشکردنی فیکری سـەردەم لـە چـەند پـەراوێزێ-لێکۆڵینـەوە- چـاپی دووەم، لـە بڵاوکراوەکـانی یـەکێتی نوسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی 2012.

**- ئـەدۆنیس.. ئەفسـوونکاری وشـەکان، چـاپی دووەم. لـە بڵاوکراوەکـانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر/2012.**

**- داهێنان سەر بـە کەشـفکردن و خـەون و دنیابینییـە، کۆمـەڵێك گفتوگـۆی فیکری و ئەدەبی لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، لە بڵاوکراوەکانی یـەکێتیی نوسەرانی کورد – لقی هەولێر، ژمارە (21)ساڵی 2012.**

**- شیعریەتی عەرەبی-ئەدۆنیس- وەرگێران و پـەراوێز بـۆ دانـان، وەزارەتـی رۆشنبیریی، بەڕێوەبەرایەتی خانـەی وەرگێـڕان-سـلێمانی، چـاپخانەی شـڤان، 2013.**

- زائـر المـاء، مجموعـة الشـعرية، ترجمـة مـن الكرديـة الـى العربيـة المهندس محمد رسول حسين، مـن منشورات تموز للطباعة والنشر والتوزيع- ديمشق- ط1 2014.

**- لەبەر با لەبەر بـاران، کۆمەڵـە شـیعر، بەڕێوەبەرایـەتی چـالاکی وێـژەیی - هەولێر، چ1، 2014.**

**- جەوهـەری زمـان و فەلسـەفەی تـەئویل، لێکۆڵینـەوە، نوسـینی: د.سـەعید تۆفیـق، وەرگێڕانـی لـە عەرەبییـەوە. چـاپخانەی دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم- سلێمانی 2017**

**- جوانیەکانی وەرگر، لە ئەدەبی نوێی کوردیدا, لێکۆڵینـەوە ئـەدەبی. چـاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی 2017.**

**ئەو بەرهەمانەی ئامادەی چاپکردنن:**

**1- قەسیدەی وێنەیی، شیعری خەزعەل ئەلماجدی، وەرگێڕان.**

**2- خولیای مانا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.**

**3- خولیای زمان، فەلسەفەی شیکاری، لێکۆڵینەوە.**

**4 – خولیای گێڕانەوە، لێکۆڵینەوە ئەدەبی.**

**5- با زەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بە رۆژو و بین، قەسیدەیەکی درێژ.**

6- شیعری نوێی کوردی، لێکۆڵینەوە و شیکار، لێکۆڵینەوە ئەدەبی.
7- ناسنامە، تواناکانی بوونی مرۆڤ، لێکۆڵینەوە.
8- بنەما فیکرییەکانی شیعری کلاسیزمی کوردی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

**خەڵاتەکان:**

- خەڵاتی یەکەمی شیعریی لە پێشبڕکێی پێنجەمین فیستفاڵی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ بۆ ساڵی 2001.
-خەڵاتی یەکەمی شیعریی لە پێشبڕکێی شەشەمی فیستفاڵی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ بۆ ساڵی 2002.
-خەڵاتی رێزلێنان یەکێتی نوسەرانی کورد/ لقی هەولێر لە 2009/2/10.
-خەڵاتی رێزلێنانی کتێب، وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان، بەرێوەبرایەتی چالاکی وێژەیی 2012/12/30.
- خەڵاتی ناوەندی رۆشنبیریی ئەندێشە بۆ رەخنەی ئەدەبی لە 2013/10/3.
- خەڵاتی پێشانگای نێودەوڵەتی فرانکفۆرت بۆ ساڵی 2017.